# نووسین و ئەزموون

# نووسین و ئەزموون

## نۆ گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەکانی ئەدەب و رۆشنبیری

**کۆمەڵێک نووسەر**

**وەرگێرانی لە فارسییەوە**

**حەمە عەباس**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١١



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **نووسین و ئەزموون** (نۆ گتوگۆ سەبارەت بەکێشەکانی ئەدەب و رۆشنبیری)
- **نووسینی:** کۆمەڵێک نووسەر
- **وەرگێڕانی:** حەمە عەباس
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ:** هۆگر سەدیق
- **ژمارەی سپاردن:** (٤٦٢) لە ساڵی ٢٠١١
- **نرخ:** (١٥٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١١
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **چاپخانە:** **چاپخانەی رۆژهەڵات** (هەولێر)


**زنجیرەی کتێب (٥٧٠)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

هێنری میللەر/ مادام جەنگ لە جیهاندا هەیە، نابینە خاوەنی جەوهەری بەمرۆڤبوون ........ ٧
هونەری خیانەت... گفتوگۆیەك لەگەل حەنیف قوەریشی ........ ١٩
گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی شێت، لەژێر ئاهەنگی دلڕفێنی باراندا ........ ٢٧
شەمس لەنگەرودی/ کولتووری باوی ئێمە بە گۆچان دەڕوات و توانای خولقاندنی شاکارێکی جیهانیی نییە ........ ٦١
یەشار کەمال/ باشترین زەمینە بۆ خولقاندن، ئامادەییە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا ........ ٧٣
سپۆژمیێ زەریاب دەکرێ جێگای هەموو شتێك پڕبکرێتەوە، بەلاّم جێگای نیشتمان مەحالّە ........ ٧٩
فرانسوا ساگان/ رۆژگارو ئارەزووەکان کتێبی نوێ دەخولقێنن ........ ٧٧
کارلۆس فۆینتس/ ئاشەکانی با بەهێزن ........ ٨٩
شینگ ژیان/ نووسەر کەسێکی ئاساییە نەك گوتاربێژ ........ ٩٣



# هێنری میللەر

**مادام جەنگ لە جیهاندا هەیە،**
**نابینە خاوەنی جەوهەری بەمرۆڤبوون**

جۆرج بلمۆنت، وەرگێڕو رۆژنامەنووس و دۆستێکی دێرینی هێنری میللەرە، لەم گفتوگۆیەدا کە لە سێپتێمبەری ١٩٦٩ بۆ رادیۆو تەلەڤزیۆنی فەرەنسا سازیداوە هەوڵدەدات ئارەزوومەندان ئاشنا بکات بە ژیان و کارو فەلسەفەو .. ی ئەم نووسەرە گەورەو نوێکارەی سەدەی بیستەم، کە تیۆریەکانی لاوانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردووی بە توندی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

هێنری میللەر لەساڵی ١٨٩١ لە خێزانێکی رەوەندو ئەڵمانی لە نیویۆرک هاتۆتە دنیاوە، زۆربەی کات کارێکی دیاریکراوی نەبووە، لە ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢٤ لە کۆمپانیای تەلەگرافی یەکێتی رۆژئاوا لە نیویۆرک کاری کردووەو لە ساڵی ١٩٢٤ بە دواوە وەک نووسەرێکی ئازاد چالاکیی نواندووە، لەساڵی ١٩٣٠ - ١٩٤٠ لە ئەوروپاو زیاتر لە هەر جێگایەکیش لە پاریس ژیانی بردۆتەسەر، لە ساڵی ١٩٤٢ گەڕایەوە بۆ ئەمریکا، تا٦/٧/ ١٩٨٠ کە مێژووی کۆچکردنیەتی هەر لەوێ ژیاوە.

* * *



* بیستوومە لەو کاتەی کە تەمەنت نزیکەی بیست ساڵان بووە، دوعای تۆ ئەوە بووە: (خودای میهرەبان، بمکەیتە نووسەرێک، بەڵام باشترین نووسەر)

* بەڵام ئەمە زێدەڕۆییە، لە نێوان ١٦ - ٢٠ ساڵیدا زۆرجار دوعام دەکرد، خودایە دەشێ بمکەیتە نووسەرێک، بەڵام نەک باشترین نووسەر، ئەمە تەنها ئارەزوویێکی لاوێتی بوو نەک شتێکی دیکە، لەڕاستیدا بەو ئومێدە بووم ئەگەر نەبمە داستایوڤسکیی دووەم (داستایوڤسکیی ئەمریکایی) لانی کەم لەو نزیک بکەومەوە،بەم پێیە لە دڵەوە زۆر چاکم دەزانی کە تەنانەت ناتوانم لەو نزیک بکەومەوە، لە دڵەوە چاکم دەزانی کە ناتوانم بگەمە قولەپێی ئەو، ئەو زۆر لەمن باڵاتر بوو، رێبەری من بوو.

* تاکە رێبەر بوو؟

* نا (کنوت هامسۆن)یش لەپاڵ ئەو بوو، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە بابەت و کەسایەتییەکانەوە هەبوو، داستایۆڤسکی قسەی یەکەمی دەکرد، بەڵام لەرووی شێواز – ئەو شێوازەی کە لەزەینی مندا بوو و بەو هیوایەبووم کە رۆژێک بێت بەسەریدا زاڵبم– هەرچەندە لەوانەیە سەیربێت کە من حەزم لە شێوازی کنوت هامسۆن بوو، تا ئەمرۆش زۆرجاران بەخۆم دەڵێم، من دەمویست، دەمتوانی، وەک هامسۆن بنووسم، ئەویش لە ریزی ئەو نووسەرانەیە کە هەمیشە دانراوەکانیان دەخوێنمەوە، بێ ئەوەی لێیان بێزار ببم، رۆمانی (رازەکان)ی ئەو رەنگە پێنج جارم خوێندبێتەوە، هەموو جارێکیش بەو دەرەنجامە دەگەم کە شاکارەو بەخۆم دەڵێم: (حەیف کە ناتوانی بەمجۆرە بنووسیت) گرنگیی کێشەکە لەوەدایە کاتێ کە رەخنەگرەکان باسیان لە شێوازی من دەکرد، هەرگیز بیریان لە کنوت هامسۆن نەکردبۆوە، لە داهاتوودا رەنگە ئەمە بۆ ئەوان رێنماییەک بێت، زۆرجار منیان بەو رۆمیە گەورەیە؟ بە پەترۆنیۆس ئاربیتری، بە پەترۆنیۆسی (ساتریکۆن) بەراورد دەکرد، بەڵێ

ڕێبەرەکانی من کە سەر بە ڕێچکەی ئەوان بووم، یەکەمیان پەترۆنیۆس بوو، دواتریش بێگومان (ڕابلێ) بەڵام بۆنموونە هەرگیز بەلزاک نەبووە.

* هیچ کات؟

* نەخێر بەلزاک بێزارم دەکات، من حوکمی سەرتاپاگیر دەربارەی بەلزاک نادەم، نازانم. دەشێ گەلێک . ڕۆماننووسە، بە بۆچوونی من زۆر (سادەنووس)ە، کاتێک دانراوی نووسەرێک ئەوەندە قەبارەدار بێت، هەمیشە لێی بەدگومانم. ناتوانم بە دڵنیاییەوە باوەڕ بە نووسەرێک بکەم کە دەتوانێ سەد کتێب بنووسێت. لەکاتی لاوی بۆیان باسکردووم کە بەلزاک سی ڕۆمانی بە ناوی خوازراو نووسیوە، هەتا سی و یەکەمین کتێب تەنانەت کتێبێکی بەناوی خۆی نەنووسیوە، وای بۆدەچم کە ئەمە ڕاست بێ لەگەڵ ئەمەشدا کەمێک بە دوور دێتە بەرچاوان، وانییە؟

* دێتەبیرم کە بەر لە دواجەنگی جیهانی، ماوەیەک بەردەوام نامەت بۆ من دەنووسی – جگە لەو شەوانەی کە پێکەوە بووین و دەربارەی کێشە جیاجیاکان قسەمان دەکرد – لەم نامانە بە پێداگرتنەوە پێتدەگوتم کە کتێبێکی بەلزاک بخوێنمەوە.

* بەڕاست! چ کتێبێک؟

* سەرافیتا.

* بەڵێ لەبیرمە، (سەرافیتا) و (لویس لامبەر)

* لویس لامبەریش، بەڵام بەر لەویان سەرافیتا، کە دواتر خوێندمەوەو سوپاسمکردی، تەنانەت ئێوە وتارێکیشتان دەربارەی سەرافیتا نووسیوە، بەم پێیە ڕێزت بۆ بەلزاک هەیە، وانییە؟

* بە دڵنیاییەوەو لە ڕاستیشدا ئەو وتارەم نووسی: (بەلزاک و هاوشێوەکەی) بۆ ئەوەی ئاشکرای بکەم کە بەلزاک خۆی بەلزاکی دۆزیوەتەوە، چونکە گفتوگۆ لەسەر ئەو خواوەندو فریشتەیە دەکات کە لە ناخی ئێمە دایەو پێموایە بەتەواوی فریشتەکەی ئاشکرا کردووە.



* بەڵام لە سەرافیتا ئەم فریشتەیە بوونی هەیە؟

* بەڵێ چونکە لەڕاستیدا سەرافیتا یەکێکە لە کارە سەرەتاییەکانی ئەوو هۆکارەکەشی هەر ئەوەیە، وێڕای ئەوەی کە بەلزاک تاکە کەسێک نییە کە حەز لە خوێندنەوەی دانراوەکانی ناکەم، زۆر بە سادەیی چەندین نووسەرو کتێب هەن. ئەها، بەڵێ بۆ نموونە (مۆبی دیک) هیچ کاتێک ئەم کتێبە ناخوێنمەوە، سێ چوار جار هەوڵمداوە، بەڵام بە ڕاشکاوی بڵێم پێم خۆش نییە، ڕۆمانێکی گەورەیە، بەڵام بۆ من هەرگیز، (ستاندال)یش بە تەواوی ئارەزوومەوە حەز دەکەم بیناسم، بەڵام وێڕای ئەم هەموو ئارەزووەم بۆی ئەمەم بۆ نەڕەخساوە، سەبارەت بە شکسپیریش بەمجۆرەیە، لە لاوێتیمدا کارەکانی ئەوم خوێندەوە، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشتم، دڵنیام ئەمە بۆشاییە، بەڵام دەترسم ئێستا بۆ پڕکردنەوەی درەنگ بووبێ، ڕاشکاوانە بڵێم شتێک کە تا ئەمڕۆش حەزم لە دۆزینەوەیەتی دانەری دانراوە ئاڵۆزو شاراوەکانە، ڕەنگە زۆرێک لە دانراوەکانیانم خوێندبێتەوە، ئەوان زۆر بە هێمنی ڕامدەکێشن، من خاڵێکی زۆر لاوازم سەبارەت بەم کارانە هەیە کە بە زانستە شاراوەکان ناونراون، ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم زانستە بە کوێم دەگەیەنێت؟ نازانم، بەڵام ئەم باسانە هەمیشە بۆ من دەبنە مایەی شەوق و زەوقێکی زۆر، دەشێ بڵێم بە ئەندازەی کارێکی سێکسی دڵخۆشکەرە، وانییە؟ . زۆر جار دەگوترێ دوو کۆمەڵە کتێب پێویستییان بە هیچ پڕوپاگەندەیەک نییە، زانستە شاراوەکان و بەرهەمە سێکسییەکان، یان دەتوانین بڵێین (ئیرۆتیک) ئەمەش بێ دوودڵی ڕاستە، ئەم دووانە شتێک دەوروژێنن کە لە ناخی ئێمەدا بوونیان هەیەو تینوویانین.

* حەز دەکەم جارێکیتر بگەڕێمەوە بۆ ڕێبەرەکانی ئێوە، داستایۆڤسکی و کنوت هامسۆن کە دەمزانی، بەڵام پێمخۆشە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەمبارەیەوە بدەی.

* لە ڕاستیدا دروست نییە تەنها گفتوگۆ لەسەر شێوازی کنوت هامسۆن بکەم، گوتنی زەحمەتە، بەڵام شتێکی ئەو کە خۆشمدەوێ (دڵنیام چونکە من خۆمیش ئەم

هەڵەیەم هەیە) ئەوەیە کە هەموو کەسایەتییە مێیینەکانی ئەو هەمیشە لە عەشقێکی ناکام دان، منیش لە ژیانی خۆمدا ئەمەم بە وردی تاقیکردۆتەوە، بەم پێیە دەمەوێ بڵێم: لەم بوارەدا هەمیشە تێکەوتووم.

* لە تێڕوانینی سەرەتاییدا وادەردەکەوێ کە ئەمە وێنەیەکی سەیری وروژاندنتان بێ، تێکەوتن لە عەشقدا؟ دڵنیام کە زۆربەی خوێنەرانی ئێوە بە کەسێکی تێکەوتووتان تێناگەن، وابیرناکەیتەوە کە بەمجۆرە نەبێ؟

* چونکە هەمیشە تەنها باس لە ئەزموونەکانی عەشقی خۆم دەکەم، بەڵام قسە لەسەر عەشقە گەورەو راستەقینەکان ناکەم، مەگەر کەمێک دەربارەی (مونا) ئەو ژنەی کە زۆر جار دەگەڕێتەوە ناو کتێبەکانم، بەڵام بۆ ژنانی دیکە نا، هەندێ کچ هەن، یان بڵێم ئەو ژنانەی کە هەرگیز لەهەر شتێکی دەینووسم باسیان ناکرێت و نامەوێ باسیان بکەم، رەنگە هەرگیز باسیشیان نەکەم، ئەمە بۆ ئێمە شتێکی وەک حەرام وایە، حەزناکەم قسە لەسەر عەشقی راستەقینە بکەم، پەیوەندییە سێکسییەکان پوختەی شتی دیکەن، سەرەڕای ئەمەش حەزدەکەم ئەوەندەی بۆم بکرێ خۆم لە رێگا چەوتەکان لابدەم، لە دیدگای خۆمەوە گفتوگۆ بکەم، بەڵێ ئەمە بەلامەوە زۆر باشترە .

* هێشتا حەزدەکەم کەمێ هەڵوەستە سەبارەت بە دوعای تۆ بکەم، کە داوات لە خوا دەکرد بتکا بە نووسەرێک . چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە کە بنووسیت؟ پرسیارێکی بێ ماناو گێلانەیە، بەڵام گرنگە.

* گوتنی ئەوەی کە چۆن بڕیارمدا زۆر زەحمەتە، دەزانی لەڕاستیدا تا ئەو کاتەی کە ئەو دوعایەم دەکرد، یەک وشەم نەنووسیبوو، تەنانەت جارێک هەوڵم نەدابوو، تەنها . جارێک دەستم بە نووسینی لاپەڕەیەک کرد، هێشتا نیوەی لاپەڕەکەشم نەنووسیبوو، سەرلەبەیانی و بەر لەوەی کە تەواوی بکەم دڕاندم و بە خۆمم گوت: (تۆ هیچ کاتێ نابیتە نووسەر)، ئەم سەروبەندە وردتر نازانم، رەنگە دە ساڵ بەر لە سەرەتای نووسەریم بووبێ، لە راستیدا بەهۆی پشتگوێخستنی جۆرێک



لە نائومێدی بووم بە نووسەر، دوای ئەوەی کە هەوڵمدابوو هەموو ئەو کارانەی کە شیاون، جگە لە نووسەری ئەنجامیان بدەم، بەڵێ هەموو کارێک. بەرلەوەی دەست بە نووسین بکەم، زیاتر لە سەد کاری جۆراوجۆرم کردبوو، دواتر بە خۆمم گوت: (تۆ بەکەلکی هیچ کارێک نایەیت، بۆچی جارێک نووسەرایەتیش تاقی ناکەیتەوە؟)

* ئەم پێناسەیەی تۆ دەیکەیت تا رادەیەک پێناسەیەکی تایبەتیی نووسەرە، کاتێ هەموو کارێکی تاقی کردەوە، ئەوکاتە بیر لەخۆی دەکاتەوە: (بەڕاست، بۆچی نەبمە نووسەر!)

* بەڵێ تا رادەیەک وایە، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبەتە بابەتەکە کەمێک قووڵترە، وا هەستدەکەم کە نووسەر بە نووسەری لەدایک دەبێ، ئەمە هەمیشە باوەڕی من بووە.

* تۆ خۆت کاتێ کە منداڵ بووی کتێبت زۆر دەخوێندەوە؟

* بەڵێ، ئەوکاتەی کە توانیم بخوێنمەوە هەمیشە کتێبم لابوو، باپیرەم وەک باوکم بەرگدروو بوو، هەمیشە ئەوم لەبەرچاوە کە سەرقاڵی بەرگدروونەو چوارمەشقی لەسەر مێزە کورتەکەی دانیشتووە، لە تەنیشتی دادەنیشتم و کتێبم دەخوێندەوە، لەوکاتەدا شەش . حەوت ساڵان بووم، دایکم هەمیشە سەرکۆنەی دەکردو دەیگوت: مەهێڵە ئەم کوڕە ئەوەندە بخوێنێتەوە، باش نیە بۆی)

* چ جۆرە کتێبێکت دەخوێندەوە؟ کتێبی منداڵان؟

* ئاساییە، دەزانی کە من بە هیچ جۆرێک بلیمەت نەبووم، بەڵام لە شازدە ساڵییەوە دەستمپێکرد تا بەهەموو دانراوەکانی نووسەرە گەورەکاندا قووڵ ببمەوە، بەڵێ تەنانەت لە دانراوەکانی بەلزاک، دێتەوە بیرم کە ئەوکاتە بە ئینگلیزی کتێبی (کەوڵی خاراو)م خوێندەوە، وەرگێڕانێک بوو کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە (کەوڵی کەرەکێوی) کاتێ ئەم کتێبەم دەخوێندەوە، باوکم گوتی: (مافی ئەوەت نییە ئەمجۆرە کتێبانە بێنیتە ماڵەوە) وایدەزانی ئەم کتێبانە سێکسین.

* چی بوو وای لێکردن کە واز لە کاری خۆتان بێنن لە کۆمپانیای تەلەگرافدا؟

* بۆ ئەوەی کە ببمە نووسەر، لەژێر پاڵەپەستۆی مونا (ژنەکەی پێشووم) ڕۆژێک چوومە دائیرەو وەک هەمیشە نزیکەی سەد کەس لەوانەی داوای کاریان دەکرد لەوێبوون، بێ ئەوەی کە پێشتر بیرم لەوە کردبێتەوە، بە سکرتێرەکەم گوت: ( تەلەفۆنێک بۆ بەڕێوەبەر بکەو پێی بڵێ کە من ئیتر بێزار بووم) کاغەزەکانی خۆم کۆکردەوەو جانتاو کڵاوەکەم هەڵگرت و چوومە دەرەوە، دێتەوەبیرم لە شەقامدا وەک مرۆڤێک کە لە سیبیریا ئازاد کرابێ، هیچ کەسم نەدەناسی، دوای ئەوە هەژاری دیسان دەستی پێکردەوە، پێمگوتی کە من و مونا چۆن هەوڵماندا لە کافیتێریای (گرین ویچ ویلیچ)و شەقامەکەی دیکە، نووسینەکانم کە بەخراپییش چاپکرابوون، بفرۆشین، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، دواتر دەستمان بە شەربەتفرۆشی کرد، دوو جەلیکانی پڕ لە شەربەتمان بۆ ئەملاو ئەولا دەبرد، کارێکی سەخت بوو، من لە دەرەوە دەمامەوەو ئەو دەچووە ژوورەوە، جاری وا هەبوو بە یەک ئەسکەناسی ٥٠ دۆلاری دەهاتەوە، خۆمانم بە بەدبەختترین کەس دەزانی، ئەو شتەی کە ڕاست نەبوو.

هەژاری کۆتایی نەدەهات و لە پاریسدا گەیشتە ئەوپەڕی، ئەمە تەنها هەژاری نەبوو، جۆرێکی زەحمەتتر بوو، ئاساییە کە زەحمەتیم دەکێشا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوێ بارودۆخێکی دیکەی هەبوو، هەمووشت شتی دیکە بوو، خەڵک بە شێوەیەکی دیکە بوون، بەڵێ تەنانەت زەحمەتییەکانیش ئاسایی بوون، سەرەڕای ئەوە جۆرە شێوازێکم لە خۆمدا هەستپێدەکرد، ماوەیەک بەر لە ئێستا نامەیەکم دەستکەوتەوە، لە زەمانێکدا لە نیویۆرکدا کە تازە دەستم بە نووسین کردبوو، بۆ نزیکترین برادەری ئەوکاتەم ناردبوو،ئەمڕۆ کە دووبارە دەیخوێنمەوە شەرم دامدەگرێ، چ گەنجینەیەکە لە وشە!، من عاشقی وشەکان بووم، وای بۆدەچووم کە بوون بە نووسەری گەورە مانای ئەوەیەکە دەبێ وشەی بە گرێ و گۆڵ و ئاوازدار بەکاربهێنیت، هەموو جارێک کە لە پشت مێزەکەی خۆم دادەنیشتم، دیوارەکانی



دەوروبەرم پڕ بوو لەو وشانەی کە دەمویست بەهەر جۆرێک بێ لە نووسینەکانم بەکاریان بێنم، لای خۆمەوە خەریکبووم و هەوڵمدەدا کە هەموویان بە تێکچڕژاوی و ئاڵۆزکاوی لە بەرهەمەکانمدا بەکاربهێنم، ئەمڕۆ کە ئەمەم دێتەوە بیر پێکەنینم بەم کارە گێلانەیە دێت، بەڵام لە پاریس گۆڕام و ئەم گۆڕانەش تەنها لە خودی من نەبوو، سەرەتا چەندین کتێبم بە زمانی فەرەنسی خوێندەوەو جۆرێک لە سادەنووسیم تیایاندا بینی کە لە کارەکانی مندا نەبوو، ڕەوشی ئەو نامانەی کە بۆ برادەرەکانم دەناردن گۆڕان و ئەمە یەکەمین نیشانەی گۆڕانی من بوو، دوای ئەوە، ئەو نامانەی کە بۆیانم دەنووسی نامەی نووسەرێک نەبوو.

وا هەستدەکەم کە هەمیشە کەمێک لە نیگارکێشی لە مندا هەبووە، پێشتر لە نیویۆرک بە بۆیەی ئاوی نیگارم کێشاوە، بەڵێ دەشێ بڵێم لە قۆناغی سێیەمدا بوومە نووسەر، بە مۆسیقاو پیانۆ دەستم پێکرد، پیانۆو ئۆرگ و چەنگم حەز لێبوو، ئەگەرچی هەرگیز چەنگم بەکار نەهێناوە، ئەمڕۆ هونەری مۆسیقا بەلامەوە باڵاترین هونەرە، دوای ئەو نیگارکێشی و دواجار نووسەری، سەبارەت بە نووسەری جارێکی دیکەش دەڵێم زۆر قەرزاری پاریسم، ئەمەش هەروا بە سادەیی نەبوو، لە پاریس گێژاوەکانم ناسی، تەنانەت کاتێ کە یەکەمین کتێبم بڵاو بۆوە، تا ماوەیەک نەمتوانی لەدەست ناڕەحەتییەکان دەربازبم، (خولگەی سەری قرژاڵ) تا ڕادەیەک شکستێک بوو، بەڵام لە داننان بە شکستەوە جارێکیتر سەرم هەڵدایەوە، من تەنها بۆ خۆم هەموو کارێکم کرد تاهەموو جیهان بزانن کە کتێبێکی باشم نووسیوە، ئەمڕۆ تۆزێک شەرم دامدەگرێ بیڵێم، بەڵام وەکو دایکێک وابووم کە منداڵێکی هێناوەتە دنیاو نایەوێ لە دەستی بدات، ململانێم کرد تا بەرگریی لێبکەم، دەزانی من لەژێر کاریگەرییەکانی (ئەستێرەی سەری کارژۆڵە) لەدایکبووم، دەربارەی ئەم کاریگەرییانە دەڵێن: بە کردەوە مرۆڤ فێری ژیان دەکەن، کاتێ کە جارێکیتر بیرلەم هەموو کێشەوگرفتانە دەکەمەوە، چ لە کاتی لاوێتیم لە نیویۆرکدا، یا دواتر لەو ساڵانەی کە لە پاریس بووم، وای بۆ دەچم کە چاوو گوێکانم بە پێی پێویست

بەسەرکردۆتەوە، زۆر بە وردی گوێم لە هەموو ئەو شتانە دەگرت کە بەمن دەگوتران و هەموو ئەو شتانەی کە دەمبینین لە راستیدا بە نیگاکانم هەڵمدەلووشین، ئەمڕۆش هەر ئەم کارە دەکەم، ئەمە بە دڵنیاییەوە جۆرێکە لە ئامادەیی بۆ بوون بە نووسەر، یا زیاتر بۆ بوون بە رۆژنامەنووس.

* کەسایەتیی چیرۆکەکانی ئێوە زۆر لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی داستایۆڤسکی دەچێت، کە لە ژیانیاندا مرۆڤی دورەپەرێزن، ئەو کەسایەتییانەی کە (ئەگەر بشێ بڵێین) خۆیان زۆر سەرنجڕاکێش نیشان دەدەن، ئایا لە ژیاندا مەیلی تایبەتیت بۆ دوورەپەرێزی هەیە؟

* بەڵێ بۆ هەژارەکان، بۆ لاتەکان، بۆ لێقەوماوەکان، بۆ هەموو کەسێکی لەمجۆرە، زیاتر لە داناو ناودارەکان، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، چونکە بەخۆم دەڵێم کە من کەسێک نیم جگە لە لێقەوماوێک، هەمیشە خۆم لەگەڵ ئەمجۆرە کەسانە بەیەک دەزانم، بەبۆچوونی خۆم بە درێژایی ژیان لەزۆربەی رووەوە لێقەوماو بوویمە، ئەمڕۆش هێشتا لەخۆم دەپرسم...

* کەمێک زێدەڕۆیی دەکەی؟

* رەنگە، رەنگە، بەڵام ئێستاش ئەم هەستەم هەیە، ناتوانم لەم بیرکردنەوەیە دەرباز بم، تێدەگەی؟

* ئەم بۆچوونە هەیە، کە لەڕاستیدا هەر هەستکردن بە بێهوودەیی ئەم جولەو جۆشە مرۆڤانەیە کە یارمەتیی ئێوەی داوە تا ببنە نووسەر.

* بێهوودەیی، بەڵێ هەڵبەتە،ئەمرۆ بۆتە وشەیەکی گەورە، هەموو کات قسە لە (شانۆی بێهوودە) و (ئەدەبی بێهوودە)و هیتر دەکرێ، بەڵام ئەم ئەدەبە لەگەڵ ئەو خوێندنەوەیەی کە من لە رابردوودا بۆ ئەدەب هەمبوو؛ یەکنایەتەوە، نا، لەوکاتدا زیاتر لە هەرشتێ بیرم لە خراپە دەکردەوە، لە بێهوودەیی خراپییەکان، بۆنموونە ئەو واقیعەی کە مرۆڤ لە جەنگدا دەکوژێت، هەرگیز تێناگەی مرۆڤ چۆن دەتوانێ



بجەنگێ، بەڵام بەلای خەڵکێکی زۆرەوە، رۆیشتن و خۆخستنە سەر ئەم ئاگرەو ئەویتر! کە ئەمە دەبینم بەخۆم دەڵێم هێشتا خاوەنی جەوهەری مرۆڤبوون نین، مادام جەنگ لە جیهاندا هەیە هەرگیز نابینە خاوەنی ئەم جەوهەرە، دەشێ ئەمە لای من بە خەیاڵخوازی دابنرێ، بەڵام ئەمە بە خەیاڵخوازی نازانم، بۆنموونە دەتوانم لەگەڵ دوژمنیشمدا لە ئاشتیدا بژیم، چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی دیکەش کاری وا نەکەن؟ بە بۆچوونی من دەکرێ ئەم کارە بەتەواوی بکرێت، چەندین مرۆڤی گەورە هەبوون کە بەمجۆرە ژیاون.

* بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانە دوچاری کارەسات بوون؟

* مەبەستت ئەوەیە کە زۆربەیان شەهید بوون.

* بەڵێ، بۆنموونە مەسیح و گاندی.

* بێگومان بەڵام ئەمە رێسایەکی گشتی نییە.

* دەمەوێ لە کۆتاییدا پرسیارێکی دیکە بکەم، لەمیانی گفتوگۆ کردنماندا جارێک باسی ئەو رۆڵەت کرد کە بەهەریەک لە ئێمە سپێردراوە، کە دەشێ تا رادەیەک چارەنووسی خودی خۆمان بێ، ئایا بەلای تۆوە ئەو رۆڵەی کە بەئێوە سپێردراوە جێبەجێت کردووە؟

* وامدەزانی کە بەهیچ جۆرێک پرسیاری لەمجۆرەم لێ ناکرێ، بەڵام وای بۆدەچم، ئەمە باشترین رۆڵێک بوو کە دەتوانرا بەمن بسپێردرێ چونکە ئەم رۆڵەم گێڕاوە..یا؟


* ئایا رۆڵێکی دیکە کە تۆ ئارەزووت بووبێ، بوونی نەبووە؟

* رۆڵی دیکە؟ بۆ؟ رەنگە، بەڵام لە ژیانێکی دیکەدا، لە لەدایکبوونەوەیەکی دیکەدا، بەڵێ لە ژیانەکەی دیکەم، وای بۆدەچم کە زۆرجار گوتوومە،حەزدەکەم مرۆڤێکی زۆر ئاسایی بم، هیچکەسێک، یا وەک لە ئینگلیزییەکەدا دەڵێین(nobody) پێچەوانەی کەس. هیچ کەس، بەڵێ ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر دنیا،

حەزدەکەم پەککەوتووترین مرۆڤ، نەناسراوێک بم، ئەو کەسەی کە هیچ کارێک ناکات، ئەمە ئامانجی منە.

**سەرچاوە:**

**شرق، ژمارە ٩٣، ١٨ی دیسامبەری ٢٠٠٣، مورتەزا شاپورگان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.**



# هونەری خیانەت..

## گفتوگۆیەک لەگەڵ حەنیف قورەیشی

حەنیف قورەیشی، نووسەری نەسازاوو هەمیشە ئاژاوەگێڕ، لەکاتی ئامادەبوونی لە پاریس بۆ کۆنفرانسێک لە سۆربۆن، بێ کۆت وبەند قسەی دەکردو بیروڕاکانی خۆی دەخستەڕوو، حەنیف بەریتانیاییەکی بە ڕەچەڵەک پاکستانییە، پەیوەندییە عاتیفییەکان و مادده بێهۆشکەرەکان و مۆسیقای پاپ و کەلتووره جیاوازەکانی وەک نەژادپەرستی و ئیسلامگەرایی و مەسەلەی موشریکی هەندێ لەو بابەتانەن کە ڕۆمانەکانی وەک (بودای لاپەڕنشینان) و (ئەلبوومی ڕەش) و فیلمنامەی (جلشۆرەجوانەکەم) کە لەلایەن (ستیڤان فریرەس) کرایە فیلم و چیرۆکە زۆرو زەوەندەکانی وەک(کوڕەکەم توندڕۆیە) کە لەلایەن (ئودایان پراساد) بۆ سینەما پوختکراوە، پێکدەهێنن.

لە کتێبە نوێکەیدا (لەش) قورەیشی بە باسکردنی چیرۆکی نووسەرێکی ٦٠-٧٠ ساڵە، کە مێشکی چۆتە جەستەی پیاوێکی تازەهەڵچوو، لەوە دەچێ تەکانێک بە ئەدەبی زانستی خەیاڵی بدات، بەڵام لەش ؛ جیا لە ئەنجامە سەرنجراکێشەکان، یان ئاشکراکان بەر لەهەر شتێ بەهانەیەکە بۆ بیرکردنەوەی تا ڕادەیەک فەلسەفیانە، هاوکات لە (یادەوەری و وڕێنەبێژییەکان)ەوە دەردەکەوێ کە چەند مەبەستێک دەربارەی هەموو چالاکی و ناڕەحەتییەکانی قورەیشی لەم چەند ساڵەی دواییدا



دەگرێتەخۆی. پەیوەندیی ئەو بە سیاسەت و ڕۆشنبیری و نووسین، هاوکارییەکانی لەگەڵ (ستیڤان فریرەس) خولانەوەیەکە لە گۆشە شاراوەکانی نووسەرێکی سەرەڕۆ...

* لەکوێدا بیرۆکەی (لەش)ت بەمێشکدا هات؟

* فرنکشتاینم دەخوێندەوە، بەرلەو کارم لەسەر لێوەرگرتن(اقتباس)ی شانۆیی (وێنەی دوریان گرای) کردبوو، کە هیچ کاتێ پێشکەش نەکرا. نوقمی ناو بەسەرهاتەکانی ئەدەبی خەیاڵی ببووم، زۆربەی بیرۆکەکانم تێک دەئالاند، وێنە، خولقاندنی بوونەوەرێکی مرۆیی، پیرەمێردێک بە جەستەی لاوێکەوە.. ئەمە یەکەمین چیرۆکم بوو کە لەسەر خەیاڵ بنیاتنرابوو، ناوەرۆکێکی عاشقانەی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێک بوو بۆدەستەبەرکردنی گەلێ شتی گرنگ دەربارەی ناسنامە، تەمەن، مەرگ و مانای ژیان و لەژێر کاریگەری نەشتەرگەریی جوانسازیشدا بووم، کۆپی کردن و پێشکەوتنە زانستییەکان ڕێگەیەکن کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانن جەستەیان بە زیندوویی بهێڵنەوە، بۆم ئاشکرا بوو کە ئەگەر خەڵک بۆیان بکرایە جەستەیەکی تازەیان بۆخۆیان دەکڕی، ڕەنگە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم جەستەیە بۆ خۆیان خەڵکی دیکەشیان بکردایەتە قوربانی، بۆ نموونە کالیفۆرنیاییە خۆشگوزەرانەکان ئەوەی کە مەبەستیان بوو لە هیندستان پەیدایان دەکرد، بەمجۆرە شێوەیەکی نوێ لە جیاوازی کۆمەڵایەتی دەهاتە ئاراوە، ئەوکەسانەی کە عەقڵێکی ساغیان هەیە لە جەستەیەکی ساغ و کەسانی دیکەش ئەمجۆرە ئیمتیازانەیان دەستناکەوێ، ئەم چیرۆکە زۆر شتی دیکەشی لێ هەڵدەهێنجرێ.

* گەلێ بابەتی وەک نەژاد پەرستی و ئیسلامگەرایی، بەتەواوی لە (لەش) سڕاونەتەوە...

* من وابیردەکەمەوە کە مرۆڤ وشەکان لەسەر کاغەز دەخەوێنێ تا لەیادیان بکات، بابەتی نەژاد هیچ کاتێ لای من بێبایەخ نابێ، بەڵام چیتر پێویست ناکا قسەی لەسەر بکەم، کاتێ مرۆڤ لە نووسینی کتێبێک دەبێتەوە، ئیتر نایەوێ بیری لێ بکاتەوە، تەواو بوو، مرۆڤ بۆ ئەوە دەنووسێت تا خۆی لە دەست نارەحەتییەکانی دەرباز بکات، یا مرۆڤ دەنووسێت تا جێگا بۆ خەیاڵە تازەکان بکاتەوە، ئەو شتەی گرنگیی هەیە شتێکە کە ئێستا دەگوترێ، نەک شتێکە کە پێشتر گوترابێ.

* ئێوە بەریتانی – پاکستانین، پێت وایە کە کتێبەکانتان دەستاوێژێکە بۆ توێژینەوە لەم دوانەییە؟

* هەموو کەس لە نێوان دوو کەلتوورو دوو ژیاندان، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە دوو کەس (دایک و باوک) کەوتوونەتەوە، پێم وایە هەر لەبەر ئەمەشە کە مرۆڤ پەیوەستە بە شتێک کە پێی دەگوترێ بەیەکدا چوونی شارستانییەکان، لە راستیدا قسەکردن لەسەر بەیەکاچوون مەبەست لە دوو شتی تەواو لێک جودایە، دایک و باوک، ئەمە شتێکە کە پێناسەی بوونی مرۆڤ دەکات، ڕێگایەکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە دایک و باوکی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و دەبن بە خۆی و هەر ئەمەشە کە مانایەک بە بوونەوەری زیندوو دەبەخشێ، پێم وایە نووسین هەوڵ دانێکە بۆ بەرجەستەکردن و یەکالا کردنی نهێنییەکان، مرۆڤ هەوڵ دەدات بیرکردنەوە قووڵەکانی خۆی کەشف بکات، تا دواتر زەینی خۆی بەتاڵ بکات.

* پێشتر لە بیرکردنەوە بۆ قسەکردن سوودت لە ناسنامە، هارمۆنیا و مۆسیقای پاپ وەردەگرت، ئێستا ئەمەتان تایبەت کردووە بە وتارەکانتان، چۆن بوو شێوازSی خۆتان گۆڕی؟



* لەبەر ئەوەی هەمیشە هیلاک دەبم، وتارو چیرۆک و فیلمنامە دەنووسم تەنها بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو شتەدا بگرم کە دەیدۆزمەوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ گوفتار، هەروەها بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خۆم و خانەوادەکەم، کاتێ کە ناتوانم بە نوسینی وتار ژیان بگوزەرێنم؛ فیلمنامە دەنووسم، کاتێ بە پێی پێویست پارەم دەستناکەوێ؛ ڕۆمان دەنووسم، بە بۆچوونی من ئەم کارە بەقەد ئەوەی کە هونەرە ؛ پیشەیەکیشە، چۆن بە نووسینەوەی چیرۆکەکان ژیانمان دابین بکەین؟ ئەمەم بەلاوە زۆر سەرنجراکێشە، ئەو دەستاوێژەی کە مرۆڤ بەهۆیەوە چیرۆک بکات بە پارە، بە بانیژەیەکی نوێ بۆ ماڵ، بە پێڵاو بۆ منداڵان.

هەموو کارێک بە چێژەوە ئەنجام دەدەم، بەڵام دەبێ بیر لە هۆکارێک بکەمەوە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەم چێژە بە چێژێکی زیاتر بگۆڕێتەوە، واتە بۆ بەردەوام بوون لە نووسین دەبێ بەردەوامی بە ژیان بدەی.

* لە (یادەوەری و وڕێنەبێژییەکان) قسە لەسەر نووسین و ئەو شتانە دەکەی کە نووسین لای ئێوە گەڵاڵە دەکات، پێت وایە بتوانرێ خەڵک فێری نووسین بکرێ؟

* بەڵێ بێگومان هەموو مرۆڤەکان شتێکیان هەیە بۆ گوتن، هەریەکە ژیانێکیان هەیەو دۆزینەوەی وشەکان شتێکی زیندووە بۆ چوونە ناو کۆڕی کەسانێک کە هەم قسەیان هەیەو هەم توانای خستنە ڕوو.

* چۆن لە کتێبەکانتدا لە بابەتێکەوە دەچیتە سەر بابەتێکی دیکە، لە سیاسەت و ناسنامەی کەلتووری بۆ بواری کەسێتی، ژیانی ژن و مێردایەتی، یان پیری؟

* من هەمیشە حەزم لە سیاسەت بووە، لەم ڕۆژانەدا ئێمە حەزمان لە دیالۆگە، ئەمە بابەتێکی سیاسییە، کێ قسە دەکا، گوێمان لەکام دەنگە، دەمانەوێ گوێ لە کام دەنگ بگرین؟ بۆش، خەڵکی عێراق، خەڵکی دیکەی وڵاتانی عەرەبی؟ چ تێڕوانینێکمان بەلاوە گرنگە، وشە بەهێزەکان کامانەن؟ ئەم مەسەلەیە هاوکات مەسەلەیەکی شەخسییە (چۆن لە دنیا بدوێین)

* ئێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی کەسانێک کە جۆرێک لە ئاژاوەیان بەرجەستە کردووە: دێڤید بۆڤی کە لەگەڵیا کارتان لەسەر فیلم کردووەو لە (بەخششی گابریل) رێز لەو دەگریت، بەهەمان شێوە (بلاک پانترها) یان (ژان ژینێ)

* لەسەردەمی لاوێتیدا شەیدای مۆسیقای پاپ بووم و ستایشم دەکردن، ئەوان پاڵەوانەکانی من بوون، بۆڤی لێهاتوویێکی نائاسایی بوو، کەسایەتییەکی بەرەڵاو بەدناو بوو، من شەیدای مۆسیقاکەی بووم، هەروەها شەیدای جولانەوەی مافە مەدەنییەکانی، بلاک پانترهای گۆرانیبێژی رەشپێست و رابەرانی سیاسیی ئەم گروپەو هەروەها کەسانی وەک ئانجیلا دیڤیس بووم، ئەوانە لە سالانی هەشتاکاندا شوێنێکی گرنگیان هەبوو، لەخۆیان دەدوان، وەک کاردانەوە قسەیان لەسەر خەڵکی دیکەش دەکرد، برەویان بە جۆرە کەلتوورێکی جیاواز دەدا، بە هەمان شێوە (ژینێ)م پەسەند دەکرد، هەروەها زۆرێک لە نووسەرانی دیکەی فەرەنسی وەک کامۆ، سارتەر،دوبۆڤوار، بێکت و.. ئەو رووناکبیرە مولتەزیمانەی بە تێروانینی سیاسیی شێلگیرانە کە بەشێوەی یاخیبووانەو جیاواز دەیاننووسی، لە گۆشەنیگای لاوانی هاوشێوەی من؛ ئەوان وەک کەسایەتییە دیارەکانی جادوویێکی سەفستەئامێز وابوون، کە ژیانێکی پڕ لە هەراو نائارامیان بەسەردەبرد.

* ئێوە بەر لە هەرشتێ حەزتان لە نارازیبوون و بەگژاچوونەوەیە؟

* زیاتر بەهۆی قەیرانی دیالۆگ و خستنەڕووی بۆچوونی تایبەت، کاتێ یەکێک قسە دەکات یەکێکی دیکە خۆی وەک نەیارێکی ئەو هەڵدەبڕێ، قسەکردن واتای کەوتنەجەنگ دەگەیەنێ لە جۆرێک ململانێدا، بوونی پەیوەندی بە کەسێکیش واتای چوونە ناو جەنگێک دەگەیەنێ، جەنگێکی سوودبەخش و پڕ دەسکەوت.

* بگەڕێینەوە لای (ژینێ) کە بۆچوونی خیانەت کارەکانی دەگرێتە خۆی...



* بەلای منەوە بۆ نووسین گرنگە کە خیانەت لەگەڵ کەسێک بکەی تا خەیاڵەکانی خۆی بدۆزێتەوەولە گەڵیاندا وەفادار بمێنێتەوە، خیانەت زۆر گرنگە، مرۆڤ ناتوانێ هیچ کارێکی لەوە باشتر ئەنجام بدات، جگە لە ئازادکردنی سەرجەم خاڵە هاوبەشەکان، لە پێگەی واتاکانی وشە، تا بۆخۆی بیربکاتەوە، ئەمە جۆرێکە لە راستگۆیی، نووسەران لەسەریانە بە جۆرێک خیانەت لە کۆمەڵگا بکەن، کە ببێتە هۆکاری ئازادبوونیان.

* بەلای کەمەوە ئێوە بە دەست کەسانێکی دیارو ناودارەوە ئازارمەندن کە پەیوەندیی هاوڕەچەلەکێتییان پێتانەوە هەیە...

* بەڵێ، بەڵام پێویستە لەم پەیوەندییە بکۆڵرێتەوە، هەندێکیان پەیوەندییەکانییان راستگۆیی و عەشق و موحیببەتە، پەیوەندییەکانی دیکە لەلایەن تاکپەرستی و خستنەڕووی خەیاڵە شەخسییەکان هەڵسەنگێنراون، لەنێوان کەسێک و یەکێکی دیکە کە پەیوەستن بە هەمان هاوبەشێتییەوە چ شتێک بوونی هەیە؟ بەڵام پەیوەندییەکانیش وەک پچڕاندنی پەیوەندییەکان، وەک پەیوەندیی نێوان منداڵ و دایک و باوکە، کە سەرەنجام دەبێ منداڵ ماڵ و خێزانەکەی جێبهێڵێت و لە گەڵ کەسانی دەرەوە پەیوەندیی عاتیفی دروست بکات، بەمجۆرە ئەم فەزایە تێکبشکێنێ.

* پەیوەندیی باوک _ کوڕ یەکێ لە هێڵە بنچینەییەکانی کاری ئێوەیە، بۆ نموونە لە (بەخششی گابریل) یا لە وتاری بەراییتدا (یادەوەری و وڕێنەبێژییەکان) کە لەوێدا ئێوە باس لە باوکتان دەکەن کە حەزی دەکرد ببێتە نووسەر..

* زۆر راستە، ئێستا رووم لە دایکم کردووە، بەم دواییە فیلمنامەیەکم نووسی کە لە _کان_ نمایشکرا، (دایک). لە کۆمەڵەی (لەش)یش چیرۆکێک هەیە بەناوی (ماڵئاوا دایە).

زۆر حەز لە پەیوەندیی منداڵان بە دایک و باوکیانەوە دەکەم، ئەو دەستاوێژەی کە بە بۆچوونی ئێمە، دایک و باوک بە هۆیەوە ناسنامەی خۆیان دەگۆڕن، ئەو شتەی کە بۆ ئێمەی نمایش دەکەن. لەحاڵی حازردا کار لەسەر ژیاننامەیەک دەکەم، کە باوک تیایدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەو یادەوەرییانەی کە نیوەیان دەربارەی نووسینەو نیوەیان دەربارەی خێزانە.

**سەرچاوە:**

**شرق، ژمارە ٣٦٠، ٧ی دیسامبەری٢٠٠٤،**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی:اصغر نوری**

# (گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی شێت
# لەژێر ئاهەنگی دڵڕفێنی باراندا)

ئەم گفتوگۆیە، نووسەری ئێرانی مەسعود نوقرەکار لە شوباتی ٢٠٠١ لە یەکێک لە نەخۆشخانە دەروونییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ژنە شاعیرێکی ئەمریکی (هیلاری.م) سازیداوە، هیلاری بەوپەڕی راشکاوی و بێ هیچ پەردەیەک دەربارەی بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتداران و ئەدەب و رۆشنبیری و ..هتد دەدوێت و وەک شێتێکی عاقڵ لەئاست زۆربەی مەسەلەکان هەڵوەستە دەکات و خاڵ دەخاتە سەر پیتەکان.

دایە قاقای پێکەنین، لەبەر پێکەنینەکانی دەتگوت چاوو گوێکانی جێگۆرکێیان کردووە، شەپۆلی پێکەنین بەسەر رووبەری ئەو چاوانەی کە بەرەنگی ئاسمانی ساف و روناکی ئەو رۆژە بەهارییەبوو، پەخش بوو.

* تازە دەستبەکار بووی؟

* بەڵێ

* من ناوم (هیلاری)یە، خۆشحاڵم بە بینینتان

* من ناوم مەسعودە، منیش خۆشحاڵم بە بینینتان

* من دە ساڵە لێرە دەژیم، هاتوچۆیەکی زۆرم دیوە، شێوان باشترین و خراپترین شتی ژیانی مرۆڤە، بەڵێ باشترین و خراپترین.

[ خوداحافیزیم کردو دەرفەت نەبوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم.]

[ رۆژی دواتر بینیم، لەسەر کورسیەکی خۆش و جولاو دانیشتبوو، بە هێمنییەوە دەیجولاندو لە دەستێکیا جگەرەو لەدەستەکەی دیکەیدا فنجانێک قاوە



بوو، بە هەمان زەردەخەنەی جوانی سەرلێوانی لە شوێنی خۆی هەڵساو بە هێمنی دەستی گوشیم:]

* من (هیلاری.م)م، لە هەژدە ساڵییەوە دەستم بە نووسینی شیعرو کورتەچیرۆک کرد، نۆزدە ساڵان بووم کە تووشبوونمیان بە نەخۆشیی (ئەسکیزۆفرنی)دەستنیشانکرد، لەوکاتەوە تا ئێستا لە نەخۆشخانەو مەڵبەندەکانی چارەسەرکردنی دەروونی دەژیم، ژنە عاقڵەکان تەمەنی راستییان ناڵێن، یان بە درۆ دەیڵێن، خۆ رەنگە هەقیشیان بێت، من سەدان شیعرم هۆنیوەتەوە، کورتەچیرۆکیشم نووسیوە، ٤٥ کورتەچیرۆکم هەیە، کارەکانی خۆم بەدەستی خۆم تایپ دەکەم و لەناو سەندووقی جۆراوجۆر دەیانپارێزم، رەنگی سەندووقەکانم لە یەکتری جیاوازن، من کارەکانی خۆم بەچاپ نەگەیاندوون، بە کەسیشیان نیشان نادەم، مەگەر زۆر خۆشم بوێت، بەهەرحاڵ خۆشحاڵم بە ناسینتان.

( دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند.)

* باشە ئێوە چکارەن، مەبەستم ئەم کارە نییە کە ئێستا دەیکەن، کاری دیکەتان چییە؟ ئۆە دڵنیام وابیردەکەیتەوە کە من مرۆڤێکی فزوولی بم، عەیبی تیا نییە، خودا مرۆڤی بەشێوەیەکی فزوولی و بەخیل دروستکردووە، باشە نەتگوت کاری دیکەت چیە؟

* کاری سەرەکیم نووسەرییە، منیش چیرۆکنووسم.

[ چەند ساتێک تێمراماو دواتر: ]

* ئەها، نووسەری؟ وەک چیخۆف، وەک سۆمەرست مۆم، وەک گەلێ لەو دکتۆرانەی کە بەدوای نووسین کەوتن، دەبێ مرۆڤ زۆر گەوج بێ کەکاری بە خێروبێری وەک دکتۆری بە قوربانی نووسینی هەندێ شتی بێکەلک بکات، هەڵبەتە دەشێ هەردوو کاریان بکات، بەڵام لەئەنجامدا نە پزیشکێکی چاک ونە نووسەرێکی چاکیشی لێ دەردەچێ.

* بەڵام چیخۆف لە هەردوو بواردا باش بوو.

* نا، نا، ئەو ئەگەر پزیشکێکی باش بوایە دوچاری سیل نەدەبوو

**

[ رۆژی دواتر هاتە نووسینگەی کارەکەم، سەندووقێکی سووری لەژێر باڵەوەبوو. ]

* هەندێ لە شیعرو چیرۆکە ئەویندارییەکانی خۆمم بۆ هێناوی، پێویستیم بەوەنیە کەسەرنجی خۆت لەبارەیانەوە بدەیت، تەنها بەڵێن بدە لەهیچ شوێنێک بڵاونەبنەوە.

[ بەڵێنم پێداو ئەو چیرۆکە کورتانەی خۆمیشم بۆی هێنا کە وەرگێردرابوونە سەر زمانی ئینگلیزی. ]

* من ئەم کارانەت دەخوێنمەوە، بەڵام سەرنجی خۆم نادەم، سەرنجدان دەربارەی کاری خەڵکانی دیکە زۆر گەوجانەیە، رقم لە رەخنەگرەکان دەبێتەوە کە وەک زەروو بەجەستەی ئەدەب و هونەرەوە نووساون، رەنگە وەک ئەسپێش بن، ئەمانە لەهیچ جێگایەک بڵاوناکەمەوە.

* بەڵام هیلاری من زۆرحەزدەکەم کارەکانم چاپبکرێن.

* بەڵام خەڵکێکی هێندە زۆر ئەم کارانە ناخوێننەوە، ئەوانەی کە دەیخوێننەوەش شتێکی ئەوتۆی لێ تێناگەن، بۆچی دەبێ ئەم کارانە چاپبکرێن؟ دەتەوێ بناسرێی، ناوبانگ شتێکی ترسناکە، بەدوای خۆشەویستییەوەبە.

[ هیچم نەگوت، چەند ساتێک تێمڕوانی و رۆیشت، نازانم چۆن کەوتمە بیری ئەوەی کە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، هەر یەکەمین رۆژ کە بینیم لە خەیاڵمدا جێگای خۆی کردەوە.]

* دواتریش دەتەوێ گفتوگۆکەی من چاپ بکەی، بێگومان دەتەوێ ناوی بنێیت (گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی شێت) وانیە؟



* هێشتا نازانم.

* ئەگەر بوویتە ملیۆنێر ئاگات لێمبێ، بەڕاست، بۆ گفتوگۆ هەمیشە بەر لە خۆرئاوابوون وەرە، دەزانی کە کاری من لەگەڵ تاریکداهاتن دەستپێدەکات، تەماشاکە چەند رۆژە گەرماوم نەکردووە، گیرۆدەییەکان بواریان نەداوم. باشە، ئێستا بچۆرەوە سەرکاری خۆت و تەنهام جێبێڵە.

* *

[ بەدوایداچووم، دوو کاتژمێر مابوو بۆ خۆرئاوابوون، باڵندەکانیش لە دەوروبەری بوون، وەکئەوەی کە زانیبێتیان شاعیرە، رەنگاورەنگ و دەنگخۆش، سڵاوەکەم بێ وەڵام مایەوە، چاوی لە پارچەیەکی رۆژنامەیەک بوو کە لەسەر زەوی کەوتبوو. ]

* ئێوە کە دەڵێن حکوومەت نابێ پشتاوپشت بێ، ئەدی چۆن بێ؟. بێگومان دوای ئەم کوڕە نۆرەی ئەوی دیکەش دێت، دواتریش نەوەکانت جەنابی بۆش؟ چیتانگوت؟ کوڕتان لێوەشاوەیە، گاڵتە مەکە کوڕە، ئەگەر ناوبانگ و سەرمایەی تۆو پشتیوانیی سوپاو سیاو دادگای باڵاو ملیاردێرەکان و خەڵکی نەفام نەبوونایە، ئەو نەدەبووە سەرۆک کۆمار، ئەو ناتوانێ پێتزافرۆشییەک هەڵسوڕێنێ، چ جای وڵاتێک!! بەڵام هەموو دەزانن کاتێ کۆڵەگەی ناوبانگ و سەرمایەو ئیمکانیات و کتێبی پیرۆز لەئارادابێ، دیموکراسیەت بێ دیموکراسیە، بەڵێ هەموو بەمە دەزانن.

( بێدەنگبوو، مژێکی لە جگەرەکەدا، قومێک قاوەی خواردەوەو چاوەکانی داخست. )

* هیلاری من هاتووم گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم، تۆ گوتت پێش خۆرئاوا بێم و...

* مەگەر نابینی لەگەڵ جۆرج بۆش قسەدەکەم، بێزار مەبە، کاتێ مرۆڤێکی وەک جۆرج بۆش قسەم لەگەڵدا دەکات، دەبێ تۆ بێدەنگ بیت، تۆ کەسێک نیت، تێگەیشتی؟

[ هێشتا چەند هەنگاوێک لێی دوورنەکەوتبوومەوەبانگی کردم، بانگ کردنێک کە گاڵتەئامێزبوو. ]

* وەرە، وەرە، کاتم بەدەست کەوت، ئەو چوو بۆ ئاودەست، هەموو دەزانن کە ئەو سکچوویەتی، لەم ماوەیەدا من و تۆ دەتوانین باس لە سیاسەت بکەین، بەڵێ ئێستا باشترین وەختە.

ویستم دەستپێبکەم نەیهێشت..)

* دەزانی کە ئێمە هەموو شتێکمان بە نهێنییە، هەڵبەتە خۆمان وامان نەویستووە، یاسا ویستوویەتی، لەبیرت بێ لە گفتوگۆدا ناوی راستەقینەی من نەهێنی، نابێ ناوی ئەم نەخۆشخانەیەش بهێنیت، دەبێ بنووسیت کە ناوی من و ناوی نەخۆشخانەکە راستەقینە نیە، هەڵبەتە ئەو پارانەی کە ئێمە بە کۆمپانیاکانی بیمەو دکتۆرەکان و ئەم نەخۆشخانەیەی دەدەین راستەقینەن، بەڵێ لەبیرتبێ، بێ دیقەت مەبە، ئەگینا داری عەدالەت دەنێنە قنگتەوە، چەوریشی ناکەن، تێدەگەی؟

[ ویستم دەستپێبکەم، دیسان قسەی پێ بڕیم، ئەمجارەیان لەپی دەستی خستە بەردەمم. ]

* لەسەرخۆبە، لەسەرخۆبە، لە ئەمریکا عەدالەت بوونی هەیە، بەڵام کڕین و فرۆشتنی لەسەرە، جۆرێکە لە مامەڵەو کاسبی، ئەگەر پارەت هەبێ دەتوانیت بیبکڕیت، هەر ئەوەندە بەسە پارێزەرێکی فێڵباز بخەیتەکار، هەڵبەتە هەموو پارێزەرەکان فێڵبازن، هەندێکیان کەمتر، هەندێکیان زۆرتر، عەدالەتی کەرانەشمان هەیە وەک ئەو یارییانەی کە سەری نیکسۆن و کلینتۆن و ئەوانی دیکەشیان خوارد، لەسەرەتای سیناریۆ دادوەرییەکەی کلینتۆن، ملۆنەها دۆلار چووە گیرفانی خاوەن بەرنامەو رادیۆو تەلەڤزیۆن و چاپەمەنییەکان و چەند ژنێکی عەدالەتخوازو تێکۆشەر بوونە ملیۆنێرو..

( خۆی بەیەکدا هێناو تڕێکی کرد.)



* ببوورە دکتۆر مەسعود، بەدەست خۆم نیە کاتێ بیر لەمجۆرە ژنانە دەکەمەوە تڕم دێ.

( پێکەنی، تەنانەت یەک ددانیش لە دەمیدا نەبوو. )

* دەتوانی دەست پێبکەی بەڵام پرسیاری فەلسەفی و تیۆریی گەورەو گرانم لێ مەکە، من نە کەشیشێکم نە سیاسەتباز، من هیلاریم، شاعیرێکی عاشقی جگەرەو قاوەو باڵندە.

* یەکەم پرسیاری من ئەوەیە، چ پێناسەو روانینێکت بۆ سیاسەت هەیەو بەڕای تۆ...

* ئیتر درێژەی پێ مەدە، لە مەبەستت تێگەیشتم، بزانە، سیاسەت دوو پێناسەی هەیە، یەکێکیان واتە:درۆ، پارە، سێکس، ئیمکانیەت. ئەوەی دیکەش واتە: زانستی رێکخستنی کۆمەڵگا، لە ئەمریکا تێکەڵەیەک لە هەردووکیان حوکمڕانی دەکەن، دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا لە پشتەوەیانن، هەڵبەتە دەزانی کاتێ دەڵێم سیاسەت مەبەستم تەنها دەسەڵاتی راپەڕاندن نیە، دەسەڵاتی دادوەری و یاساییش بەشێکن لێی.

( لەشوێنی خۆی هەڵسا، سێ جار بەدەوری کورسیەکەی خولایەوەو دانیشتەوە. )

* ئەوەی دیکە لەهەمووی سەیروسەمەرەترە، مەبەستم جۆرج دەبلیووە، بووکەڵەی دەم بەخەندەی نوێ، بێگومان راوێژکاری باشی هەیە، کە هەمیشە لەپشت پەردەوەن، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە سەر روتاوەو ورگ زلن، تازە بەتازە ژنانی شۆخوشەنگیش بۆ راوێژکاری زیادکراون، خۆ خراپ نیە، جەنابی سەرۆک کۆمار پێویستیی بە کاری ناسیاسییانەش هەیە، هەڵبەتە نابێ هەڵەکەی کلینتۆن دووبارە ببێتەوە، دەبێ بەدوای دەمودووی گونجاوترەوە بێ بۆئەنجامدانی سێکس، بەڵێ دەبێ ئاگاداربێ، ئۆی ببوورە، نازانم بۆچی یەکسەر ئاودەستم بەبیردا هات، نازانم بۆچی؟! بەڕاست تا لەبیرم نەچووە، روانینمت سەبارەت بە سیاسەت

بۆ باس بکەم، تەماشاکە، سیاسەت سێگۆشەیەکە، سەرێکی سکچوونە، سەرەکەی دیکەشی ئاودەست و سەری سێیەمیشی عەمباراوی ئاودەست (سیفۆن)ە، دەزانم لە دڵەوە گاڵتەم پێدەکەیت، بەڵام تۆ داوای بۆچوونی منت کرد، منیش پێمگوتی.

( هەڵسایەوە بەستەی جگەرەو چەرخ و فنجانی قاوەکەی هەڵگرت، بەپەلە بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت. )

* *

[ ڕۆژی دواتر باران دایکرد، لەوباوەڕەدابووم کە دەبێ لە ژوورەکەیدا گفتوگۆم لەگەڵیدا درێژە پێبدەم، بەڵام نەخێر، لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوو، بە تەنافێک چەترێکی گەورەی بە کورسیەکەیەوە بەستابوو، چەتر بە کورسیەوە دەجولاو پێش و پاشی دەکرد، کڵاوێکی پلاستیکی و ڕەنگ سەوزی لەسەردابوو. ]

• بڕۆ چەترێک بۆخۆت بێنە، دەتوانی ناونیشانی گفتوگۆکە بکەیتە

(گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی شێت، لەژێر ئاهەنگی دڵڕفێنی باراندا)

دەبینی ناونیشانێکی چەند جوانە! هەڵبەتە کەمێک درێژ دەردەچێت بەڵام عەیبی نیە، هەموو شتێک درێژ بێ باشە، تەنانەت ناونیشانی گفتوگۆیەکیش، بەکورتی تەنها بەکەلکی.. وازی لێبێنە، بڕۆ چەترێک بۆخۆت بێنە.

[ دەستی بۆ ئەو نەخۆشانە ڕادەوەشاند کە لەپشت شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەیەوە پێمان پێدەکەنین. ]

* دەزانی جۆرج بۆش مرۆڤێکی خراپ نیە، ئاینییەکی ملیۆنێرو هەندێ جار گەوجە، هەر ئەمە، ئۆی بەڕاست لە وڵاتی تۆدا هیچ سیاسەتمەدارێک هەیە؟

* بەڵێ، بەڵام ساویلکەتر، بێ تواناتر، گەوجتر، دیکتاتۆرتر.

[ جگەرەکەی داگیرساندو کڵاوەکەی لەسەرسەری خۆی هەڵگرت و خستیە سەرسەری من. ]



* بەڵێ هاتەوە بیرم خومەینی، خومەینی، من لە ڕاستیدا هەتا بەر لە بارمتەگرتن و شەڕی نێوان عێراق _ ئێران نەمدەزانی وڵاتێک بەناوی ئێران هەیە، باوەڕ بکە خومەینی وڵاتەکەی ئێوەی ناساند، ئۆە، بەڕاستی من دەزانم پرسیاری دواترت چیە، بێگومان دەتەوێ سەرنجی من سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی سەرۆکایەتی کۆماری لە ئەمریکا بزانیت، باشە پێت دەڵێم، تۆ تا ئێستا سێرکت دیوە؟

* بەڵێ زۆریشم دیوە.

* ئەدی بۆچی ئەم پرسیارەت لێکردم؟ بەڵام سەرنجی خۆمت پێ دەڵێم، تەماشاکە، هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا وەک سێرک وایە، سەیرترینیان ئەو بەشەیە کە فیل و کەر بەرامبەری یەکتر دادەنێن، هەڵبەتە من خۆم لایەنگری کەرم، کەر ئازاری کەس نادات، ئارام و بێدەنگ تەنها بار دەبات، ئازادیخوازو دیموکراسی، لە مرۆڤ دیموکراسیترەو .. باشە ئەم قسانە هیچ پەیوەندیی بە پرسیارەکەی تۆوەهەیە؟ بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ واتە سەرنگونکردنی یاسایی، هەمووکەس دەزانن کە زۆرینەی خەڵک دەنگیان بە (ئاڵگۆڕ)دا، بەڵام گوویان خوارد دەنگیان بە ئاڵگۆڕدا، مەگەر نەیاندەزانی کە سوپاو کلێساو سیاوملیۆنێرە مەزهەبییەکان بەدوای دروستکردنی جۆرج بۆشەوەن، هەڵبەتە ئەمەش بڵێم، ئەگەر ئاڵگۆڕیش ببوایەت نەیدەتوانی کارێک بۆ خەڵک بکات، خۆ (ڕاڵۆف نادر)یش هەبوو، کە قسەی باشی دەکرد، بەڵام ئەویان نەخستە ناو یارییەکەوە، ئێستاش نازانرێ ئەگەر ئەو ببوایەتە سەرۆک کۆمار چی دەکرد، قسەو کردار جیاوازییان زۆرە.

[ بێدەنگ بوو، جگەرەیەکی داگیرساند، قومێک قاوەی خواردەوە (کە ئێتر سارد ببۆوە) دەستی خستە ژێر چەناگەی.]

* لەڕاستیدا دنیای سیاسەت دنیایەکی سەیرو سەمەرەیە، لێرە بکوژەکان دەبنە قارەمانی میللی و تەنانەت کاندیدی سەرۆک کۆمارو هەندێ جار سەرۆک کۆمار، ئەمساڵ بینیت؟ ئەوکابرا دۆڕاوو بێ شەرەفەی لە ڤێتنام مرۆکوژ، بەڵام کاندیدی

سەرۆکایەتی کۆماری بوو، ئەمجۆرە کەسانە دەبێ ببردرێنە دادگاو دادگایی بکرێن، بەڵام شیرازەکە ئەوەندە تێکچووە کە دەورووپشتی قارەمانانی میللیش هەمووی بۆتە گوو، لەمسەری دنیاوە چۆتە ئەوسەری دنیا بۆئەوەی ڕێگا بۆ دیموکراسیەت خۆش بکات، ئەویش بە کوشتارو تاوانکاری، مرۆڤ دەبێ سیاسەتمەداربێ تا بتوانێ ئەوەندە بێشەرم بێ، خۆ قسەیەکیش هەبوو کە (شوارسکۆف)یش کاندید بێ، بەڵێ جەنەڕاڵەکان وادێن، تاوانبارترینیان خۆشەویستترین و سودمەندترینیانە، با لێرەدا یەک شتت پێ بڵێم، لە ئەمریکا چەند دەستەیەک هەن هەر دەبێ خەون بە بوون بە سەرۆک کۆمارەوە ببینن، یەکێک لەوانە ڕەشپێستەکان، یەکێکیتر ژنان، یەکێکیش لەوانەی وەک تۆ لەهجەی زۆریان هەیەو ئەوانەی کە کاندیدی حیزبی کۆماری و حیزبی دیموکرات نین.

[ جگەرەکەی کە تا نیوەی کێشابوو، لەناو فنجانی قاوەکەی کوژاندەوە. ]

* من ئیتر هیلاک بووم، دەبێ بڕۆم، تۆش بچۆرە سەر کارەکەی خۆت.

* *

[

دەمەوعەسری هەینی بوو کە بەدوایدا چووم، لە سوچێکی ژوورەکەی دانیشتبوو، کۆکراوەی نووسینەکانی (ئەدگار ئالان پۆ)ی لەناو دەستی بوو، کتێبەکە پەڕ پەڕ بووبوو سوچەکانی بەرگەکەی دەتگوت مشک قرتاندوویەتی، پەراوێزی لەسەر گۆشەی هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکە نووسیبوو، وەک ئەوەی هەر لە بەرامبەریشی ڕانەوەستابم، پەرەگرافێکی کورتی ئەدگار ئالان پۆی زۆر بە ئیحساسەوە خوێندەوە، کە لەخوێندنەوەی تەواوبوو پرسی: ]

* تۆ دەتەوێ گفتوگۆ بکەی یان ڕۆمان بنووسیت؟ هیلاکت کردم، بۆچی لەکاتی سەعاتی کارکردنت دێی گفتوگۆ لەگەڵ من دەکەی؟ ئەمە ویژدان نیە، دەبێ بە نەخۆشەکانت ڕابگەی، نەک بێی سەبارەت بە سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەر و



ئەدەب گفتوگۆ لەگەڵ من بکەی، ئەمە کاری ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرە مشەخۆرەکانە، نەک کاری تۆ.

[ کۆکراوەی کارەکانی ئالان پۆی داخست و لەژێر سمتی خۆی داناو ڕووی وەرسوڕاندە لای من. ]

* هەتا لەبیرم نەچووە با شتێکت پێ بڵێم، وتارێکم خوێندەوە نازانم لە کوێ بوو، ڕەنگە لە نیویۆرک تایمز بووبێ، کە خومەینی گوتوویەتی (ئابووری مولّکی کەرە) هەڵبەتە ئەم وتارە لەسەر خومەینی بوو، بەڵام من زۆرم پێ خۆشبوو، نەمدەزانی ئەو مرۆڤەی کە منداڵ بێگومان زۆریان خۆشدەوێ، چونکە شێوەی لە دایناسۆرەکان دەچێ، لە ئابووریش تێدەگا، هیچ بیرت کردۆتەوە کە مەبەستی خومەینی چیە؟ بێگومان نەء، ئەو دەیەوێ بڵێ مەسەلە ئابوورییەکان تەنها حیزبی کەران، واتە حیزبی دیموکراتی ئەمریکا دەتوانێ تێیبگات و تاو تۆی بکات، ئەمەش دەریدەخات کە خومەینی لە جۆرج دەبلیوو کە شوێنی ئالگۆڕی لە کۆشکی سپی داگیرکرد، هوشیارترو سیاسیترە، ئۆە ناوی جۆرج دەبلیووم هێنا، ئەو خەونە سەیرەم هاتەوەبیر کە دوێنێ شەو بینیم، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ئاودەست بوو، چاوبازیی لەگەڵدا دەکردم، کتێبێک لە دەستی ڕاستیدابوو، کتێبێکیش لە دەستی چەپی، ئەندامی نێرینەیی خستبووە ناو دەمی من، یەکێکیش لە دەرەوەی ئاودەستەکەوە مایکرۆفۆنێکی ناردبووە ناو ئاودەستەکەو وتارەکانی سەرۆک کۆماری پەخشدەکرد، سەرۆک کۆمار دەربارەی بەهای خێزان و ڕێزگرتن لە خێزان قسەی دەکرد، دیاربوو مەبەستی لە کلینتۆن بوو، دەیویست بە کلینتۆن بڵێ: کەسێک کە ژن و منداڵی هەبێ، نابێ کاری سێکسی لەگەڵ کەسیتردا بکات، هەڵبەتە جاروبار دەتوانێ بەومەرجەی کە دوو کتێب لەناو دەستەکانی دابێت، نازانم چۆن بوو کە من قەپاڵێکم لە ئەندامی نێرینەیی سەرۆک کۆماردا، ئەو داماوە هاواری کردو. من وەئاگاهاتم، پێکەنینم هات، ئاخر خۆ من ددانم نیە تا قەپاڵ لەشتێ بدەم، دەزانی نازانم بۆچی سیاسەتمەدارەکان حەزدەکەن عەشقبازی لەناو ئاودەستدا

بکەن، دەڵێن کەنێدی؛ مارلین مۆنرۆی بردە ناو ئاودەست و بۆی سازدا، بەڵام کەنێدی مرۆڤێکی باش بوو، ئەوبوو کە حەبی ڤیاگرای لەساڵی ١٩٦٤دا دۆزیەوەوڵە نێوان سەرکردەو ئەندامانی حزب دابەشیکرد، با ئەوەشت پێ بڵێم ئەم کارە لە کوشتنی خەڵک و خواردنی پارەی خەڵک باشترە، ئەوکارەی کە ڕۆژانە زۆربەی ساسەتمەدارەکانی ئەمریکا ئەنجامی دەدەن، بەڵێ زۆربەی سیاسەتمەداران تاوانبارن یان دەبنە تاوانبار، هەڵبەتە هەموویان نا، هی وەک خومەینیی لەمەڕ خۆتان و سەددام حوسێن و زۆربەی دیکە، خۆ تاوان تەنها کوشتنی خەڵک نیە، مەبەستم خەڵک کوشتنی راستەوخۆیە، تەماشاکە، سێرکی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ملیاردەها دۆلاری لە هەڵبژاردن و دەبدەبەکانی هەراوهۆریاو هوتافکێشانەکان خەرجکردو رژایە گیرفانی ئەو مشەخۆرانەی رادیۆو تەلەڤزیۆن و چاپەمەنییەکان بەڕێوە دەبەن، ئەمەش جۆرێکە لە تاوان جا هەرکەسێ بیەوێ بیکات، کۆمارییەکان یان دیموکراتییەکان، یا ئەوانی دیکەی وەک راڵۆف نادر، کە دیارنیە بێتە سەر حوکم چی دەکات.

* هیلاری دەتوانم پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم؟

* بەڵێ

* رات چیە بەرامبەر بە جیابوونەوەی ئاین لە حکوومەت یا سیاسەت؟

* ئێمە، مەبەستم زۆربەی ئەمریکاییەکان، ساڵانێکە بڕیاری خۆمان سەبارەت بەئاین روونکردۆتەوە، ئاین بۆ ئێمە مەسەلەیەکی تایبەتەو سیاسەت مەسەلەیەکی گشتییە، لە مەبەستم تێدەگەی؟ من دەڵێم ئێمە بەهەرحاڵ ئێمە بڕیاری خۆمان روونکردۆتەوە، بەڵام زۆر روون نا، هەڵبەتە لێکۆڵینەوەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماریی جۆرج بۆشت بینی، کە هەم ئاماژەی بە یاسای بنەڕەتی و هەمیش بە کتێبی پیرۆزداو گوتی کە بەرامبەریان وەفادار دەمێنێ، خۆکاتێ کە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریش دەگۆڕن، سوێند بە کتێبی پیرۆز دەخۆن، ئەمە



مانای چیە؟ خۆ وەک رۆژ ئاشکرایە کە کەشیشەکان و کلێساکان دەست دەخەنە نێو سیاسەتەوە، تەماشای مەسەلەکانی لەباربردنی کۆرپەلەو حوکمی لەسێدارەدان و زۆر شتی دیکە بکە، باوەڕ بکە کەخودا لە ملیاردێرو دەوڵەمەندەکان نزیکترە، سیاسەتی دنیاش ملیاردێرو دەوڵەمەندەکان هەڵیدەسوڕێنن، هەڵبەتە نابێ لەهەق لابدەین، کە ئێرە لەگەڵ ولاتانی ئێوە بەراورد ناکرێ، ئەوێ زۆر ترسناکە، لێرە هەر هیچ نەبێ بەردبارانکردنی مرۆڤ نیە، دەست وپێ نابڕن، لەسەرنادەن، قامچی لێنادەن، بەڵێ جیاوازی زۆرە، جا دکتۆر مەسعود ئیتر بەسە، بڕۆ سبەی وەرەوە، نازانم بۆ دوچاری پەشۆکان و دڵەکوتێ بووم.

* *

[ ئاسمانێکی شین بێ یەک پەڵەهەور لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە، باڵندەکان کردبوویانە دەنگ وهەرا، هیلاری لەسەر زەوی دانیشتبوو، فنجانی قاوەو تەپڵەکی جگەرەکەی لەسەر کورسیەکەی دانابوو، قسەی لەگەڵ یەکێک لە باڵندەکان دەکرد، کە لەسەر دارچنارێکی بەرامبەر ژوورەکەی دەیخوێند.]

* بخوێنە بچکۆلەکەم کە دڵی تۆ لەدڵی مرۆڤ گەورەترە، دڵی تۆ دەفڕێت بەڵام دڵی مرۆڤ نا.

[ دەنگی خۆی گۆڕی و ئیتر دەنگی بووە دەنگێکی پیاوانە.]

* دڵی مرۆڤیش دەفڕێت، دڵی هەموو مرۆڤەکان، ژیان واتە فڕین.

[ دیسان بەدەنگی خۆی وەڵامی دایەوە: ]

* ژیان واتە فڕین؟ ژیان واتە سزادانی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە هەر رۆژە ژیانی خۆی ئاڵۆزتردەکات، تا سەرەنجام هەر لەناو ئەم ئاڵۆزییەدا بپلیشێتەوە، نا، نا من هەڵەبووم ژیان واتە یەک پارچە گوو.

[ بێدەنگ بوو، تێم راما: ]

* دیسان هاتی گفتوگۆ بکەی، ئەم گفتوگۆیە خەریکە بۆ من دەبێتە کابووسێک، بەڵام بەردەوامبە.

* ئەمرۆ هاتووم دەربارەی ئەدەبیات گفتوگۆت لەگەڵ بکەم، دەربارەی شیعر.

[ لەجێی خۆی هەڵسا، بە دەست و روخسار تێیگەیاندم کە لەسەر جێگاکەم دانیشم و ئەو دێتەوە، فنجانی قاوەکەی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی، چەند دەقیقەیەک دواتر گەڕایەوە، بووبوو بە هیلارییەکی دیکە، کڵاوێکی سووری کردبووەسەری، کە پەڕەمووچی سپیی بەسەرەوە لکاندبوو، کراسێکی سوور، پانتۆڵێکی بەڕەنگی کراسەکەی لەبەرکردبوو، پێڵاوی سوورو بریقەدارو پاژنەبڵندی کردبووە پێی، جگەرەکەی خستبووە سەر دارجگەرەیەکی سوورو رەنگینتر بوو لەوسووراوەی کە لە لێوەبچووک و جوانەکانی خۆی هەڵسووبوو. ]

* جلوبەرگێکی زۆرجوانت پۆشیوە هیلاری، جوانتر بووی، جوانتر.

* سوپاست دەکەم، گوتت دەتەوێ دەربارەی ئەدەبیات، بەتایبەتی شیعر گفتوگۆم لەگەڵدا بکەی، دەزانی ئەگەر لەجێی تۆ بوومایە جلوبەرگی شیکترم دەپۆشی و بۆینباخێکی سوورم دەبەست، دەبێ بە شیک و شادییەوە بچیتە سۆراخی ئەدەب و شیعر.

[ شادومانی لە چاوەکانی دەبریسکایەوە، زەردەخەنە روخسارە رەق و تەقەکەی داپۆشیبوو، دارجگەرەکەی خستبووە گۆشەی لێوی و بە چەرخێکی سوور جگەرەکەی داگیرساند، بواری ئەوەی نەدا کە من پرسیار بکەم: ]

* بێگومان دەتەوێ بپرسی چ پێناسەیەکت بۆ ئەدەبیات هەیە؟ لەراستیدا ئەدەبیات و شیعر چین؟ من بە ئێوەم گوت کە دایک و باوکی من شاعیرو چیرۆکنووس بوون، باوکم رۆژنامەنووسیش بوو، بڵاوکراوەیەکیشی دەردەکرد، منیش شاعیرو چیرۆکنووسم، شێتیشم، کە بێگومان ئەمە پێویستیی بە گوتن نیە، مرۆڤی عاقڵ نابێتە شاعیرو چیرۆکنووس، ئەندامم لە ئەکادیمیای شاعیرانی ئەمریکا، هەڵبەت ئەندامی چەند جێگایەکی دیکەشم، بەڵام گرنگ نیە، دەتوانی هەقی



ئەندامێتی بدەیت و لە سەد جێگا ببیتە ئەندام، گەلێ کەس بەو ئەندامێتییانە سکیان پڕ دەبێ لە باوبژ، بەڵام من لەوانە نیم، کە ئەمەم گوت بۆ ئەوەیە بزانیت کە من هەقی ئەوەم هەیە سەبارەت بە ئەدەبیات و شیعر رای خۆم بدەم، هەڵبەتە من لەو باوەڕەدام کە ئەدەبیات و شیعر کارێکی زۆر ناکەنەسەر مرۆڤ، مەبەستم باشترکردنی مرۆڤە، بڕوانە مرۆڤەکانی سەردەمی شکسپیرو گۆتە، لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەمرۆ جیاوازییان بەسەردا نەهاتووە، هەر ئەو گووەیەن کە هەبوون، بەڵام بچینە سەر پێناسەی ئەدەبیات، بڕوانە، واقیع لە کەللەی هەمووماندا رەنگدەداتەوە، بەڵام هەندێ مرۆڤ چاویلکەیەکیان لەچاوە کە مەودا جۆراوجۆرەکانی واقیعی پێ دەبینن و لە کەللەیان رەنگدەداتەوە، هەڵبەتە ئەو چاویلکانە بینراو نین، دواتر ئەو شتانەی کە بینییان، لەمێشکیان تاوتوێی دەکەن و دەیخەنە سەر کاغەز یان شوێنی دیکە، ئەم چاویلکەیە ناکڕدرێ و نافرۆشرێ، با بەمجۆرە بڵێم کە ئەدەبیات رەنگدانەوەی واقیعە لە کەللەی ئەدەبدۆستاندا، گۆڕین و رەهاکردنیشی لەسەر کاغەزدا. ئەگەر ژیان بە پیتزا بچوێنین، ئەدەبیات؛ خوێ و بەهاراتی پیتزایە، خوێ و بەهاراتی ژیانە، ئەگەر پیتزا خوێ و بەهاراتی تیا نەبێ، چ ئەو بخۆی چ ئەم کورسیەی من، هیچ جیاوازییەکیان نیە، نازانم لە مەبەستم دەگەی؟ وابزانم خەریکە بەناو وڕێنان دەکەوم، پێمگوتی پرسیاری گرانم لێ مەکە، گوێت پێنەدا، باسی خوێ و بەهاراتم کرد دیسان سیاسەتمەدارەکانم هاتەوەبیر، تەماشاکە لە کۆشکی سپیدا هەرگیز شوێنێک بۆ ئەدەبیات هەیە؟ نا، نا، ئەدەبیات بۆ سیاسەتمەدارەکان کوشندەیە، چونکە پاڵەپەستۆی خوێنیان بەرزدەکاتەوە، باوەڕبکەو...

[ لە قاقای پێکەنینیداو کڵاوەکەشی لەسەر سەری هەڵگرت و بە پەنجەی دۆشاومژە کەوتە یاریکردن بە پەڕەمووچە سپییەکانی و چاوی بڕیە ئاسمان.]

* واقیعیەت، ئەدەبیات، مێشک، شیعر، وشە، چەند جوانن، پێمگوتبووی کە من شاعیرم، شیعریش واتە یاریکردن بە وشەکان، ئەو وشانەی کە دڵیان هەیە،

مێشکیان هەیە، (سی)یان هەیە، دەست وپێیان هەیە، بیردەکەنەوە، رێک وەکو ئێمە، هەندێکیان عاقڵن، هەندێکیان سەمبولّی گەوجێتین، وەک سەرۆک کۆمار، وەک هیلاریی شێت، ئۆی ئاگاداربە لەوەی مەبەستم لەخۆمە، نەک ژن و منداڵی جفرسۆن کلینتۆن، لەراستیدا ئەمە قسە نیە، ئەو هاوسەری جفرسۆن کلینتۆنە، دەزانی شاعیر پزیشکی وشەکانە، وەکو تۆ کە سەروکارت لەگەڵ شێتان هەیە، بەڵام پزیشکێکی عاقڵ گوێی لەسەر دڵی وشەکان دادەنێ، گوێ لە سیەکانی دەگرێ، تەماشای گەرووی دەکات، دەست بە دەست و پێیاندا دەهێنێ، هەندێجار لەگەڵیشیان دەخەوێ، باوەڕ بکە من چەندین جار لەگەڵ وشەکان خەوتووم، عاشق بووم، بەتایبەتی لەگەڵ وشەی لێو، ئەندامی زاوزێ و..

[ کڵاوەکەی لەسەری هەڵگرت، دەستێکی بە قژە ماشوبرنجییەکەی داهێنا، چاوەگەورەکانی وێکهێنایەوە: ]

* بەڵام زۆرکەس بکوژی وشەن، دەزانم چیرۆکنووسەکان قسەی شاعیران قەبووڵناکەن، لەوانەیە تێنەگەن، چونکە جیاوازی لە کاریان هەیە، وشەکان لەئاوایی دڵیاندا کاری خۆیان باش ناکەن، نەساغن، بەڵام لە شیعر نا، مرۆڤ دەبێ بچێتە ناویەوە، واتە پسپۆڕی دڵی وشە شیعرییەکان بێ، کە تێبگا من چی دەڵێم، ئێستا بەژنوباڵای شل وخاوی تۆ وا نیشاندەدا کە لە قسەکانم تێناگەی، تازە تۆ هەم پزیشکی هەم چیرۆکنووس، ئێستا پێشبینی بکە خەڵکانی دیکە چەند گێژدەبن، ئەوەش بڵێم شاعیر درۆناکات، بەڵام چیرۆکنووس و رۆماننووس و فیلمسازو پارێزەرەکان سەرمایەیان درۆیە. لەراستیدا ئەدەبیات شیعری لێ دەرچێ واتە درۆ، واتە ئەو گوتارانەی کە لە سروشت و ژیانی مرۆڤدا بوونیان نیە، بەڵام نا شاعیریش درۆدەکەن، بەڵام کەمتر، ئەوەی کە دەڵێ درۆناکات؛ درۆدەکات. ئەها، بڕوانە، بڕوانە، لەخۆر بڕوانە، تەماشاکە خەریکە ئاوادەبێ، چەند جوانە، تەماشاکە، دڵی، دەمی، چاوەکانی، تەماشای ئەو پێیە جوانانەی چەند بە هێمنی هەنگاو دەنێ، وادەچێ بخەوێت، زۆر جوانە وانیە؟ هەڵبەتە ئەو شتانەی من دەیانبینم تۆ نایانبینی،



هەموو چیرۆکنووسەکان بەمجۆرەن، بەڵام لە سیاسەتمەدارو کەشیشەکان خراپتر نیە، ئەوان هەرگیز خۆر نابینن؛چ جای دڵی، ئۆی بەڕاست تۆ ئەنجیلا دیڤیس دەناسیت؟ بێگومان دەیناسیت، ئەو شاعیرێکە دەزانێ شاعیرێتی هەر ئەوەنیە کە تەنها شیعر بڵێ، دەتوانی شاعیر بیت بەڵام شیعر نەڵێی، بەڕای من هەموو مرۆڤە باشەکان شاعیرن، تاک وتەراشیان چیرۆکنووسن، دەزانی ئەگەر ئەنجیلا بیویستایە وەک ئەو ژنانە بکات کە لەگەڵ سەرۆک کۆمارو دەوڵەمەندەکان دەخەون و دواییش باس لە ئازادیی ژنان دەکەن، تا ئێستا بووبووە ملیۆنێر، بەڕاست دەزانی ئەنجیلا دیڤیس کۆمۆنیست بووە، مافی مرۆڤی ملیۆنێرو ملیاردێرو کەشیشەکانی ئەمریکا بڕگەیەکی زۆر مرۆڤانەی تێدایە، کە زۆر ئاژەڵانەیە، لەو بڕگەیەدا دەڵێن: کۆمۆنیستی چاک ئەو کۆمۆنیستەیە کە مردووبێ، دەبینی ئەم دەوڵەمەندو کەشیشە ئەمریکاییانە چەندە شەریفن؟! لەڕاستیدا من کاتێ باس لەمجۆرە (مافی مرۆڤ)ەدەکەم دڵم پڕدەبێ لە باوبژ.

[ کڵاوەکەی هەڵگرت، پێڵاوەکانی لەپێ داکەندو بەرەو ژوورەکەی رۆیشت، بەڵام هێشتا چەند هەنگاوێک زیاتری نەنابوو راوەستا، کەمێک بیری کردەوەو گەڕایەوە: ]

* هێی دکتۆر لەبیرم چوو پێت بڵێم کە سیاسەتیش مێشکی هەیە، سیی هەیە، دەست وپای هەیە، قژی زەردو درێژی هەیە، هەمووشتێکی هەیە تەنها دڵ نەبێ، بەڵێ ئەگەر سیاسەت دڵی هەبوایە بارودۆخی دنیا بەمشێوەیە نەدەبوو.

[ کڵاوەکەی خستە سەری و رۆیشت. ]

* *

[ بەنیازبووم چەند رۆژێک بەدوایدا نەچم، بەڵام دەنگی گیتارەکەی لێنەگەڕا، لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوو، بە تەنوورەیەکی کورت و کراسێکی یەخە واڵاوە،

نیوەی مەمکەکانی دیاربوون، سوتیانە کونکونیلە رەشەکەی لەچاوان دەچەقی، لەکاتی ژەنینی گیتارداچاوەکانی داخست، کاتێ چاوەکانی کردەوە لەبەردەمی راوەستابووم. ]

* زۆرجوان دەژەنی، زۆر جوان، خەڵکی شێت دەکەی.

* شێت مەبە، لێرە تەختی بەتاڵیان نیە، یەکەمین برادەری کوڕەکەم گیتارژەن بوو، ئەو فێری کردم، مۆزیکا شێتم دەکات، مۆزیکا کاری منی گەیاندە ئێرە، من بتهۆڤن و نیل دیاموندو باربارا ئەستیریندم زۆر خۆش دەوێ، باربارا لەگەڵ مندا لەیەک شێتخانە بوو، ئەوکاتە سکی لە مێردی یەکەمی هەبوو، نیل دیامۆندیش لەوێ بوو، بەڵام بتهۆڤن لە بەشی کەڕەکان بوو، ئای ئەگەر مۆزیکا نەبوایە دنیا چی بەسەر دەهات؟!من کاری شێوەکارییش دەکەم، بێگومان تابلۆکانمت بینی، من لە ئاودەست وێنە دەکێشم، ئەوێ باشترین جێگایە بۆ داهێنانی کاری هونەری،.

[ بەپێکەنینەوە لەجێگاکەی هەڵسا، بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە، دووبارە لەسەر کورسیەکەی دانیشت. ]

* هیلاری، لەکاتێکا شیعر دەڵێی دەبێ هەلومەرجێکی تایبەت هەبێ، یا لەهەر هەلومەرجێکا دەتوانی شیعر بڵێیت؟

* هەندێ جار بە پاڵکەوتنەوە، هەندێ جار بە دانیشتن، هەندێ جار لە ئاودەست و .. ئۆی داوای لێبوردن دەکەم تازە لە مەبەستت تێگەیشتم، کاتێ دەنگەکان ئازادم دەکەن، دەنگە بەدو قێزەونەکان، کاتێ زۆر تەنها دەبم، کاتێ بیرلەوە دەکەمەوە کە بۆچی منیان هێنایە ئێرەوکاتێ باڵندەو ئەستێرەو مانگ دەبینم، دەزانی تەنهایی بۆ هونەرمەندی باش شتێکە، هەندێ جار لە مەرگ و هەندێ جاریش لە ژیان نزیکی دەخاتەوە، لە ئەمریکا هەموو هونەرمەندە باشەکان یان تەنهان یانیش لەشێتخانەکاندا بەدوای تەنهایی دەگەڕێن. ئۆە دەهەر واز لەم



پرسیارو وەڵامانە بێنە، پرسیاری گەوجانە زۆرجار وەڵامێکی گەوجانەش لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

[ جگەرەیەکی داگیرساند، قومێک قاوەی نۆشی، چاوی بڕیە دارچنارێک. ]

* بۆکوێ چووی باڵندەی دەنگخۆش؟ نەکا (ئێف. بی. ئەی) تۆشی دەستەمۆکردبێ؟! دەزانی باڵندەکانیش وەکو تۆ پەناهەندەی سیاسین، سیاسەت پەناهەندە دروست دەکات، ئەدەب ئەم کارە ناکات، سیاسەت تەنانەت شاعیرکوژە بەچەک، بەڵام فیشەکی شاعیر وشەو عەشقە، ئای خۆزگە شیعر لە جیهاندا حوکمڕانیی دەکرد، خۆزگە..

[ لەژێر لێویشەوە هەندێ شتی گوت کە لێی تێنەگەیشتم، چەند دەقیقەیەک بێدەنگ بوو، لەئاسمان ڕاما، دەستی بە فیکە لێدان کرد، جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، لەجێگاکەی هەڵساو لەسەر زەوی دانیشت. ]

* هەست بە بۆنی خاک و بۆنی ژیان دەکەی؟ تۆ لانگستون هیوز دەناسی؟ خودایە تۆ چ خالیقێکیت!! لانگستون هیوز، بتهۆڤن، خودای من. باشە دکتۆر مەسعود دواپرسیارت بکە، من ماندووم ماندوو، مژێکی توندی لە جگەرەکەیدا، قومێک قاوەی هەڵنۆشی، [ چاوی بڕیە دەمم.]

* هیلاری تۆ کە لێرە دەژی هەست بەچی دەکەی؟

* ها، هەست، نازانم، دەزانی من قبووڵمکرد کە شێتم، ئاساییە لەمبارەیەوە هەستێکی باشم هەبێ، بەڵام دڵم بەو کەسانە دەسووتێ کە شێتن و حاشای لێ دەکەن، تەماشای ئەو سیاسەتمەدارانە بکە، دەزانی مەبەستم لە چ کەسانێکە، ئەوانە تەنانەت لەگەڵ خۆیانیش ڕاستگۆ نین، با دانی پێدا بنێم بۆت ئەی غەریبحاڵ، من گەلێ جار هەست بە خۆشحاڵی دەکەم بەوەی کەلێرە من دەزانم کێم و دەبێ لەکوێبم، من لەگەڵ خۆمدا ڕاستم، ئەمە رەزامەندم دەکات، قسەکانیشم ئیتر

تەواوبوو، جارێکیتر تەنها شیعرو چیرۆکت بۆ دەخوێنمەوە، گوتنی ئەم وشە سواوانە ماندووم دەکەن.

[ پشیلەکەیشی بانگکرد، (پڵنگ) هات بازیدایە سەر کورسیەکەی و جێگای خۆی لەوێ خۆشکرد، لێوەکانی پشیلەکەی ماچکردو پەنجەی خستە ناو قژە درێژەکانی پڵنگ:]

* وەرە ئازیزم، بەڵێن دەدەم کاتی زیاترت بۆ تەرخان بکەم، بەڵێن دەدەم.

**سەرچاوە:**

**ایران امروز، ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤**

# بەشی دووەم

فرمێسکی تەڕ چاوەکانی درەوشاندبۆوە، ١٢ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ بە زەحمەتییەوە خۆی گەیاندبووە نووسینگەی کارەکەم:

دنیایەکی چەند جوان و خۆشە، مەگەر وانییە؟ ها، هاتووم هەواڵی مردنی خۆمتان پێبدەم، من دوێنێ کوژرام، دوێنێ شەو تەرمەکەمیان بەرێکردو، ئەمڕۆ بەرلەوەی بێمە ئێرە بەخاکیان سپاردم، چیتر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مندا کات بەفیڕۆ مەدە. ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

دەمبینی لە ماوەی کورت و بە بێدەنگی، بەدەگمەن لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە، هەرکاتێک بەدوایدا دەرۆیشتم بە روخسارو هەڵسوکەوتێکی جدییانەوە دەرمانەکانی وەردەگرت و لەژێر لێوەوە دەیگوت (خواحافیز).

دوو ساڵ دوای ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣ وەک ئەوەی زیاتر لە سی ساڵ بەسەر ئەودا تێپەڕیبێ وەک نەخۆشێکی هەشتا ساڵە دەهاتە بەرچاو، کە نەک تەنها بەدەست نەخۆشیی دەروونییەوە بەڵکو بە دەست هەوکردنی سی و میزڵدانەوە دەیناڵاندو کاریگەریەکانی دەرمانەکان ئەم لەڕو لاوازەیان لە جێدا خستبوو. دەرمانەکانم پێیدا، چاوەڕوان بووم تا لەژێر لێوەوە بڵێت (خواحافیز) بەڵام نەیگوت:

- ناتەوێ کەمێک لەلام بمێنیتەوە؟ ناتەوێ گفتوگۆم لەگەڵدا بکەی؟

-یەکێ لە ئارەزووەکانی من ئەوەیە دیسان گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم هیلاری

- باشە سبەی ئێوارە چۆنە؟ ئۆە،،نا،،نا، سبەینی ڕۆژی پشووی ئێوەیە، من نامەوێ ڕۆژی پشووی ئێوە تێکبدەم.



- گرنگ نییە، با بڕیارمان سبەی ئێوارە بێت.

ڕۆژی شوکرانە شێتخانە چۆڵ و دڵگیرتر بوو، زۆربەی نەخۆشەکان چووبوونەوە سەردانیی خێزانەکانیان، هیلاری تاکە نەخۆشێک بوو کە لە حەوشەکەدا دەبینرا.

سڵاوی من بێ وەڵام مایەوە، لەگەڵ فنجانی قاوەکەی دەدوا:

- ئەمڕۆ ڕۆژی شوکرانەیە، دەبێ شوکری خوا بکەین کە توانای بەخشییە باوکە دزو زۆرزانەکان و لەهەمان کات زیرەک و وشیارەکانی ئێمە تا ئەو کەسانە بکوژنء نیشتمانیان داگیر بکەن کە بە گۆشتی قەلء میهرەبانی و میواندارییەوە چوونە پێشوازییانەوە، دەبێ شوکور بین، بەڕاستی دەبێ لای کێ شوکرانە بکەین؟ ها؟ لای خودا؟ سەیرە، دەبێ شوکرانەی کەسێک بکەین کە زبڵدانێکی بەقەد گەورەیی دنیا خەڵقکردووە؟ بەڵێ؟ بڕۆ گومبە، تۆش لە هیچ شتێک تێناگەی.

فنجانە پڕلە قاوەکەی بە قەدی دارچنارەکەی بەرامبەر ژوورەکەی داداو بەنیگایەکی کزو هیلاکەوە تێیڕوانیم.

- هیلاری من هاتووم گفتوگۆت لەگەڵ بکەم، خۆت گوتت بێم.

- من حاڵ و حەوسەڵەی ئەوەم نییە، با بۆ بیست و چواری دیسامبەر بێت.

هەڵسایەوە، پڵنگیش بە دوایەوە بوو، دەستی بەو چوارپێچکەیە گرت کە لەکاتی ڕۆیشتندا خۆی پێوە دەگرت و بەرەو لای ژوورەکەی ڕۆیشت، دەمزانی پێداگرتن بێسوودە.

بیست و چواری دیسامبەر پێکەنینەکەیم لە دوورەوە بینی، دەستی بۆ دەلەقاندم، لەسەر کورسییەکی تازە، کە خوشکی بۆی کڕیبوو دانیشتبوو.

- سڵاو، چۆنی؟ زۆر لەمێژە نەمبینیوی، وەرە، وەرە بزانە کورسییەکی چەند باشیان بۆ هێناوم، هەموو شتێکی هەیە، جێگای فنجانی قاوە، جێگای تەپلەکی جگەرە، چەتر، جێگای ئاڵای ئەمریکا، بەڕاست خوشکم ئاڵایەکی ئەمریکای هێناوە تا بیخەمە ناو کونی کورسییەکە، گوتم من ئەم کارە ناکەم، بەهۆی ئەم ئاڵایەوە لەپڕێکا دەبینی قاعیدە پەلاماری شێتخانە دەدات، پێمگوت ئاڵایەکی سپی بێنێ.

قومێک لە قاوەکەی هەڵنۆشی.

- من دڵم بۆ کورسییەکەی پێشووم تەنگبووە، زۆرم خۆشدەویست، مرۆڤ وردە وردە دەبێتە هاوڕێی کەلوپەلی ناوماڵەکەی، دەزانی من چ دەردە دڵێکم بۆی کردبوو، چەند شیعرو چیرۆکم بۆی خوێندبۆوە، ئەو تەنها گوێی دەگرت، کەلوپەلەکان لە مرۆڤەکان میهرەبانترن میهرەبانتر. باشە هاتووی گفتوگۆ بکەیت؟ من ئامادەم، من لەسەر قسەی خۆمم، ناڵێم برۆ سبەی وەرەوە، سبەینی رۆژێکی گرنگە مەسیحی بێچارە مرۆڤێکی باش بوو، ئەهلی ئاشتی و شادومانی بوو، مەسیحی بێچارە، ئەگەر دەیزانی چ کەسانێکی تاوانبار پەیڕەویی دەکەن و چ تاوانگەلێک بە ناوی ئەوەوە دەکەن هیچ کاتێک بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی نەدەکرد، باشە باوازبێنین، دەست بە گفتوگۆ بکە، بەڵام با ئەوەش بڵێم، ئەم کورسییە دیاریی لەدایکبوونمە (ویستم بزانی)

- لەدایکبوونت پیرۆزبێ هیلاری

- سوپاست دەکەم دەزانی بە خوشکمم گوت مرۆڤەکان بەبۆنەی لەدایکبوونیانەوە پرسە دابنێن، پێویستە کەسێک کەمرد دیاریی پێ بدرێت، لەجیاتی دیاریی لەدایکبوون دەبێ دیاریی مەرگ بە مرۆڤ بدرێت، لە مەبەستم تێدەگەی؟ بۆنموونە خودی من، ئەگەر لەدایکنەبوومایە باشتر نەبوو؟ خوشکم کۆمەڵی دەبدەبەشی هێناوە، دەزانی فەلسەفەی هێنانی ئەم دەبدەبانە چییە؟ فەلسەفەی ئەوەیە کە پێت بڵێن ژیان وەک دەبدەبەیەک دەمێنێتەوە، جارێک ئەوەی بتەوێ دەڵێ (تەقققققق) و تەواو لە مەبەستی من تێدەگەی؟

- بەڵێ

- درۆ دەکەی، باشە پرسیار بکە، من ئامادەم، بەڵام نا سەبر بگرە، ناوی فەلسەفەم هێنا فەیلەسووفەکانم هاتەوەبیر، زۆر عەنتیکەنە، مەگەر وانییە؟ من تا ئێستا مرۆڤی ترۆتۆپ گەورەو فشەکەری وەک ئەم فەیلەسوفانەم نەدیوە، تا ئێستا هیچ کارێکیان نەکردووەو هیچ دەردێکی ئەم خەڵکەیان



دەرمان نەکردووە، لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بیگرە تاسارتەرو راسەل و درێدا، چۆمسکییەکەی خۆمانیش، تەنها ئاراستەکردنی قسەی بی سەروبەر بۆ ئێمەو دەرهێنانی گرتەی رەمەکی، بڕوانە ئێمەی مرۆڤ هەر ئەو گووەین کە لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ هەبووین، ئێستا زیاتریش بووینەتە گوو، فەیلەسووفەکانیشمان بە هەمانشێوە، ئۆی بمبوورە من زۆر دەمشڕ بوویمە، داوای لێبوردن دەکەم، نازانم بۆچی فەلسەفەو سیاسەت دەمشڕم دەکەن، نازانم بۆ. رەنگە لەبەر ئەوە بێ ئەو کاتەی کە ١٣ ساڵان بووم لەبەر ئەوەی باوکم رۆژنامەنووس بوو، خەڵکێکی زۆر لە سیاسەتمەدارو فەیلەسووف هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد، هەندێک لەوانە دەیانویست سێکسم لەگەڵدا بکەن، لە کاتێکا کە تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، دواتر تێگەیشتم ئەو سیاسەتمەدارو فەیلەسووفەی کە نەتوانێت خۆی و هەڵسوکەوتی خۆی کۆنترۆڵ بکات، چۆن دەتوانێت کۆمەڵگا رێکبخات. باشە با وازبێنین، پرسیار بکە من ئامادەم.

- هیلاری ئەگەر روخسەت بدەی یەک پرسیاری تایبەتیم لە تۆ هەیە، روخسەت دەدەی؟

- بەڵی، من هیچ شتێکی تایبەتیم نییە، هەموو شتێکی من گشتییە، شتە تایبەتەکان هی ژنە عاقڵ و درۆزنەکانە.

- هیلاری، لەم ماوەیەی کە نزیکەی سێ ساڵێک دەبێ بەسەر یەکەمین گفتوگۆی من لەگەڵ تۆدا تێپەڕیوە، تۆ زۆر زیاتر پەکت کەوتووەو زۆر گۆشەگیر تریش بوویت، بۆچی؟

- باشە دیارە ئەو دەرمانانەی پێمی دەدەن هەروا لەخۆوەن، رەنگە نەیانخۆم و بە هێواشی بیانرێژمە ناو ئاودەست، نازانم. ئەوەشت پێبڵێم، یەکەمین، نزیکەی سێ ساڵ نییە نزیکەی سێ قەڕن بەسەر ئەو خۆرئاوابوونانەدا تێدەپەڕی، رەنگە زۆر زیاتریش، دواتریش من گۆشەگیرتر نەبووم، من لە ژوورەکەمدا کارم دەکرد، من

گفتوگۆم لەگەڵ هەموو گەشتیارانی ئەو فرۆکەیەکرد کەخۆیدا لە تاوەرە دوانەییەکە، بەتایبەتی ئەو منداڵە بچووکانەو....

روخساری گۆڕا، بە تورەییەوە تەماشای کردم، لێوەکانی دەلەرزی، هەڵسا بەکۆمەکی چوارپێچکەکەی بەرەو ژوورەکەی رۆیشت، بە بووکە شووشەیەکی بچووکەوە هاتەوە، چاوی بڕیە بووکە شووشەکە.

چەپەڵییەکان، چەپەڵییەکانی عەرەب، چەپەڵییەکانی ئەمریکایی، چەپەڵییەکانی موسڵمانان، چەپەڵییەکانی مەسیحی، چەپەڵییەکانی جولەکە

پێکەنینێکی گاڵتەئامێزی کردو:

– ئۆە، وەک ئەوەی لەسەرم درابی، شێتتر بووم، ئاخر چەپەڵی خۆ گوێی نییە من هەر بانگی دەکەم، قومێک لە قاوە ساردەوەبووەکەی هەڵئۆشی و جگەرەیەکی داگیرساند.

– دەزانم تەنگەنەفەسیت هەیەو دوکەڵی جگەرە باش نییە بۆت، بەڵام خراپ نییە، ئەم هەموو زبڵ و زارەمان بەناوی دەرمان دەرخوارد دەدەی، لەبەرامبەر دا زەرڕەیەک دوکەڵ بخۆ. دەمگوت من گفتوگۆم لەگەڵ هەموو ئەوانە کرد، لەگەڵ سێ هەزارو سێ کەس، هەندێکیان مرۆڤی زۆر باش بوون، گفتوگۆم لەگەڵ تیرۆریستانیش کرد، ئەوانیش مرۆڤی خراپ نەبوون، داینەسۆرێک ناونیشانی بەهەشتی بە هەڵە پێدابوون، گوتبووی جووتە تاوەرەکەو پنتاگۆن و کۆشکی سپی بەهەشتن، ئەوێ جێگا خۆشەکەیە،ئەو جێگایانەی کە دەکرێ لەوێدا لەگەڵ حۆرییان بخەویت و باشترین خواردن بخۆیت و باشترین خواردنەوە بخۆیتەوە، ئەم بەدبەختانەش باوەڕیان کردبوو، ئەری تۆ جاری پێشوو بۆچی دەربارەی ١١ی سێپتێمبەر گفتوگۆت لەگەڵ مندا نەکرد؟

– ئاخر هیلاری من لە شوبات گفتوگۆم لەگەڵدا کردی هێشتا کارەساتی ١١ی سێپتێمەر رووی نەدابوو.



– نووسەرێک نەتوانی لە شوباتی ساڵێکدا پێشبینی ئەوە بکات کە لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا چی روودەدات، باشترە بچی ببێتە قازەوان، بەڵی دەمویست بڵێم من گۆشەگیر نەبووبووم، خەریکی کارکردن بووم، راستیەکەی کارم لەسەر جەنگی نێوان بۆش و سەددامیش کرد بەڵام گفتوگۆم لەگەڵدا نەکردن، ئەوان مرۆڤ نین تامن گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەم، دەزانی منیش وەکو تۆ تەنها گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی کامڵ و رێک دەکەم، لەو خەڵکانە نیم کە گفتوگۆ لەگەڵ حەیوانان بکەم، تەنانەت لە زمانیشیان تێناگەم.

(باشە، بابچم تۆزێک قاوە بێنم دواتر درێژەی پێبدەین)

– بزانە هیلاری، من دەمویست دەربارەی کارەساتی ١١ی سێپتێمبەرو جەنگی ئەمریکاو عێراق بۆچوونت وەرگرم کە...

قسەکەی پێبڕیم:

ئێ، ئێ، جەنگی ئەمریکاو عێراق چیە، تۆ لەکوێیت؟ ئەم جەنگە جەنگی بۆش و سەددامە، سەددام دەیویست باوکی بۆش بکوژێت کە قەبزە، بەڵام نەکرا، ئێستا کورەکەی دەیەوی تۆڵەی بکاتەوە، هەر ئەمەیەو قسەکانی دیکە هەمووی قسەی قۆڕن، گوێ مەدەرە قسەی شیکەرەوە سیاسییەکان، ئەوان کەرترن لەوەی کە وا بە سادەیی سەریان لەم مەسەلانە دەربچێت، بەڵام ئەوەشت پێبڵێم، بۆشەکان شەیدای نەوتن، نەوت، نەوت، ئەگەر ئەم بنەماڵەیە ترۆ بکەی رۆژی دە جاران نەوت دەپاڵێون، من نازانم ئەم گرگنە بۆچی جارێک منداڵ و کەسوکاری خۆی نانێرێتە بەرەی جەنگەوە. ئەمەشت پێبڵێم ئەم جەنگە زۆر درێژە دەکێشێت، شیکەرەوە سیاسی و چەکفرۆشەکان لەخۆیان خەنی، بەتایبەتی ژەنەراڵە خانەنشینە شیکەرەوەکان، ئەمانە هەموویان حیزە تاوانبارانی جەنگن، ئەمانە تەنها لەجەنگداو بەهۆی جەنگەوە پارە پەیدا دەکەن، بەڵێ ئەمانە لە ئاشتیدا دەمرن. ئەوەشت پێبڵێم، لەوانەیە بۆش بڕیاری هێرش کردنە سەر ئێرانیش دەربکات، بێگومان بۆش نازانێ ئێران و عێراق جیاوازییان هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دوو وڵاتە زۆر

هاوشـێوەی یەکتـر دەنووسـرێن، بۆشـیش ئەوەنـدە عەقڵـی بەسـەردا ناشـکێت، ئینگلیزیش باش نازانێت، رەنگە بڵێت ئەم دوو وڵاتە یەک وڵاتن و بڕیاری هێرش کردنە سەر ئێرانیش بدات، باوەڕ بکە ئەو زۆر ئەحمەقە.

باشە ئیتر ماندوو بووم، پاشماوەی گفتوگۆکە هەڵگرە بۆ دووسبەی، ئیتر دنیا تاریک داهاتووە، هەڵسەو بڕۆ لای ژن و منداڵت، لەبیرت نەچێ پیرۆزبایی ساڵی نوێیان لێ بکەو بەیانییش بیانبە بۆ (دیزنی وۆرڵد) ئەگەر دیزنی وۆرڵد داخرابوو خەبەرم بدێ، تەلەفۆن دەکەم بیکەنەوە، ئاخر خاوەنەکەی برادەری باوکم بوو.

پاشماوەی قاوەکەی رشتە سەر زەوی، بووکوکەکەی هەڵگرت و بەرەو لای ژوورەکەی رۆیشت، گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساند. لە ٤٤ ژووردا تەنها گڵۆپی ٦ ژوور داگیرسابوو.

* * *



دار سنۆبەرێکی بچووکی پلاستیکی لە سەر کورسییەکەی کەوتبوو، فنجانی قاوەکەی پڕبوو، تەققەیەکم لە دەرگاکەیەوە هێنا:

بفەرموونە ژوورەوە، جەنابی نووسەر. لەسەر چارپاکەیداو لەسەر لاتەنیشتێک راکشابوو، دوو کارتۆنی گەورەی دەستنووسی لەسەر چەند کاغەزێکی رەنگاوڕەنگ، لە تەنیشت چارپاکەی دانابوو، ئاماژەیەکی بۆ دەستنووسەکان کرد:

– ئەمانەم هێنا تیایاندا بگەڕێم رەنگە جحێڵیم لەمانەدا بدۆزمەوە، بەڵێ هەموویان دەربارەی ١١ی سێپتێمبەرو جەنگی بۆش و سەددامە، ئەم کاغەزە وێنەدارە دەبینی؟ گفتوگۆی منە لەگەڵ کچێکی ١٩ ساڵەی عاشق، ١١ی سێپتێمبەر چووبووە یەکێ لە دوو بورجەکان قاوەیەک لەگەڵ دەزگیرانەکەی بخواتەوە کە لەوێ کاری دەکرد، بەڵام بەهەشتییەکان پارچە پارچەیان کردن، دەسا، وەرە یارمەتیم بدە بچینە دەرەوە.

چاوی بڕییە دار چنارەکەی بەرامبەر ژوورەکەی:

– درەختی بێ گەڵا جوانترە، وەک پیاوێکی رووتو قووتە، وانییە؟ تەماشاکە خەبەرێک لە باڵندەکانیش نییە، دەبێ چووبن بۆ دیدەنیی خانەوادەکانیان، ئەرێ تا ئێستا بیرت لەمە کردۆتەوە بۆچی باڵندەکان زیاتر لەهەر شوێنێک حەزیان لە شێتخانەکانە؟ شێتخانە تەنها شوێنێکە کە دەشێ تیایدا بە ئاسوودەیی بفڕن.

بەرەو لای دار چنارەکە رۆیشت، پڵنگیش ساڵانە ساڵانە بەدوایدا کەوتە رێ.

وەرە تۆزێک پیاسە بکەین.

هەر دو..سێ هەنگاوێک کە دەینا؛ رادەوەستاو هەناسەیەکی تازەی هەڵدەکێشا.

بینیت، وەک مراوی بەرێدا دەڕۆم، ئیتر هەموو شوێنێکم شەقار شەقار بووە، زیاتر لە هەموو شوێنێک وەزعی مێشکم خراپە، زۆر جەنجاڵە، دەزانی سیاسەت و فەلسەفە مێشک بۆگەنی دەکەن، من نەدەبوایە رێگام بەمانە بدایە بێنە ناو مێشکمەوە، تەنهاو تەنها رێگام بە شیعرو چیرۆک بدایە. لە راستیدا ئەم عەرەبانەیە زۆر یارمەتیم دەدات، باوەڕتبێ زۆر لە پەرستارەکان میهرەبانترە.

له تەنیشت حەوزەکەدا، لەسەر کەرەوێتێکی سەوز دانیشت:

– شەو خەونم بینی کە توامەوەو بوومە ئاو، دواتر بوومە یەک دڵۆپ، هاتم و خۆم خستە ناو ئەم حەوزە، نازانی چ هەست و حاڵێکم هەبوو، ئەو کاتەی گەنج و ساغ بووم، زۆرم مەلە دەکرد بەڵام ئەم هەست و حاڵەم نەبوو، گەنج بووم، زۆر دەچوومە ناو ئاو بەڵام لە جنسی ئاو نەبووم، کە بوومە دڵۆپێک کێشەکە زۆر گۆڕا، بووم بە جنسی خودی ئاو، لەناو حەوزدا هەم ونبووم و هەم دیار، نازانی چ هەستێکی غەریبم هەبوو، دەتگوت بوومەتە پارچەیەک شیعر، یەک پارچە شیعر.

چاوەکانی داخست، دوای یەک..دوو دەقیقە بانگی پڵنگی کرد، پڵنگی لەسەر رانی خۆی دانا.

– دەتوانی گفتوگۆکە درێژە پێبدەین، من ئامادەم.

– لەبیرتە گوتبووت، لە گفتوگۆی داهاتوودا دەتەوێ تەنها شیعرو چیرۆک بخوێنیتەوە، ناتەوی لەگەڵ بەڵێنی خۆتدا وەفادار بیت؟

چۆن، چۆن، ئای کە چ زەینێکت هەیە، من لەیادم چووبوو، دەزانی ئەم وشەی (وەفا) و (بەڵێن)ە ش لەم وشانەن کە بەهەڵە بەکار دێن، لە راستیدا کە جووت دەبن دەبنە درۆی ناو درۆ، بەڵام باشە، من شیعرو چیرۆکت بۆ دەخوێنمەوە، بەڵام شیعرو چیرۆکی خۆم نا، ئەوانت پێدەدەم بیانخوێنیتەوە، دەزانم لە هیچ شوێنێک چاپیان ناکەی. ئەگەر بەرهەمەکانی من چاپ بکەیت و باس لەوە بکەی کە من شێتم و لە شێتخانەم وای لەحاڵت، دایک و خوشک و کەسوکاری من چاوەڕوانی ئەوەن یەکێک تاڵانکەن و ببنە ملیۆنێر، بێگومان ئەگەر تۆ تاڵان بکەن دزییەکی کاڵفامانەیە، دکتۆر من لەتۆ موفلیسترم نەدیوە، ئەوان دەزانن چی بکەن، ئەم سەرلێشێواوە تاڵان دەکەن، بێگومان ئەم سەرلێشێواوە یەکەمین کارێک کە دەیکات تۆ بێکار دەکات، کەواتە هۆشت بێنەوە بەر خۆت. بەرلەوەی بچینە سۆراغی شیعرو چیرۆک با چەند شتێک دەربارەی ئەدەبیات بڵێم، بەڵام جارێ هەڵسە بچینەلای ژوورەکەم.

بەرێکەوتین، پڵنگ و من بەدوایەوە بووین.



– هەر چەند دەقیقەیەک چاوەڕوانبە، من ئێستا دەگەڕێمەوە خۆت خەریک بکەو تا من دەگەڕێمەوە بیر لەم ئەسپێندارە پلاستیکییەو لە مەسیحی ئاشتیخوازو پەیڕەوانی شەڕ هەڵایسێنەر بکەرەوە. نیو سەعاتێکی پێچوو هاتەوە بە چاکێت و تەنوورەیەکی شینەوە، کڵاوێکی شین کە پەڕەمووچەیەکی جوانی بە لێوارەکەیەوە کردبوو و پێڵاوێکی شینیش، پڵنگیش بە دوایەوە بوو، بە زەردەخەنەیەک کە لێوە بچکۆلەکانی بۆ ناو دەمە بێ ددانەکەی رادەکێشا، قومێک لەو قاوەیەی خواردەوە کە کردبوویە ناوفنجانە شینەکەوە، جگەرەکەی کە خستبوویە سەر دارجگەرە شینەکە داگیرساندو دوکەڵەکەی بە دەوروبەری دەموچاوی مندا دایە بەربا، چۆنە؟

– زۆر جوانتر بووی هیلاری، جوانتر

– درۆ مەکە، بێگومان هەموو چیرۆکنووسەکان درۆزنن، چیرۆک واتە درۆ، بەڵام ئەم درۆیەی تۆ زۆر گەورەیە، ئەگەر جارێکیتر ئەم درۆیانە بکەیت شکایەتت لی دەکەم، دەزانی لە ئەمریکا ئەگەر ژنێک نەیەوێت و رێگە نەدات تۆ تەنانەت مافی ئەوەت نیە پێی بڵێی جوان بووی یان جوانیت، ئەمە بە ئازارێکی جنسی دادەنرێت، من دەتوانم قەرەبووت لی بسەنم، کەواتە چیتر ئازارم مەدە

– بەڵێ هیلاری، داوای لێبوردن دەکەم.

پێکەنی و بە لەپی دەست کێشای بە سەری پێم.

– سوعبەتم کرد، مەترسە قافی هات،

زۆریشم پێ خۆشبوو، ئەو ژنانەش کە هەم تەڵە بۆ پیاوانی دەوڵەمەند دەنێنەوە بە مەبەستی سێکسی ناشەرعی پارەیان لێ دەسەنن و هەم حەزیشیان لە سێکسی ناشەرعییە، بەڵام دوکان دەکەنەوە، دەیانەوێ پارە پەیدا بکەن و بناسرێن. جۆرێکی دیکەی فاحیشە، رەنگە جۆرێکی پۆست مۆدێرن بێ، نازانم، دەزانی لە ئەمریکا گرنگ ئەوەیە کە ناوبانگ پەیدا بکەیت، جا لە رێگای کوشتن، دزی، فاحیشە، بازرگانی، سیاسەت، یاهەر کارێکی دیکەوە بێت، گرنگ ئەوەیە کە ناو و وێنەت بچێتە ناو رادیۆو

تەلەڤزیۆن و چاپەمەنییەکان، زۆر سەیرە، وانییە؟ بۆ وا مات بووی، ها؟ چاوەڕوانیت بچمە ناو ئەسلی کێشەکە، باوەڕ بکە ئەسلی کێشەکە هەر ئەمەیە کە گوتم، ئەدەبیات لێرەدا لقیشی نییە چ جای سەرچاوە.بەڵام دەربارەی ئەدەبیات بە بۆچوونی من ئەدەبیات، یان باشتر بڵێم شیعرو چیرۆک، دەبێ حوکمی جیهان بکەن، ئاگاداربە مەبەستم شاعیرو چیرۆکنووس نییە، ئێستاش هەمان ئەو بۆن گەنیوە هەڵدەستێ کە لە چیکۆسلۆڤاکیای جاران هەڵسا، بە دەنگی گشتی بوو بە سەرۆک کۆمار، دواتر لافاوی چەکی رژاندە سەر ولاتانی بەدبەخت، تا بەخەیاڵی حۆی بارودۆخی ئابووریی ولاتەکەی خۆی باش بکات، زۆربەی رابەرانی ولاتانی جیهانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شاعیرو چیرۆکنووسن، تۆ خۆت دەتگوت کە خومەینییش شاعیر بووە، وادەبینی ئەوانە هەندێکیان لە سەرکردەکانی دیکەی جیهان تاوانبارتر بوون و تاوانبارترن، پوختەی مەبەستی من رابەرایەتی کردنی شیعرو چیرۆکە نەک نەک رابەرایەتی کردنی شاعیران و نووسەران، تۆ خۆت بێگومان دەیان شاعیرو نووسەری چەپەڵ دەناسیت کە شیعرو چیرۆکی باشیشیان نووسیوە، بەڵێ، ئێستا بەداخەوە بارودۆخی ئەدەبیات بەهیچ جۆرێک باش نییە، ئەدەبیات بۆتە ئەدەبیاتی ئاودەستخانەیی، برۆ ئاودەستی من ببینە، پڕە لە کتێب و گۆڤاری ئەدەبی، کارە ئەدەبییەکان زیاتر لە ئاودەستخانەکان دەخوێندرێنەوە تا لە کتێبخانەکان، دوای چەندێکی تر شاعیرو نووسەران مێزێک لە پێش ئاودەستەکەیان دادەنێن و کارەکانیان لەوێدا دەنووسن، بێگومان مەبەستی من ئەوە نییە کە ئاودەست شوێنێکی خراپە، نا، مرۆڤ زیاتر لە هەر شوێنێک چێژ لە ئاودەست وەردەگرێت، تەنانەت زیاتر لە ژووری نوستنیش، پێت وانییە؟ یەک رۆژ مەچۆرە ئاودەست بزانە چیت بەسەر دێ، مەبەستی من ئەوەیە کە بارودۆخی ئەدەبیات خەریکە سەراوژێر دەبێ، لە مەبەستی من تێدەگەی؟



- بەڵێ

سوپاس بۆ خوا کە تۆ بەلای کەمەوە جارێک لە مەبەستی من گەیشتی، پێکەنیء کلاوەکەی لەسەر سەری لابرد، چاوی بڕییە پڵنگ کە لە داوێنی کورسییەکەی ئەودا خەوتبوو: (خۆزگەت بەخۆت، بەڕاست پڵنگ تۆ ئاژەڵێک دەناسیت کە هاوڕەگەزەکانی خۆی پارچە پارچە بکات؟ ها؟ دەناسیت؟)

دەنگی خۆی وەک دەنگی پشیلە لێکرد:

(بەڵێ، بەڵێ، هاوڕەگەزەکانی خۆت)

بە دەنگێکی بەرزتر پێکەنی، کلاوەکەی خستە سەری، پڵنگی لەخەو هەڵساند، بە کۆکە کۆکء بە زەحمەتییەوە لە جێگاکەی هەڵساء خۆی بە چوارپێچکەکەی گرت، (ئۆی خەریکبوو لەبیرم بچێت، تۆ جارێکی دیکەش ئازاری منت داوە، لە بیرتە؟ باسی بەردبارانکردنت بۆ کردم، دەزانی بەهۆی ئەو درۆیەی تۆوە چەندە خەوم زڕا؟ بەڵام خۆم رازی کردو گوتم ئیتر ئەمە چیرۆکنووسە، کاری درۆیە، باشە، ماندوو بووم، ماندوو، دەبێ بچم کەمێک بخەوم، هیوادارم پشوویێکی خۆش لەگەڵ خانەوادەکەت بەسەر ببەیت) ئەمەی گوتء رۆیشت

* * *

کورسییەکەی لەشوێنی خۆی نەبوو، پڵنگ لەژێر دار چنارەکەدا خۆی لێکرادەکێشایەوە، بەرلەوەی پێ بنێینە ژوورەکەیەوە، ئەو پەرستارەی لەگەڵمبوو، دەمامکەکەی راکێشایە سەر لووتء دەمی تا بۆنی میزو پیسایی بێزاری نەکات، پڵنگ لەپشت دەرگای ژوورەکەوە تەماشای دەکردین، ژوورەکە شرءشێواوو پیس بوو، کورسییەکەی بە نوشتاوەیی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدابوو، راکشاوو شەکەت لەسەر چارپاکەیدا چاوی بڕیبووە بنمیچەکە، پارچە کاغەزی نووسراو سەر چارپاکەی داپۆشیبوو، هەندێ لە کاغەزەکان میز تەڕی کردبوون، کتێبی

چیرۆکەکانی ئەدگار ئالان پۆء چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت لەسەر زەوی کەوتبوون.

( بەمە بڵێ لە ژوورەکەی من بچێتە دەرەوە، نامەوێ بیبینم)

پەرستار بە تووڕەییەوە رۆیشت.

_ (دەتوانم بپرسم بۆچی ناتەوێ بیبینیت؟)

– (من ئەو کەسانەم خۆش ناوێت کە تەنها بۆنی گەنیوی خەڵکانیتر لووتیان ئازار دەدات)

لە هەموو کات هیلاکء بێ تاقەتتر دیاربوو، قژی ئاڵۆزو چاوەکانی کزو بە قووڵا چووبوون، لێوە وشکء لەرزۆکەکانی تەریفە بووبوون، بەڵام لە جوولە نەکەوتبوون.

– دیسان هاتووی گفتوگۆ بکەیت؟

– نا، هاتووم بزانم حاڵت چۆنە

– وا دەبینی باشم،تەنها لای خۆت بمێنەوە، من زۆرم بیرکردەوە، بڕیارمدا لێرە برۆم)

– بۆ کوێ؟

– (ئەودیوی ئەم گاڵتەجارییە، ئەودیوی ئەم ژیانە گوواوییە،ئەودیوی ئەم تەمێکارییە)

– (مەبەستت چییە؟)

–(خۆت لێکی بدەرەوە، دەزانم بیر لەوە دەکەیتەوە بمنێریتە نەخۆشخانەیەکی باشتر، ئەو شوێنەی کە نەخۆشی زۆر شپرزە حاڵیان بۆ دەنێرن، بەڵام باشترە ئەم کارە نەکەیت، بەڕاست بڕیار بوو شیعرت بۆ بخوێنمەوە، دەخوێنمەوە، بە مەرجێک پێشوەخت کەمێک ئاوم بدەیتێ)

دواتر بە حاڵەحاڵ کتێبە شیعری فەروغی فەروخزاد کە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی ئینگلیزی لەژێر سەرینەکەی دەرهێنا، کتێبەکە پێشتر پێشکەشیم کردبوو.



–(مەترسە، کتێبی شیعری خومەینی نییە، کتێبی شیعری.... وای خودایە دیسان ناوەکەیم لەیادچوو، بەڵام گرنگ نییە،شاعیرێکی باشە بەڵام من زۆر لەگەڵ قسەکانی ئەو نیم، بۆ نموونە کە دەڵێ باڵندە دەمرێت، فڕینت لەیادت بمێنێ، بەبۆچوونی من لەگەڵ مەرگی باڵندەدا فڕینیش دەمرێت، بێگومان نەنگییەک نییە، دەشێ لە شیعردا ئەمجۆرە دەربڕینانە هەبن.)


**دواتر دەستی بە خوێندنەوە کرد**

**( من لە کۆتایی شەو دەدوێم**
**من لە کۆتایی تاریکیء**
**لە کۆتایی شەو دەدوێم**
**ئەگەر هاتیتە ماڵەکەم**
**ئەی میهرەبان**
**چرایەکم بۆ بهێنە**
**لەگەڵ کلا و رۆژنەیەک**
**کە لێیەوە بڕوانمە ئاپۆرەی کۆڵانی خۆشبەختی**

ئەم شیعرەی دەمخاتەوە یادی ئالان پۆ، ئەویش واقیعبین بوو بەڵام ئارەزووی چراو کلاورۆژنەی بردە ناو گۆڕ، وەک هەمان شاعیری هاونیشتیمانی تۆ.)

باشە ئێستا هیلاکمء برۆ بیستء چواری ژانویە وەرە تا چیرۆکێکی کورتت بۆ بخوێنمەوە، من زۆرم حەز لە کارەکانی هەمینگوایە، عاشقی کارەکانی ئەوم، بەتایبەتی دواهەمین شاکاری.

* بیستء چواری ژانویەی ٢٠٠٤ پڵنگ بەدوای تەختەڕۆ (برانکارد–نقالە)یەکدا دەرۆیشت کە دواین شاکاری هیلارییان پێ دەبرد.



# شەمس لەنگەرودی:

## کولتووری باوی ئێمە بە گۆچان دەڕوات و توانای خوڵقاندنی شاکارێکی جیهانیی نییە

ئەگەر چی شەمس لە نگەرودی- شاعیرو رەخنەگرو نووسەرێکی دیاری ئێرانەو بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی مایەی تێرامان و هەڵوەستە لەسەر کردنن، بەڵام تا ئێستا لای خوێنەری کورد وەک پێویست نەناسراوەو بە بەرهەم و بۆچوونەکانی ئاشنانین.

لەم گفتوگۆیەدا، لەنگەرودی بە جیهانبینییەکی کراوەوە لە کێشەکانی شیعرو رووناکبیری و مۆدێرنێتەو گەلی لایەنی دیکە دەدوێت کە پێم وایە نێوەندی ئەدەبی و رووناکبیریی ئێمە پێویستییەکی زۆری بەلێکدانەوە راشکاوانەکانی لەنگەرودی و هاوشێوەکانی هەیە، بەتایبەتیش کە لەنێوان کەلتوورو ئەدەبی ئێمەو ئەواندا نزیکییەکی زۆرو چەندین رایەڵی هاوبەش هەن.

* بەڕێز لەنگەرودی، شیعر لەدنیای هاوچەرخدا چ پێگەیەکی هەیە؟

– شیعر بەگشتی لەدنیادا بەجۆرێک لە پەراوێزدایەو قسەی یەکەم سینەماو مۆسیقا دەیکەن، تەنها شیعریش نییە کە کەوتۆتە پەراوێزەوە، شانۆش هەمان بارودۆخی هەیە، ئەو شانۆییانەی کە پێشتر لەنیویۆرکدا دەچوونە سەر تەختەی شانۆو بینەرێکی زۆریان لەگەڵ خۆدا بۆ ناو هۆڵی شانۆ دەبرد، ئێستا ئیتر ئەو پێگەیەیان نەماوە.



بێگومان هەندی شانۆیی هەن کە پێشکەش دەکرێن، ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبن، بەڵام ئەو جەماوەرەی کە بینەریانن رەنگە لەهەرشەوێکا ٥٠-١٠٠ کەسێک بێت، بەهەرحاڵ لەهەر سەردەمێکا یەکێ لە هونەرەکان دێتە پێشەوەی مەیدان، ئێستا سینەماو شانۆو دوای ئەوانیش رۆمان دێت.

لەم بارودۆخەدا، شیعری ئێرانیش وەک شیعری وڵاتانی دیکەیە، واتە کەوتۆتە پەراوێزی هونەرەکانی دیکەوە، بەبۆچوونی من سینەمای ئێران زۆر پێشکەوتووترە لەشیعری ئێران، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە جیهانییەی کە سینەما هەیەتی، سینەمای ئێران لەبەر چاو ترە.

* بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شیعر سەروکاری لەگەڵ نووسیندایەو لەم رووەوە هاوتای پەخشانە، بۆچی رۆمان و چیرۆک توانیویانە خۆیان ببەنە پێشەوەی مەیدانەکە، کەچی شیعر کەوتۆتە پەراوێزەوە؟

– هونەر بریتییە لە رەنگدانەوەی ژیانی ناتەواو، واتە مرۆڤ تا ئەو شوێنەی کەبۆی دەکرێ دەژیت و لەو شوێنەی کەتوانای دەستەبەر کردنی پێویستیەکانی نییە دەچێتە مەیدانی خەیاڵەوە، مەیدانی خەیاڵ یان بیرکردنەوە خوڵقێنەری هونەرە، لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگار زۆرێک لە خولیاکانی مرۆڤ دەستەبەر دەبن، لەسەردەمێکدا زۆربەی ئەو رووداوانەی کە ئێستا لە رۆژئاوا روودەدەن، ئارەزووییێکی مەحاڵ بووە، کاتێ کە زۆربەی ئارەزووەکان دێنەدی بە تەبیعەتی حاڵ هەندێ لە هونەرەکان کە ئارەزوویێکی زیاتریان هەڵگرتووە، دەکەونە پەراوێزەوەو مەیدان بۆ هونەرەکانی دیکە چۆڵ دەکەن، شیعر یەکێ لەو هونەرانەیە، لەراستیدا شیعر ئارەزوویێکی تەواوو چڕوپڕە، هەر بۆیەشە بەشێکە لەهونەرە سەرەتاییەکان، بەڵام رۆمان کە بەرهەمی مۆدێرنێتەو بەخشششێکی تاکە کەسییەو تارادەیەک لەژیانی رۆژانە نزیکترە، مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرچاو ژیانی خۆی لەرۆماندا دەبینێ، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەدووخاڵ بدەم، یەکەمیان ئەوەیە: لەبنەڕەتدا بەشێکی زۆر لەخوێنەرانی رۆمانەکان حەزیان لەو رۆمان و چیرۆکانەیە

که گیروگرفته دیارەکانی رۆژانەیان تێدا ببینن، واتا ئەگەر ئێستا رۆمانیش لەدنیادا تیراژێکی فراوانی هەیە، ئەوا رۆمانی (دکترۆف)نیە، بەڵکو زیاتر رۆمانە بازاڕیەکانە، رۆماننووسە هەڵکەوتووەکانیش کەم تا زۆر، هەمان بارودۆخی شاعیرەکانیان هەیە، یا ئەوەتا وەزعی ئەوان کەمێک باشترە.

دووەم ئەوەیە بەلای زۆربەوە هەر ئەو خاڵە سەرنجراکێش و دروستەی کە شیعر لە پێشەوەی مەیدان دوور کەوتۆتەوە، لەولاتی ئێمە بەهەڵە لێی تێگەیشتوون، خەڵکێک وای بۆ دەچن کە مانای ئەوەیە ئیتر شیعری جوان داناهێنری، لەکاتێکدا کەوانییە، ئەمرۆ زەمینەی خوێنەرانی شیعر بچووکتر بۆتەوە، نەک ئیتر شیعری جوان ناگوتری، بەم دوایە لە مێزگردێکدا رەخنەگرێک (کەوای بۆ دەچووم تێگەیشتنی دروستی لەتیۆرەکانەوە هەیە) بەشێوەیەک دەدوا وەک ئەوەی سەردەمی شیعر بەسەرچووبێت و باریان سوک بووبێت، ئاگای لەوەنەبوو ئەو راستییەی کە سینەما شانۆی داوەتە دواوە مانای ئەوەنییە کە لەشانۆدا (ئەدوارد ئالبی)و (ئارسەر میللەر) مان نییەو شیعر بێ ئەدۆنیسەکان و ویلکۆتەکان و شیمبۆرسکاکان-ە دەبێ ئەم دوو خاڵەمان لەبەر چاو بێ.

* بەلای منەوە بابەتی شیعر وێڕای ئەو بارودۆخە جیهانییەی کە هەیەتی، دەکرێ لەناوەوەی خودی شیعری لێی بکۆڵرێتەوە، بۆ نموونە بۆچی هەرلەم بارودۆخەدا شیعری پاپلۆ نێرۆدا لە شیللییەوە بۆ ئێران دێ، بەڵام شتێکی وا لە شیعری ئێران بۆ شیللی یا بۆ ولاتانی دیکە ناڕوات؟

– تەنها شیعری شیللی نییە کەلە سەرووی شیعری ئێرانەوەیە، لە هەموو رووییەکەوە وەزعی هونەرو ئەدەبی ئەمریکای لاتین لە هونەرو ئەدەبی ئێران باشترە، هەر ئەو پاولۆ کۆیلیۆیەی کە سەرنجی خوێنەرە تایبەت و گشتییەکانی ئێرانی بۆلای خۆی راکێشاوەو لەئێران تیراژی ٥٠هەزار دانەی هەیە، لە ئەمریکای لاتین ٢٠ملیۆن تیراژی هەیە. کاتێ کتێبێکی مارکیز لە ئەمریکای لاتین بڵاودەبێتەوە لەماوەی دوو هەفتەی سەرەتادا زیاتر لەملیۆنێک تیراژی دەبێ، بەڵام لەولاتی



ئێمەدا تیراژی کتێبی بەهەرمێنترین شاعیران و نووسەران لە ٢٠هەزار دانە زیاتر نابێ، ئاستی چیرۆک و رۆمانیشمان لەئاستی ئەمریکای لاتیندا نییە، شیعریشمان بەهەمان رادە لەدواوە ترە، بەواتایەکی تر ئێمە هەر لەبواری شیعردا نییە کە نیرۆدامان نییە، لەبواری رۆمانیش مارکیزمان نییە، لە مۆسیقاو شانۆ نووسی و خوێندنەوەش وەزعی ئێمە هەمان شتە، کاتێ ئێوە (شەڕی ئاخیر زەمان)ی دانراوی (یوسا) دەخوێننەوە، دەبینن زۆر بەوردی چەندین کێشە دەخاتەڕووکە گیرۆدەی ئەفغانستانیشە، بەڵام لەبنەڕەتەوە ئەفغانستان، یا وڵاتی ئێمە نەچۆتە مەیدانێکەوە کە ئەم مەعریفە رۆماننووسییەی هەبێت و بتوانین کارێکی ئاوەها بخوڵقێنین.

* بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی نووسین پەیوەستە بەمۆدێرنێتەوە، تا بەر لە مۆدێرنێتە خەڵک سەررزارەکین و حەزیان لەگێڕانەوەی هەقایەت و داستانبێژییە، بەڵام کاتێ وڵاتێک پێ دەنێتە مەیدانی مۆدێرنێتەوەو تاکایەتی مانای خۆی دەدۆزێتەوەو مرۆڤەکانی مافەکانی خۆیان دەناسن، وردە وردە بەرەو رووی خوێندنەوەی کتێب دەڕۆن، هێشتا کۆمەڵگای ئێمە نەچۆتە ئەم مەیدانەوە، ئاساییە کۆمەڵگایەک کە نەچووبێتە ناو مۆدێرنێتەوە (واز لەهەندی هەڵاواردن بێنین) تیراژی کتێبەکانی دەبێ هەر ئەوەندە بێ.

* بەڵام ئەمریکای لاتینیش لەرووی چوونیان بۆ دنیای مۆدێرن، هێندە لەئێمە لەپێشترنین، کەواتە بۆچی لەبواری رۆمان و شیعر ئەم هەموو جیاوازییەمان لەنێواندایە؟

– بەڵێ ئەمریکای لاتینیش لەبواری مۆدێرنێتەوە پێشنەکەوتووە، بەڵام ئەوان بەزمانێک دەدوێن و خاوەنی فەرهەنگێکن کە جیهانییە، یەکەمین رۆمانی دنیا (واتە دۆنکیشۆت) بەزمانی ئەوان نووسراوە، کە ئیسپانیاییە، یەکەمین رۆمانی پۆست مۆدێرن (تریسترام شندی) بەزمانی ئەوان نووسراوە، ئەویش لەساڵانی (١٦١٦-١٦٢٦)دا، مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر چی ئەوانیش لەگۆشەنیگای دامەزراوە

ئابوورییەکانەوە نەچوونە مەیدانی مۆدێرنێتەوە، بەڵام لەرێگای کەلتووری مەسیحیەت کە کەلتوورێکی خۆرئاواییە سوود لە زۆربەی بەخششەکانی خۆرئاوا وەردەگرن، بەسەرهاتی پێشکەوتنی ئەوان لەکتێبێکدا هاتووە بەناونیشانی (ئەدەبی نوێ لە ئەمریکای لاتین)کە (جین فرانکۆ) نووسیویەتی، خاتوو جین فرانکۆ لەم کتێبەدا روونی دەکاتەوە کە چۆن ئەوان لەرێگای کەلتووری مەسیحیەتەوە لەگەڵ رۆمان و هونەردا تێکەڵاودەبن.

* بەم پێیە نیشانەگەلێک لەشارستانێتیی خۆرئاوا گەیشتۆتە نیشتمانی ئێمە...

– بەڵێ، بەڵام مۆدێرنێتە دوو رووی هەیە، رووییەکیان مادییە کە ناوی (مۆدێرنیزاسیۆن)ەو بریتییە لە سەرجەم دامەزراوە مادییەکانی کۆمەڵگا وەک قیرتاوکردن و زانکۆو نەخۆشخانەو.. هتد، رووییەکیشیان بریتیە لەژێرخانە کەلتوورییەکان کە ناوی (مۆدێرنیزم)ەو شیعرو ئەدەبیات و هونەر دەگرێتەوە، جا ئەگەر ئەم دوو رووە بەشێوەیەکی هەماهەنگ بەرەوپێش برۆن، دەبێتە وڵاتێکی شارستانی و پێشکەوتوو، بەڵام ئەگەر هەماهەنگ نەبێ، وڵات وەک (زەڕافە)یەکی لێ دێت کە زیاتر وڵاتانی جیهانی سێیەم گیرۆدەی ئەمەن، لەم وڵاتانەدا کە وەک زاراوە بە نیمچە مۆدێرن ناو دەبرێن، مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ یەکتر گونجاونین، ئەم وڵاتانە تارماییەک دروست دەکەن کە لە ئەفغانستانەوە دەست پێدەکات تادەگاتە کۆڵۆمبیاو شیللی، بەکورتی ئێستا هەم ئێران و ئەفغانستان و هەم کۆڵۆمبیاو مەکسیکیش هێشتا نەچوونەتە مەیدانی مۆدێرنێتەوە، کەواتە ئەوان بەهۆی زمان و کەلتووری خۆیان لەچەند بوارێکەوە چوونەتە ناو مەیدانی مۆدێرنێتەوە.

چەند رەگەزێک مۆدێرنێتەیان پایەدار کردووە. رێزگرتن لەتاک و هۆشمەندی و رێزگرتن لەمافی گشتی و رێگەدان بە ئەزموونگەری لە رەگەزەکانی دیکەی مۆدێرنێتەن، کاتێک تاک یان کۆمەڵگا ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێ، پێی دەڵێن مۆدێرنە، بۆ نموونە کۆمەڵگای عێراق مۆدێرن نییە، بەڵام کۆمەڵگای فەڕەنسا کەم



تا زۆر مۆدێرنە، چونکە ئەم رەگەزانەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوان هونەرمەندانی ئێمەو هونەرمەندانی ئەمریکای لاتین ئەوەیە کە ئەگەر کۆمەڵگاکانی ئەوانیش بەمۆدێرنێتە نەگەیشتوون، خودی نووسەرەکانیان توانیویانە باوەش بۆ کەلتووری مۆدێرن بکەنەوە، مارکیز بۆخۆی کەسێکی مۆدێرنە، لەئێرانیش سادقی هیدایەت و نیمایوشیج کەسانی مۆدێرنن، بۆیە دەتوانن شاکاری مۆدێرن بخوڵقێنن، بەڵام ئەوانەی کە ریشەی بیرکردنەوەیان نەریت پارێزانەو رواڵەتیان مۆدێرن بووە، هەرگیز نەیانتوانیوە شاکارێکی داهێنەرانە بێننە ئاراوە، ئەگەر کۆمەڵگای ئەمریکای لاتین بەشێوەی گشتی نەچوونەتە ناو مۆدێرنێتەوە، لانی کەم هونەرمەندەکانی بەرێگای کەلتوورو زمانەکەی درکیان بە مۆدێرنیزم کردووەو وەریان گرتووە، لەبەر ئەوەیەکە یوساو نیرۆدا دروست دەبن.

* بۆچی هونەرمەندان و نووسەرانی ئێمە ناتوانن لەو بارودۆخەی کە هەیە دابڕێن و خۆیان بە مۆدێرنێتە بگەیەنن؟

– دەتوانن وەک چۆن هیدایەت و نیماو شاملۆو چوپەک پێی گەیشتوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر کەسەو بەرهەمی سەردەمی خۆیەتی، ئێمە وێڕای ئەوەی کە بانگەشەی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنمان هەیە نەمۆدێرنین و نەپۆست مۆدێرن، ئێمە لەناخەوە نەریتخوازو بەرواڵەت مۆدێرن و بەکەلتوورێکی دوو فاقانە ناشێ شاکارێکی جیهانی بخوڵقێنرێ.

* ئێوە باسی کەلتووری مەسیحیەت و کاریگەرییەکەیتان بەسەر ئەدەبی ئەمریکای لاتینەوە خستەڕوو، ئایا کەلتووری رابردووی ئێمە، ئەم توانایەی نییە کە یارمەتیی ئەدەبی هاوچەرخمان بدات؟

– نا، ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندە لەرابردوودا دەوڵەمەندبوو، لەهەڕەتی لاوێتیدا شاکارگەلێکی خوڵقاند کە ئێستاش بەهای جیهانییان هەیە، کەلتووریش وەک مرۆڤ لەدایک دەبێت، سەردەمی لاوی و باڵغبوونی هەیەو دواتریش پیر دەبێ تا بمرێ. ئێستا کەلتووری باوی ئێمە بەگۆچان دەڕوا بەرێوەو بەهیچ جۆرێ توانای

خولّقاندنی شاکارێکی جیهانیی نییە، ئێمە تەنها لەکاتێکدا دەتوانین شاکارێکی جیهانی بخولّقێنین کە یەکەم جار، فەرهەنگی خۆمان بناسینەوەو دواتر بزانین جیهان دەتوانی چ کارێک بە بەخششەکانی ئەمڕۆ بکات، هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە، واتە نە بە نەریتخوازی (سوننەت) دەتوانری شاکارێکی جیهانی بخولّقێنری نە تەنها بە پشت بەستن بەخۆرئاوا، بە پەیبردن و هەزمکردنی هەردووکیان دەتوانرێ شتێک بەشتێک بکرێ، هونەرمەندو نووسەرانی ئەمریکای لاتین هەردوو مەسەلەیان پەی پێ بردووە، هەم کەلتووری رابردووی خۆیان و هەم بەخششەکانی خۆرئاوا، نووسەرانی ئەمریکای لاتین گازاندەیان هەیەو دەڵێن پێمان مەڵێن نووسەرانی ریالیزمی جادوویی، ئەوان دەڵێن ئێمە لەراستیدا ریالیستین و دەقاو دەق بارودۆخی ژیان و سەردەمی خۆمان دەنووسین، رەنگە ئەوان راست بڵێن، بەڵام مارکیزو یوساو بۆرخیس و هەموو ئەمانە لەژێر کاریگەریی جۆیس و فاکنەرو سوریالیستەکان و نووسەرانی رەوتی مێشک رەوانی، لەواقیعیەتی ژیانی خۆیانەوە دەنووسن، واتە ئەگەر ئەوانە نەبوونایە ئەمان نەدەهاتنە ئاراوە، دوا جار بۆ نموونە مارکیز نایەوێ خۆی وانیشان بدات کە خەریکە بەراستی لە سەر نیشتمانی خۆی دەنووسێ، بەڵام لەکارە سەرەتاییەکانیدا، وەکو فاکنەر دەنووسێ لەڕاستیدا خودی ناوی ریالیزمی جادوویی لە وێنەگریی ئەڵمانی وەرگیراوە، وێنەگرە ئێکسپرسیۆنیست (دەربڕینخواز)ەکان، بە لکاندنی چەند وێنەیەک بەسەر یەکترەوە (مۆنتاژ) وێنەی تایبەتییان دروست دەکرد کە بەوانەیان دەگوت ریالیزمی جادوویی، بۆیە ئەگەر مارکیزیش بەسەر هەردوو فەرهەنگدا زاڵ نەبووایە، نەیدەتوانی سەرهەڵبدات.

* بێگومان کەسانێکیش لەو باوەڕەدان کە غولامحوسێن ساعدی بەرلەمارکیز چەند کارێکی بەتایبەتمەندییەکانی ریالیزمی جادوویی خولّقاندووە، ئەگەر ئەمە راستە بۆچی ساعدی نەیتوانیوە ببێتە جیهانی؟.



– ئەم وتەیە هەڵەیە، کە ساعدی بەرلە مارکیز ریالیزمی جادوویی خولّقاندبێ، ئەم قسەیە وەک ئەوە وایە کە بڵێین پیکاسۆ داهێنەری کۆبیزم نەبووە، بەڵکو ئەشکەوتنشینەکان دەستیان داوەتە ئەم کارە، بەڵام ئەوکەسەی کە ئەم دیاردەیەی بەشێوەی ڕێبازێک بەرجەستەکرد پیکاسۆ بوو، بۆیە ئەگەر لەچیرۆکێکیشدا تروسکاییەک یان نیشانەیەک بینرا ناتوانین بڵێین ریالیزمی جادوویی بووە، ئەگەر بەم شێوەیە بێ کتێبێک هەیە بەناوی (عجایب المخلوقات و غرائب الموجودات) لەنووسینی محەمەد کوڕی مەحمموودی هەمەدانی لەسەدەی شازدەدا کەپڕە لەدیمەنی سەرسوڕهێنەر، باشە بەم پێیە دەبێ بڵێین ئەو باپیرەی ریالیزمی جادووییە لەدنیادا، کاتی کە دەڵێین کەسێک بنیاتنەری ڕێبازێکە کە ئەو ڕێبازە ڕەوتی خۆی گرتبێتە بەر.

* بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بتوانێ سنوورەکانی وڵاتێک ببڕێ، جوگرافیای زمانی هاوبەش تا چ رادەیەک رۆڵی دەبێ؟

– لەم حاڵەتانەدا رۆڵێکی یەکجار بەرچاوی دەبێ، بۆ نموونە هەموو هونەرمەندانی وڵاتە عەرەبییەکان یا ئەمریکای لاتین، تەنها لەبەر ئەوەی لە وڵاتی خۆیان گرفتیان دەبوو، دەچوونە ئەو وڵاتە دراوسێیانەی کە بەهەمان زمان دەئاخافتن، بۆ نموونە سوعاد ئەلسەباح کە شاعیرێکی کوێتییە، هەموو دانراوەکانی لەقاهیرە چاپ دەکرێن، یان عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی کە عیراقییە کتێبەکانی لە لوبنان دەردەکات، بەڵام بەداخەوە نووسەران و شاعیرانی ئێمە ئەم توانایەیان نەبووە، ئەگەر (ساعدی)ش ئەم توانایەی بۆ فەراهەم ببووایە، بێگومان ئەویش دەبوو بە سیمایەکی جیهانی، بەجۆرێک کە لەرووی تۆکمەییەوە جیهانی بوو (بەهرامی سادقی)ش بەهەمان شێوە بوو.

* ئێوە باس لەسنووردارێتی زمانی فارسی دەکەن؟

– من لە سەرەتای قسەکانمدا گوتم کە زمانیش یەکێکە لە هۆکارەکانی سنووردارێتی ئێمەو ناکرێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین، جیا لەزمان مەسەلەی

کەلتووری ئێمەش بوونی هەیە کە کەلتوورێکی چەق بەستوو و سنووردارە، لەکاتێکدا کەلتووری ئەمریکای لاتین کەلتووری مەسیحیەتە، بۆ نموونە مارکیز کاتێ لە وڵاتی خۆیەوە دەچێتە ئیسپانیا شتێک بەلای ئەوەوە ناگۆڕێت، چونکە هەمان کەلتوور لەوێدا بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ پاریس بچین لە ریشەوە هەڵدەکەنرێین، چونکە نەزمانی ئێمە لەزمانی ئەوان دەچێت نەکەلتوورەکەشمان.

* لەم حاڵەتەدا هەڵاوێردن (استپناء)ەکان چ پێگەیەک دەستەبەر دەکەن، ئایا دەشێ دەرکەوتنیان بەجیاوازییە فەردییەکان حسێب بکرێ؟

– جەنابی فاکنەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەجدی و گاڵتەوە دیگوت سێ شت بنچینەیین ٩٩% توانایی، ٩٩% هەوڵدان، ٩٩% رێکخستن، ئەو راستی گوتووە، فاکنەر ویستوویەتی بڵێ کە هەر سێکیان زۆر گرنگن، بەڵام تا ٩٩% توانایی نەبێ لایەنەکانی دیکە کاری خۆیان ناکەن، بەڵام بەبۆچوونی من ئەگەر بتهۆڤن و چایکۆفسکی و یا گەورەترین فیلمسازەکانی دنیا لە ئەفغانستان هاتبانە دنیاوە، دەبوونە گەورەترین تالیبان، واتە سەرەڕای ئەو سێ رەگەزە ژینگەو کەلتووریش زۆر گرنگە، دەشێ ئێمە نووسەری گەورەمان لەئێراندا هەبێ، بەڵام ناتوانن رێگای خۆیان بە شوێنێک بگەیەنن، بابەتی گرنگتر راستگۆیی هونەرمەندە لەگەڵ خۆیدا، واتە هونەرمەند دەبێ خۆی بناسێت و بزانێت کە کێیە، ئەگەر سوننەتییە دەبی سوننەتییانە بنووسێت، ئەگەریش دەیەوێ مۆدێرن بنووسێت بەر لەهەرشتی دەبێ خۆی مۆدێرن بێ، بە ئارەزوومەندی بۆمۆدێرنیزم یان پۆست مۆدێرنیزم ناتوانرێت مۆدێرن یان پۆست مۆدێرن بنووسرێت.

ئەگەر ئەم چەند رەگەزە واتە توانایی، مەعریفەو راستگۆیی و بەهرە یەکانگیربن داهێنان دێتە ئاراوە، سادقی هیدایەت و نیمایوشیج و سادقی چوبەک و ئەحمەدی شاملۆ بەم شێوەیە بوون، بۆیە رێگایان بە شوێنێک گەیشت، هیدایەت و نیمایوشیج خوێندکاری زمانی فەرەنسی بوون و راستەوخۆ دەستیان بەدانراوە فەرەنسییەکان رادەگەیشت، واتە ئەگەر ئەم دووانە خانەدان و بەگزادە نەبوونایە بۆیان نەدەکرا



بتوانن تواناییەکانیان نیشان بدەن، ئەم توانستانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەمان دەستیان بگاتە زمانی فەرەنسی، شاملۆو فرووغیش بەهەمان شێوە، ئیتر ئەوانە لەگەڵ خۆیان راستگۆبوون و لەهەرکوێدا وانەبووبێ کارەکانیان لاوازبووە وەک کتێبی حاجی ئاغای سادقی هیدایەت، بە مجۆرە ئەم نووسەرو شاعیرانە هەڵاوێردەن و هەمیشە رێسا گرنگە نەک هەڵاوێردن.

* بەڕێز لەنگروودی کاتێ ئێوە رەگەزی مەعریفەتان وەک یەکێ لەهۆکارەکان ناوبرد، ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا کە مەڵبەندو دامەزراوە فێرکاری و زانکۆییەکان تا چ رادەیەک سەرکەوتوو بوونە لەگەیاندنی مەعریفەو تەکنیکی کار بە نووسەرو هونەرمەندان؟

– زانکۆ لەهەموو دنیادا جێگای خوێندنی دەرەنجامە جێگیربووەکانی زانستی و هونەرییە،واتە زانکۆ جێی تواناداری و داهێنان نییە، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکاو فەرەنسا زانکۆ شوێنێکە بۆ خستنەڕووی دەرەنجامە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەمڕۆ، ئەم دەرفەتەش بۆ هونەرمەندانی هەیە کە لە پۆلە ئازادەکاندا قسەی خۆیان بکەن، کەچی لەوڵاتانی وەک ئێران جیا لە ئەستەمکارییەک کە دەوڵەتەکان بۆ مەڵبەندەکانی زانکۆی دروست دەکەن، داردەستەکانیش بەدەست هۆکارە سوننەنییەکانەوەن کە بەربەستن.

* کەواتە چۆن ئەدەبی کلاسیکیی ئێمە کەهەمان هۆکارە سوننەتییەکان پاڵپشتیانن، دەتوانن لە خۆرئاوادا بدرەوشێنەوە، کەچی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران پێگەیەکی وەدەست نەهێناوە؟ ئەو پێشوازییەی لە ئەمریکا لە مەولانا کرا نموونەیەکە لەم بارەیەوە.

– شۆرەتی مەولەوییەکان لەخۆرئاوادا بەسەر دەچێ، واتە هەڵدەکشێت و بازاڕ پەیدادەکات و دوای ماوەیەک تەواو دەبێ، بەمجۆرە نییە کە ئەدەب و هونەری ئێران لەوێدا دەرکەوتبێت، لەنێوان هەزار شاعیرو نووسەردا تەنها مەولەوی لەوێدا دەرکەوتووە ئەویش بەسەردەچی، وێڕای ئەمەش وەک چۆن گوتم دانراوەکانی

مەولەوی و هاوشێوەکانی لە لوتکەی داهێنانەکانی ئێمەدا هاتوونەتە ئاراوە، ئەو کەلتوورەیە کە شیعری مەولەوی پێش خستووە.

ئەگەر مەولەوی ئەمڕۆ ببوایەو بڕیار بووایە ببێتە شاعیر، پەیڤەکانی ئەمڕۆی دەخستەڕوو، وەک چۆن لەو سەردەمیشدا پەیڤی هەمان ڕۆژی گوتووە، داکۆکیکارانی ئەدەبی سوننەتیی ئێمە ئەگەر لە سەردەمی مەولەوی بوونایە بەدڵنیاییەوە لەباتی ئەو داکۆکییان لە (ڕەشید وەتوات) دەکرد کە ٥٠٠ ساڵ لەدواتری مەولەوی بوو.

* سەبارەت بە نووسەرانی ئەمریکای لاتینیش کە بەشێک لەوتەکانی ئێوە دەربارەی ئەوان بوو، هەمیشە دەگوترێ کە چاویان لە رابردووو کەلتووری کۆنی خۆیانە، بەڵام واپێدەچێ ئێوە ئەم تێڕوانینەتان سەبارەت بە ئەدەب و کەلتووری رابردوومان نەبێ.

– نا، من وا ناڵێم من لەو باوەڕەدام کە ئێمە ناتوانین بەرهەمێکی داهێنەرانەی جیهانیمان هەبێ، مەگەر بە دەستبەسەر داگرتنی کەلتووری رابردووی خۆمان و ناسینی کەلتووری ئەمڕۆی جیهان، ئەگەر بڕیاری ئێمە ئەوەبێ کە کەلتووری ئەمڕۆی جیهان نەناسین و بەو پێیەی کە مەولەوی شاعیرێکی گەورەیە بەشێوەی شاعیرانی قاجار شیعر بڵێین ڕێگامان بەشوێنێک ناگات، ئێوە بۆچی کە دەتانویست بۆ ئەم گفتوگۆیە بێن بەحوشتر نەهاتن؟! لەڕاستیدا سەردەمی ئەم قسانە بەسەرچووە هەر ئەو بەڕێزانەی کە جنێو بە ئێمە- مۆدێرنەکان- دەدەن، لەپشت مایکرۆ فۆنێک ئەم کارە دەکەن کە بەرهەمی مۆدێرنێتەیە.

* قسەی من ئەوە نییە کە وەک کەسانی رابردوو بین، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە کاریگەری و گرنگی دانمان بەکەلتووری رابردووی خۆمان تا چ رادەیەک بێت؟

– ئێمە تا بە سەر کەلتووری خۆماندا زاڵ نەبین سەرناکەوین، هەرگیز ناتوانین خۆمان بگۆڕین، مەگەر بزانین کە کێین و چ مێژوو و رابردووێکمان هەیە، بەڵام



ئەم مەسەلەیە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ژیانی وەک رابردوو، ئێمە دەبێ مەولەوی بناسین و بیخەینەلاوە .

* ئێستا من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای قسەکانتان، ئێوە گوتتان لەجیهانی ئەمڕۆدا شیعر کەوتۆتە پەراوێزەوە، ئەگەر وابێت لەراستیدا چ پێویستییەک بەگوتنی شیعر هەیە؟

– هیچ هونەر مەندێک بڕیار بۆ خولقاندنی کارێک نادات، ئەوانەی کە بڕیار دەدەن، ئەو دڵسۆزییەی کە قسەیان لەسەر کردووە لە کاریاندا بوونی نییە، بۆیە کاریگەریش نییە خولقاندنی کارێک لەدەرەوەی خواستی هونەرمەندە، وەک ئاە هەڵکێشان، خاڵێکی تر ئەوەیە کەمن دەڵێم شیعر لە پێشەوەی مەیدان چۆتە دواوەی مەیدان، سەبارەت بەجیهان دەڵێم، ئەگینا زۆری ماوە ئێمە بەم ئاستە بگەین، واتە ئێمە هێشتا پێویستمان بەشیعرە، هێشتا زۆر لەئارەزووەکانی ئێمە بەسەرکوتکراوی ماونەتەوە لەوەش گرنگتر جیهان هێشتا پێویستیی بەشیعرە، هێشتا لۆرکاو نیرۆداو. چەندێک لە شاعیرانی دیکە لە جیهاندا بە هەرمێنن، من وای بۆ دەچم کە بەردەوامیش هەندێک ئەگەری وا بێنە ئاراوە کە شیعر بەرەو پێشەوەی مەیدان ببەن، وەک مۆسیقا و شیعر خوێندنەوە، یەکێ لە ڕێگاکانی هێنانە مەیدانی شیعر بڵاوکردنەوەیەتی بە شێوەی خوێندنەوە و ئەلبووم، بەم شێوەیەی کە لە هەموو دنیادا هەیە، چونکە مرۆڤەکان دەتوانن تەنانەت لە ناو ئوتومبێلەکانیشیان گوێ لە شیعر بگرن، دەبێ هەمیشە بەدوای ڕێگایەک بین بۆ نیشاندان .



# یەشار کەمال:

## باشترین زەمینە بۆ خوڵقاندن، ئامادەییە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا

ئەم گفتوگۆیە لە لایەن (محسن فرجی) یەوە ئەنجام دراوە و لە (٢٠٠٥/٢/١٣)دا لە ماڵپەری (ایندەنگر) بڵاوکراوەتەوە.

یەشار کەمال یەکێکە لە مرۆڤدۆستترین نووسەرەکانی تورکیا، ساڵی ١٩٢٣ لە ئەدەنە لە دایک بووەو لە ساڵی ١٩٥٥ بە رۆمانی حەمەدۆک ناوبانگی دەرکرد، شاکارەکانی بۆ دەیان زمان وەرگێڕدراون و ملیۆنەها دانەیان لێ فرۆشراوە.

یەشار کەمال بەهۆی نووسینی وتارێکیەوە لە (ئەشپیگل) دەربارەی ئەو فشارە زۆرەی کە لەسەر کوردەکان هەیە، بە تاوانی بانگەشەکردن بۆ جیابوونەوە درایە دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا، لە ئەنجامی دادگاییەکەدا بێ تاوان دەرچوو، بەڵام جارێکی تر بە هۆی نووسینی رەخنەیەک بە تاوانی ورووژاندنی رای گشتی، درایە دادگاو بەحەپسکردنی هەڵپەسێردراو دادگایی کرا.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧خەڵاتی ئاشتیی دەزگاکانی چاپی ئەڵمانی بەهۆی کۆمەڵێ شاکاری ئەدەبی و هەوڵە سیاسییەکانی لە پێناو ئاشتی پێ بەخشرا، ئم گفتوگۆیە، لە لایەن گۆڤاری (ئەشپیگل)ەوە لە ماڵی خۆیدا لە ئەستانبول، لەگەڵیدا ئەنجام دراوە.

– بەرێز کەمال، ئێوە لە مانگی ئۆکتۆبەردا خەڵاتی ئاشتیی دەزگاکانی چاپی ئەڵمانیتان وەدەستهێنا، خەڵاتەکە بەهۆی چیرۆکە زۆرو هەروەها هەوڵە سیاسییەکانیشتان پێتان بەخشرا، وەرگرتنی خەڵاتەکە بەهۆی کام لە چالاکییەکانتان زیاتر خۆشحاڵتان دەکات؟

* ئەم خەڵاتەم بەهۆی دانراوە ئەدەبییەکانمەوە وەرگرتووە، بێ گومان منیش وەک هەر نووسەرێکی مولتەزیم کە ژیانی خۆی لە پێناوی ئاشتیدا تەرخان دەکات، هەمیشە هەوڵمداوە مرۆڤەکان لە ژێر فشارو چەوساندنەوەو رەنجخوراویدا نەبن.



– دەڵێن لە تورکیا لە هەر ماڵێکدا بەناوبانگترین رۆمانەکەی ئێوە (حەمەدۆک) بەرچاو دەکەوێ، ئایا ئێوە بوونەتە کەسایەتییەکی میللی؟

* پێم وایە لەم بارەیەوە تۆزێک زێدەگۆیی (مبالغە) کراوە، بەڵام راستە تا ساڵی ١٩٨٠ (٦٠٠.٠٠٠) دانە لە کتێبی حەمەدۆک فرۆشراوە کە ئەمە بۆ تورکیا گەلێ زۆرە ..

– ئەو کاتەی کە پێنج ساڵان بووی، لە بەر چاوی خۆت لە مزگەوتێکدا باوکتیان بە چەقۆ کوشت، بکوژەکەش کوڕێک بوو کە باوکت وەک جگەرگۆشەیەکی خۆی گرتبوویە خۆیەوە، ئایا هەرگیز بەهۆکاری ئەم تاوانەتان زانیوە؟

* ئەم رووداوە بابەتی یەکێ لە چیرۆکەکانمە کە بە ناونیشانی (هیچ کەس)ە. ئەم چیرۆکە یەکێ لە جوانترین کتێبەکانمە، کە تازە وەرگێڕە ئەڵمانییەکەم وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، هۆکاری ئەم تاوانەش سەد لە سەد دەروونی بوو، چونکە بکوژ باوکمی وەکو بت دەپەرست.

– ئەم رۆمانە بەرگی یەکەمی کۆمەڵە سێینەکەی ئێوەیە کە تیایاندا دەپەرژێتە سەر بابەتێکی سیاسیی ئاڵۆز.

* من تەنها دوو قسەم گوتووە: ڕەشەکوژیی رەگەزی و ناڕێکی (تبعیچ)ە ئابوورییەکان، ئەم دانراوە باس لە دەربەدەرکردنی زیاتر لە ملیۆنێک یۆنانی لە تورکیاو (٥٠٠.٠٠٠) تورک لە یۆنان دەکات.

– ئایا لەو رێگایەی کە بڕیت تا وەک نووسەرێکی جیهانی ناوبانگت دەرکرد، سەرەتا وەک گۆرانیبێژ هەنگاوت نا؟

* هەشت ساڵان بووم، کە بەناوی کەمالی گۆرانیبێژ، بەرنامەی گۆرانییە میللیەکانم پێشکەش دەکرد، ئەو شارۆچکەیەی کە ئێمە تێیدا دەژیاین، ناوچەیەکی تورکمانی بوو، کە زۆربەی شاعیرو بەیتبێژە گەورەکان لەوێ سەریان هەڵداوە، لە شازدە ساڵی، بە گیرفانی پڕ لە کاغەزەوە دەچوومە ناو ژنە لادێییەکان و گۆرانییە سکاڵا ئامێزەکانیانم کۆ دەکردەوەو لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە دەچووم، لە سەردەمی خزمەتی سەربازیدا، یەکەمین بەیتم خوێندەوە، دواتر بەڕێکردنی ئەم قۆناغە بۆمن زەحمەت بوو، چونکە کەسێ کە کۆپلە شیعرەکان دەخوێنێتەوە سوود لە هێزی دەنگ و تەنانەت تەواوی ئەندامەکانی لە شیشی وەردەگرێ، بەڵام نووسەر تەنهایە، هەر خۆی و کاغەزەکەی.

– شەیدایی ئێوە بۆ ژیانی دێهاتی، ئاژەڵ و گژوگیا لە کتێبەکانتان کەم بۆتەوە

— ئەگەر چی ئێوە ماوەیەکە لە ئەستانبوڵ دەژین، ئایا بوونەتە مرۆڤێکی شاری؟

* من لە شارۆچکەی چقورئاوا لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ گەورە بووم، بەڵام لە ٤٦ ساڵ لەمەوبەرەوە لێرە لە ئەستانبۆڵ دەژیم، بە گۆشت و خوێنمەوە بوومەتە بەشێک لەم شارە، بەڵام تەواوی رۆمانەکانم لێرە لە ئەستانبول نووسیون، من باوەڕم بە هێزی خولْقێنەرانەی مرۆڤ هەیە و چ شتێک بۆی هەیەو بتوانێ بە باشترین شێوە یارمەتی ئەم خولْقاندنە بدات؟ باشترین زەمینە بۆ ئەمە ئامادەییە لە نێوان مرۆڤەکان و سروشتدا، ئەم کارە توانای بۆچوونمان بەهێزتر دەکات، هەر لە بەر ئەمەشە کە (گۆنتەرگراس)م خۆشدەوێ، چونکە ئەویش نووسەرێکە هاوڕێچکەو هاوڕەوتی من.

– گراس وتارێکی پەسند کردنی تۆی لە فرانکفۆرت پێشکەشکرد ئایا لە نزیکەوە دەیناسیت؟

* هێشتا نا، ساڵی ١٩٩٥ لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت ویستم لەگەڵی ئاشنابم، بەڵام کەسانێکی ئەوەندە زۆر دەوریان دابوو، کە ئەو تەنها لە دوورەوە سڵاوێکی بۆ کردم، دواتر لە ئەڵمانیا گەڕامەوە.

– بەڵام خۆشحاڵی کە ئێوەی پەسەند کردووە؟

* من تەنانەت بە ڕاشکاوی ئەمەم پێ خۆشبووە، بەهۆی کارەکانییەوە بە چاکی دەیناسم، ماوەیەک لەگەڵ هاوسەرەکەم لە کامبریج بووین (تیلدا) یەکێ لە کتێبە بەئینگلیزی کراوەکانی ئەوی بە تورکی بۆ دەخوێندمەوە، ئەم کارەش نزیکەی مانگێکی خایاند، دواتر بە چاپکارەکەی خۆم گوت: دەبێ ئەم کتێبە چاپ بکەی! ئەویش وای کرد.

– گۆنتەر گراسیش رێک وەک ئێوە سەرنجە رەخنەییەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، سەرنجتان دەربارەی ئەو نووسەرانە چییە کە لە خستنە ڕووی ئیلتزامی سیاسییان دەترسن؟

* لە نووسەری لەم چەشنە دەپرسم: ئایا لە بورجی عاجی خۆشبەختیدای؟ هەموو نووسەرە گەورەکانی مێژوو مولتەزیم بوونەو توانای ئەوانە وەک هونەرمەندێکی کەم ئەزموون هەر لەو ئیلتزامەدایە.

– رەگوریشەی کورد بوونی ئێوە چ کاریگەرییەکی بەسەر رەوتی ژیانتانەوە هەبووە؟

* لە ماڵەکەماندا بە زمانی کوردی قسە دەکرا، من دوو زمانی دایکم هەیە، بنەچەو رەگوڕیشەم کوردییە، بەڵام نووسەرێکی تورکم.



– ئایا ئەو ساڵانەی کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیات بەسەر برد سەرنجتانی سەبارەت بەو جیاوازیکارییەی کە بەرامبەر کورد پیادە دەکرێ، وردتر کردووە؟

* نە لە سەردەمی منداڵی و نە لە سەردەمی لاویدا ئەوەندە ئاگاداری لێکنامۆیی نێوان تورکەکان و کوردەکان نەبووم، ئەگەرچی ئەو کاتەی کە منداڵبووم دەمزانی کە زمانی کوردی قەدەغەیە، بەڵام کەس گرنگی بەم بابەتە نەدەدا، دواتر هەرکە ژیانم کەوتە شار، رایانسپاردم کە بە کوردی نەدوێم، هەر لەو کاتەدا بوو کە لە خۆم پرسی: بەراست بۆچی؟ سەرەتای پەنجاکان، بۆ ئامادە کردنی یەکەمین راپۆرتم، سەفەری ئەم ناوچەیەم کرد، هەژارییەکی ترسناکم بینی، مرۆڤەکان لە ناو خانووی کەپرۆکە ئاسادا دەژیان، هەر لەو کاتە بوو کە لە خۆم پرسی: چ کارێک بۆ ئەم کوردانە کراوە؟

– ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە بە زمانی کوردی بنووسیت؟

* نەخێر باوەڕناکەم بتوانم ئەم کارە بکەم و بەدووری دەزانم کەسێکی دیکەش بتوانێ بیکات، کوردەکان لە بەرامبەر کەمیی ئەدەبی نووسراو، میراتێکی کلتووریی سەرزارەکیی دەوڵەمەندیان هەیە، کە بریتییە لە گۆرانی و پەندو ئەفسانەکان، ئەم نەتەوەیە کەمێ دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، زمانیان قەدەغە کراوە، ئەم کارە سانسۆرێکی زۆری لە زمان و کلتووری تورکی هێنایە ئاراوە تۆ کاتی کە زمانێک قەدەغە دەکەی، سانسۆرو قەدەغەکردنێکی زۆر لە زمانی خۆتیشدا دێتە ئاراوە.

– ئێوە پێشتر بە هۆی بیروباوەڕی چەپخوازانەتان کەوتوونەتە زیندانەوە، ئەم رووداوە چ کاریگەرییەکی لە سەر نووسینتان جێهێشتووە؟

* زیندان کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم جێهێشت، زۆر جار ئەشکەنجەدرام، ئەم رووداوە رۆحی ئەوەندە بریندار کردم کە تا ماوەیەک سەبارەت بەو بێدەنگ دەبووم، لەم کارە نامرۆڤانەیە شەرم دایگرتبووم، دواتر لە زینداندا ئەم ئازارو ئەشکەنجانەم لە رۆمانێکمدا خستەڕوو، مرۆڤ لە ئازادیدا کەسێکی ترەو لەوێدا بەلایەنێکی دیکەی مرۆڤ ئاشنا دەبێت، بەڵێ سەردەمی زیندان ژیان و کارەکانمی دەوڵەمەند تر کرد.

**سەرچاوە:**

**همشهری، ژمارە ١٣٩٩ نۆڤێمبەری، ١٩٩٧، وەرگێڕانی بۆ فارسی: مهرزاد فتوحی.**



# سپۆژمی زەریاب

## دەکرێ جێگای هەموو شتێک پڕبکرێتەوە، بەڵام جێگای نیشتمان مەحاڵە

سپۆژمی زەریاب لەساڵی ١٩٤٩ لە کابوول هاتۆتە دنیاوە، لەخێزانێکی نوێخوازو خوێندەوار گەورە بووە، باوکی دێرینەفرۆش بووەو کچەکانی خۆی بۆ خوێندن هانداوە .

(مایکل باری) لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی فارسی بەم شێوەیە باس لە سپۆژمی زەریاب دەکات: (دێتەبیرم لە ساڵی ١٩٧٠ لە میوانداریییەکی شاری کابوولدا لەگەڵ پووری هاتبوو، هەردووکیان تەرپۆش و رووخۆش بوون) زەریاب لە رەفتاری وەحشیگەرانەی تالیبان هیچ نیشانەیەک لەو ئاینە نادۆزێتەوە کە لەگەڵیا گەورەبووە، ئەو دەڵی:(ئەوان پیاوان لە ژن باڵاتر دەزانن، دژایەتی ژنیان دەکردو سوکایەتییان پێدەکردن)

* کابولی پایتەختی ئەفغانستان سەردەمێک شارێکی غەمگین و تۆقێنراو بوو، بەڵام ئێوە لەرابردوودا شێوەیەکی دیکەتان بینی ...

* بەڵێ من خۆشبەخت بووم کە ساڵانێک لەوی ژیام، بەتایبەتی ئەو ساڵانەی کە وڵاتەکەم تازە خەریک بوو تامی دیموکراسیەتی دەکرد، پێی نابووە بارودۆخێکی نوێوەو چاکسازی باڵی بەسەر هەموو بوارێکدا کێشابوو و لەگەڵ سیستەمی کۆیلایەتیدا دەجەنگا، کەهێشتا لەهەندی ناوچەدا باوی بوو لەساڵی ١٩٥٤ ئیتر کۆتوبەندێکی ئەوتۆ بۆ ژنان لەئارادا نەبوو، ئازادانە بەناو شاردا هاتوچۆیان دەکردو زۆر بەخێرایی لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکانی وەک پزیشک و نوێنەری ئەنجوومەن و سەربازی و چەترەوانی وشوفێری پاس و ...هتد دەردەکەوتن رەنگە رێژەی بەشداری کردنیان زۆر نەبووبێ بەڵام چالاکیە جۆراوجۆرەکانیان زۆر بەربڵاو بوو،



زانکۆکان تێکەڵاوبوون، یەکەمین قوتابخانە سەرەتاییەکان کەکچ وکوڕ پێکەوە تیایدا وەردەگیران رووەو پەرەسەندن بوو، لەشاری کابوولدا هەموو جۆرە کتێبێک لەهەرشوێنێکی دنیا هەبوایە بە وەرگێردراوی بۆ سەر زمانی فارسی دەست دەکەوت، ئێمە بەئازادانە دەژیاین و لەباری پێشکەوتن دابووین، دەمانتوانی لەگەڵ یەکتر کۆببینەوەو بیروڕای خۆمان ئاشکرا بکەین و حزب و گروپ رێکبخەین، دوای بەرپێکردنی سەردەمێکی دوورودرێژو ئەفسوناوی ئەفغانستان گەیشتبووە بەرقەرارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم ماوە کورتە لەساڵی ١٩٧٣ بەهۆی کۆدیتاکەی (داود)ەوە لەپڕێکا تەواوبوو، ئەم کۆدیتایە زەمینەی بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیستەکان، دواتریش سوپای سوور خۆشکرد.

* کتێبی ( پۆستاڵە شێتەکان) ی ئێوە باس لەهێرشی سۆڤێتیەکان دەکات.

* حیکایەتخوانی کتێبەکەی من ژنێکە لەسەر رۆخی مردندایە کە لەکاتی گەیشتنی زرێپۆشەکان لەگوندێکدا دەژیا، هەموو خەیاڵ و بیرکردنەوەی بەستراببوو بە چاودێری کردنی دەرگای ماڵەکەیان، بەڵام سەربازەکان دەیشکێنن و دەچنە ناو ماڵەکەوە، ئەمە بەلای منەوە دیمەنی سنووربەزاندنی تەواوی وڵاتێکە، کچێکی گەنج کە لەرووی شۆک (یدمە)وە دوچاری وەهم دەبێت و ورێنان دەکات، ئەو لەزەینی خۆیدا هەموو وڵاتەکان دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، لەنێو رەزدا لەباتی هێشووە ترێ؛ دەست و پێ و سەر دەبینێ و وادەزانێ لەباتی شیر خوێن لە گامێشەکان دەدۆشرێ، لەنێوشاردا لە کۆمەڵێ منداڵ نزیک دەبێتەوە بەڵام ئەوانیش پۆستاڵی گەورەی پیسیان لەپێدایە، چاوەکانیان بوونەتە کەللابەردو بێهەست و نامرۆڤانەن، ئەمە نیشانەی لاوێکی لەدەستچووە، لاوێک کە بۆتە ئامێرێک بۆ جەنگ.

* لە کتێبی دیکەتاندا (ناسنامە) باس لەچارەنووسی هەرزەکارێک دەکەن کە دایکی لەترسی ئەوەی بە زۆرەملێ لە سوپادا ناونووسی بکەن دەیشارێتەوە.

* بەڵێ، ئەم چیرۆکە سیمبوڵی چارەنووسی میللەتێکە کە جەنگێکی زۆر بێمانا بەسەریەوە بۆتەبار، دوو زلهێز واتە ئەمریکاو روسیا شوێنێکی گونجاویان بۆ بەرێوەبردنی جەنگی سارد دۆزیبۆوەو ئەفغانیەکان بووبوونە قوربانیی ئەم جەنگە، دوو زلهێز سودیان لە بیروباوەڕو تووڕەیی ئەوان بەرامبەر بە داگیرکەران وەردەگرت، ئەوان (ئەفغانیەکان) بوونە ئامراز بۆ

ئایدیۆلۆژیایەک کە هیچ پەیوەندیی بە بەرژەوەندی وڵاتەکەیانەوە نەبووە، ئەم شەڕی براکوژییە درێژەی دەکێشاو ڕەهەندی دیکەی وەک جەنگی نەتەوەیی و زمانیی بەخۆیەوە دەبینی .

* بەڵام ئایا ئەفغانیەکان نەیاندەتوانی ڕێگایەکی دیکەی جیا لە قەبووڵکردنی یەکێک لەم دوو لایە هەڵبژێرن؟

* بەداخەوە تەنها ئەم دوو جەمسەرە هەبوون، بەڵام زۆرینەی خەڵک واتە ئەو گروپەی کە بێدەنگ بوون، هیچ کام لە لایەکانی قەبووڵ نەبوو، خانەوادەی منیش لەڕیزی ئەم گروپەدابوو، بەلای ئەم گروپەوە کوشتنی هەردوو لایەن مەترسیدار بوو، بەوپێیەی کە هەردوولا ئەفغانی بوون و دەبێ بزانین کە میللەت وەک دیوار وایە هەر خشتێکی لی بکەوێ دیوارەکە وردە وردە دادەڕمێ.

* وەک نووسەرێک چۆن ژیانت لە سەردەمی ڕژێمی سۆڤێتی بردەسەر؟

* ڕژێمی تازە، هێنان و وەرگێڕانی هەموو کتێبەکانی دەرەوەی قەدەغەکردو تەنانەت دانراوە کلاسیکیەکانی فارسیشیان سانسۆر کردبوو، تەنها کتێبە ڕووسییەکان کە بەهۆی تاجیکیەکانەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فارسی، لە بەشی کتێبە بیانییەکانی کتێبخانەکاندا دەستدەکەوتن، خوێندنەوەی ئەو کتێبانە هەستێکی وایان لای مرۆڤ دروستدکرد کە بەهۆی ئامێرەوە نووسرابن نەک لەلایەن مرۆڤەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاکاری سەرنجڕاکێشمان دەدۆزیەوە، مەبەستم شاکارەکانی جەنگیز ئایتماتۆفە، نەمدەتوانی باوەڕ بکەم لە جەرگەی قەرغیزستان و لەژێر دەسەلاتی ڕژێمێکی ئاوادا، نووسەرێک لەم ئاستەدا بوونی هەبێ، کتێبی کەشتیە سپیەکە ( پاریس بڵاوکراوەی ئەسکاند- ڕۆژگاری هاوچەرخ،١٩٧١) وای لێکردم پەسەندی بکەم، ئەم کتێبە بەگوتنی هیچ هەموو نەگوتراوەکانی ئاشکراکرد، لەدوای ئەوە ئایتماتۆف بەلای منەوە وەک تیشکێکی هیوابەخش وابوو.لە بارودۆخێکی وادا نووسەر دەبێ ڕێچکە ئەدەبییەکان بدۆزێتەوە تا بتوانێ پەیامی خۆی بەخوێنەرانی بگەیەنێ، خۆشبەختانە سانسۆرەکان ئەوندە پێگەیشتوو نەبوون و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ئەدەب نەبوو، یەکێتی نووسەرانی ئەفغانی، کە لە بڵاو کردنەوەی کتێب چالاک و بودجەیەکی زۆری لەبەردەستدا بوو دانراوی زۆرێک لەشاعیرو ڕۆماننووسەکانی بەچاپگەیاند.



* لە سەردەمی کشانەوە (دەرچوونی سۆڤێت) پێشبینی چ ئایندەیەکت بۆ وڵاتەکەی خۆت دەکرد؟

* لەهەندێ هەلومەرجی مێژووییدا نەدەکرا پێشبینی هیچ شتێک بکەی، دوای ئەو ڕووداوانەی کە دوای ١٩٧٣ڕوویاندا، هێشتا چەندین ڕووداوی غافڵگیرانە لەچاوەڕوانیماندابوون، هەموو شتێک بۆی هەبوو ڕووبدات و هیچ شتێک پێشبینی نەدەکرا، بەدڵنیاییەوە ئێمە لەو سەردەمەدا دەمانتوانی زۆر بە خێرایی بڕیارە دروست و ژیرانەکانی خۆمان بدەین، تا ڕێگا لە هەرەس بگرین، بەڵام ئێمە هەموو ئەو هەلومەرجانەمان لەدەستدا، دواتر گیرۆدەی تالیبان بووین، ئەوان هیچ شارەزاییەکیان لە ئەفغانستان نەبوو، لەمنداڵیەوە لە قوتابخانە تایبەتیەکانی پاکستان خرابوونە بەر فێرکردن و تەنها شەیدای وێرانکردن بوون ودەیانویست هەموو شتێ وێران بکەن، من لەیەکێکم بیست هەموو ڕەزەکانیان گرتیبەرداو دارفستقەکانیان لەڕەگوڕیشەوە هەڵکەندبوو، فستق بەیەکێ لەو بەروبوومە بنەڕەتیانە دادەنری کە ئەفغانستان دەینێرێتە دەرەوە. هەموو کارەکانی تالیبان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەچووە پێش، پاشکۆبوونی تەواوی وڵات و نەبوونی کشتوکاڵ و سیستەمی ئاودێری و ئابووری وەک وڵاتێکی تەواو وێران وایە، لەسەردەمی سۆڤێتیەکاندا زرێپۆشەکان حوکمڕانیان دەکردو لەسەردەمی تالیبانیش ئاگری تالیبان هەبوو، کە ئێمە پیادەی زێدەڕۆیی سیاسەتمان دەکرد، دواتر نۆرەی زێدەڕۆیی تالیبان هات، کە هەرجۆرە زێدەڕۆیی و دەمارگیریەک، بەهەر ڕەنگ و شێوەیەک بێ بەجۆرێک لە نەفامی وگێلی کۆتایی پی دێ.

* ئێوە لەساڵی ١٩٩١کۆچتانکرد بۆ فەرەنسا، واتەهەموو دەورانی ڕژێمی سۆڤێتت تاقیکردۆتەوە بەڵام بەرلە هاتنەسەر حوکمی تالیبان وڵاتەکەتان بەجێهێشت، بۆچی؟

* نەمدەویست وڵاتەکەم جێبێڵم، بەڵام بارودۆخی کابوول زۆر ترسناک بووبوو، بەهۆی بۆردومانی بەردەوامیش قوتابخانەکان داخرابوون، ئەوکاتە دووکچم هەبوو تەمەنیان حەوت ساڵان و یانزە ساڵان بوو (ئێستا سێ کچم هەیە) دەمویست ماوەیەک لە ئارامیدا بژین، ئەوەبوو لەشاری مۆنپلی نیشتەجی بووین، بەڵام نەماندەویست لەوێ

بمێنینەوە، تەنانەت زاتی ئەوەمان نەدەکرد وەک پێویست هەوڵ بۆ بەپەناهەندەبوون بدەین و پەساپۆرتمان بنێرینەوە، چەندجار بە کەلوپەلەکانمەوە چوومە دەزگای پۆستە کەچی نەمناردنەوە، بەڵام کاتێ لەساڵی١٩٩٤ مێردەکەم گەیشتە لامان، تێگەیشتم کە لەدوای خۆمەوە هەموو پردەکانم تێکوپێکداوە، دەبوایە بەو باوەڕەوە بژیم کە من نیشتمان و شارو ماڵەکەم نابینمەوە.

* دواتر هیچ پەیوەندیەکت بە ئەفغانستانەوە هەبوو؟

* ئەو دۆستانەی کەئێمە هەمانبوون هەموویان رۆیشتبوون، هەروەها خانەوادەکەی منیش، ئێمە تائەوکاتەی کە لەتوانامانداببوو لە وڵاتەکەماندا ماینەوە، من هەمیشە دەڵێم دەکرێ جێگای هەموو شتێک پڕبکرێتەوە، بەڵام جێگای نیشتمان مەحاڵە، ئەمڕۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم هەرهەموویان لەدەرەوەی وڵاتەکەمان دەژین.

* ئایا هیچ پەیوەندیەک لەنێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئەفغانی لەدەرەوەی وڵاتدا هەیە؟

* چەندین ئەنجوومەن و رۆژنامەو گۆڤار هەن، بەڵام پاراستنی ئەم پەیوەندیە زۆر زەحمەتە، لەلایەکەوە پەناهەندەکان لەرووی ئابوورییەوە ناتوانن پەیوەندی بەردەوامی خۆیان دابین بکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەفغانیەکان دوورەوڵاتیان ئەوەندە نەبینیبوو، کۆچی ئەفغانیەکان بەر لەسەردەمی سۆڤیێتی بوونی نەبوو، خەڵکی ئێمە زۆر پەیوەستن بە خاک وخانەوادەکانیان، بەڵام ئەمڕۆ لە ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەداو ئوستralیاو ئاسیا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، زۆربەی پەناهەندەکان زمانی ئەو وڵاتە نازانن کە تێیدا دەژین و بۆئەوەی کەخۆیان رابهێنن پێویستیان بە٥- ٦ ساڵ هەیە، گورزێکی زۆر کوشندەیە کاتی مرۆڤ ناچاربێ داڵدەیەک لەشوێنێکی دوور لەوڵاتی خۆی بدۆزێتەوە، نزیکەی ٢٠ ساڵ جەنگ درێژەی کێشا، نەوەیەک لەدەستچوو، ئەنجامی ئەم جەنگە شەش ملیۆن پەناهەندەی ئەفغانی بوو، ئەم ژمارەیە ترسناکە، پەرشوبڵاوکردنی میللەتێک بە دنیادا ساناترین رێگایە بۆ لەناوبردنیان.

* دەتوانی چ ئایندەیەک بۆ ئەفغانستان پێشبینی بکەی؟

* پێشتریش گوتم دوای ساڵی ١٩٧٣ نەتوانراوە هیچ شتێک پێشبینی بکرێت، ئێستاش بەهەمان شێوە ناتوانی پێشبینی هیچ رووداوێک بکەی، بەڵام ئێستا هیوا هەیە، رەنگە



رێگاچارە لای زاهیرشا بێ، شای پێشوو تاکە کەسێکە کە هێشتا جێگای متمانەی هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستانە، بەڵام دەبێ دەستوبرد بکات، کات تێپەڕی، وڵاتەکەم لە سەروبەندی لەدەستدانی نەوەیەکە، بەو پێیەی کە منداڵان دەستیان بە قوتابخانەو فێربوون راناگات، هەمووومان دەزانین کە ئەمەمافێکی بنەڕەتی وبنچینەیی هەموو منداڵانی دنیایە.

* بۆچی بۆ منداڵە کچەکانی ئەفغان ئەم مافە هەمیشە وەک خەونێکی مەحاڵ دێتەبەرچاو؟

* بارودۆخی کوڕانیش باشتر نیە، بەهۆی نەبوونی مامۆستاو بەڕێوەبەرو پێویستیەکان، قوتابخانەکان کەمبوونەتەوەو خۆشگوزەرانیش بوونی نیە.

* لەگەڵ ئەمەشدا خەڵک بۆ دابینکردنی لانی کەمی فێربوونی خۆیان دەستەوەستان دانەنیشتوون؟

* بەڵی، لە رابردوودا لە کابوول قوتابخانەی نهێنی هەبوون، ئەوانیش دایکان بوون کە لە ماڵەوە وانەیان بەکچەکانیان دەگوت، تاڕادەیەکیش بە جۆرێک لە بەرگریکردن دەژمێردرا، دەبوایە زۆر قارەمان بوونایە، چونکە ئەمە بەکارێکی نایاسایی لەقەڵەم دەدرا، رژێم زۆر بەتوندی رووبەرووی هەر کارێکی نایاسایی دەبۆوە، تەنها ئەوەندە بەس بوو کە یەک کەس جا هەر کەسێ بوایە گوناهێکی گەورەی بدایەتە پاڵ ژنێک، تەنانەت ئەگەر بەڵگەش نەبوایە ئەو ژنە بەردباران دەکرا.

* پیاوان و مێردان، یا کوڕان چ کاردانەوەیەکیان سەبارەت بەمجۆرە سزایانە نیشان دەدا؟

* تالیبان نزیکەی ٩٠%ی وڵاتەکەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، راگەیاندنەکانی لێبوردنی نێودەوڵەتی و دەستەی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بخوێننەوە، ئەوانیش باس لەهەمان تاوانکاری دەکەن، جگە لەکەمینەیەکی نەژادی کە دەستەمۆ ببوون و لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا مت ببوون، هەموخەڵکی ئەفغانستان بەرەوڕووی هەڕەشەی سزادانەکان وهەمووجۆرە

ترساندن و سوکایەتی پێکردنێک دەبوونەوە، زۆرترین ئەو کەسانەی کە لەکابوول مانەوە ئەوانەبوون کە نەیانتوانیبوو رابکەن، جا بۆئەوەی گیانی خۆیان لەدەست نەدەن ناچاربوون گوێڕایەڵی یاساکان بن، ئەو یاسایانەی کە بەشێوەیەکی باوەڕ نەکراو گێلانەبوون، بۆیان گێرامەوە کە ئەفغانیەک لە پاکستان دەژیاو لەوێ کۆچی دوایی کرد، لە وەسیەتنامەکەیدا هاتبوو کە حەز دەکات لە کابوول بینێژن، خانەوادەکەی بڕیاردەدەن تەرمەکەی لە تابووتێکدا بگوازنەوە بۆ پایتەخت، کاتێ کە گەیشتنە خاکی ئەفغانستان، تازیەدارەکان رادەگرن و بە بەهانەی رێوشوێنە ئەمنیەکان داوادەکەن ناو تابووتەکە ببینن، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوەکە ریشی نەبووە (لە پاکستان بە پێچەوانەی ئەفغانستان بەردانەوەی ریش ئارەزوومەندانەیە) ٨٠ جەڵدە لە تەرمی مردووەکە دەدەن، ئەمە واتای شێتایەتیەکی تەواو دەگەیەنێت.

* ئێمە لەچەند وڵاتێکی دنیادا زێدەڕۆیی ئاینی دەبینین، ئەم زێدەڕۆییە چۆن هاتۆتە ئاراوە؟

* پێموایە دوو هۆکاری بنەڕەتی کە بەشدارن لە برەوپێدانی زێدەڕۆیی ئاینی، نەخوێندەواری و جەهالەتە، ئەم دوو هۆکارە دەبنە هۆی تێنەگەیشتن یان بەهەڵە تێگەیشتن لە ئاین، بەم ناتەواوییە ناکۆکی نێوان نەوەکان و دوورکەوتنەوەی نێوان ژینگەی دێهاتی و شارستانی زیاتر دەبێ، نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ کە زۆربەی ئەندامانی ئەم بزووتنەوانە پەیوەستن بە ژیانی دێهاتیەوەو بەشێوەیەکی گشتی بەچاوێکی بەدبینانەوە دەڕوانن هەر نوێگەری و ئازادیەک و بە جۆرێک لە هەڕەشەی دەزانن. وێرای ئەوەی کە چەند ساڵێکە جیهانگەرایی و شێوەکانی دیکەی پێشکەوتن کە لە بەرژەوەندی ئابووری وسیاسەتی وڵاتە گەورەکانی پیشەسازین، بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر باڵیان بەسەرئەم وڵاتانەدا کێشاوە، رەنگە کۆنەخوازەکان کەوتبنە ترسەوەو بۆ دابینکردنی ژیان و مانەوەیان هەوڵبدەن چالاکیەکانی خۆیان بەهێز بکەن، بەهەرحاڵ پەرەسەندنی ئەم زێدەڕۆیی ئاینیە، گورز لە ئاین دەوەشێنێت، بەوپێیەی کە روخسارێکی ناتەواوی ئاین نیشان دەدات.



* ترس لە جەنگ سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی چیرۆکەکانتانە، ئێستا بیرت لای چیە؟

* بەرلەوەی کە نووسەربم ئەفغانیم، پێموایە ئەفغانیەک لەوکاتەدا هەربیری لای کابووسێکە کە ٢٠ ساڵ خەڵک دەستەویەخەی بوون، بەر لەهاتنە سەرحوکمی تالیبان٤٠%ی مامۆستایان ئافرەت بوون، ئەمە نیشاندەری ئاستی بیرکردنەوەی ئەوان بوو، ئەوان لەکۆمەڵدا دەرکران، بارودۆخی جەستەیی و هزری و دەروونییان مایەی نیگەرانی بوو، مافی ئەوەیان نەبوو بچنە لای پزیشکی پیاو، لەوەش خراپتر ژمارەیەکیان وەک کاڵا بۆ پاکستان دەرفێنران، لە هیچ کاتێکی رابردوودا بەمجۆرە سووکایەتییان پێ نەکراوەو هیچ کاتێک ئەفغانستان ئەوەندە زەلیل نەبووە، چی لە وڵاتەکەماندا ماوەتەوە؟ خاکێکی بێ کەلک، بەمین چێنراو، لەگەڵ هەزاران بێوەژن و بێ سەرپەرشت و پەککەوتە، خاکێک کە بەهۆی جەنگ و سەرماو وشکەساڵی و نەهاتی لەکەلک کەوتووە، ملیۆنەها ئاوارە کە زۆربەیان لە ئۆردووگاکانی سەر سنوور لە بارو دۆخێکی نامرۆڤانەو بێ هیچ جۆرە هۆکارێک بۆ گوزەراندنی ژیان، دەژین، ئەوەی کە لە ئێستاو داهاتووشدا دەینووسم ناشێ شتێک بێ جگە لەم بابەتە.

**سەرچاوە:**

**جام جم، ١٧ی ئەپریلی٢٠٠٤، وەرگێڕانی**

**بۆ فارسی: همایون ربیع زادە**



# فرانسوا ساگان:

## رۆژگارو ئارەزووەکان کتێبی نوێ دەخوڵقێنن

* سالّی ٩٠ ئێوەیان مەحکوومکرد بە شەش مانگ بێگاری و دە هەزار فرانک سزای مالّی ئێستاش وەک ئەوەی ئێوە...

_ بەهۆی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکانەوە خەتاباریان کردووم، بەهۆی بەکارهێنانی کەمتر لە دوو گرام کۆکاین لە مانگێکدا! من لەمبارەیەوە هیچ کاتێک قسەم نەکردووە.

* ئەگەری زیندانی کردنتان هیچ راستییەکی تێدایە؟

_ ئەگەر مەنتیقیانە رەفتار بکەی، پێویست بە چوونە زیندان ناکات. بەلاّم کێ دەزانێ! دەترسم ناچار بە نووستن لە نەخۆشخانەم بکەن.

* ئایا بەمە رازی دەبیت؟

_ هەرگیز، من منداڵ نیم وئەگەر حەزمکرد مافی ئەوەم هەیە کە خۆم بکوژم، بەلاّم هێشتا لە دنیا بێزار نەبوویمەو ژیانم خۆشدەوێت، ئەگەر ئازادیم زەوت بکەن، هەنگاوی جددی دەهاوێژم.

* مەبەستتان لە (هەنگاوی جددی) چییە؟

_ بۆئەوەی نەچمە زیندانەوە بۆ ولاّتێکیتر کۆچ دەکەم یان خۆم دەکوژم، ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە ئازادیم لێ زەوت بکەن، مردن نامترسێنێت، ئەگەرچی مردنی کەسانی نزیکم دەمترسێنن، بەلاّم هیچ ترسێکم لە کۆتایی هاتنی ژیانم نییە.

* ئایا لەمبارەیەوە لەگەڵ سەرۆک کۆمار (فرانسوا میتران) قسەت کردووە؟



_ کە تازە گواستبوومەوە بۆ مالّە نوێکەم پەیوەندیی پێوەکردم، دەیگوت ئەم بابەتە ئەوەندە پەسەند نیە، ئێمە بەشێوەیەکی رێکوپێک پەیوەندیی تەلەفۆنیمان هەیە، بەلاّم گفتوگۆکانمان زیاتر دەربارەی ئەدەبیاتە نەک دەربارەی سیاسەت و ژیانی تایبەت.

* ئەوکاتەی کە سەرۆک کۆمار بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانە خەوتبوو، سەردانتکرد؟

_ هەوڵدەدەم لەکاتی وادا بەرەورووی ئەو نەبمەوە.

* ئێوە هەمیشە چاکەتان لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتان کردووە، ئەوان هەمیشە سوودیان لە میهرەبانییەکانی ئێوە وەرگرتووە، دەشێ ئێوە یەکێ بن لە سەخاوەتمەندترین مرۆڤەکان، برادەرەکانتان بەرامبەر بەم رەفتارەی ئێوە چ کاردانەوەیەک نیشان دەدەن؟

_ من لەگەڵ هیچ کەسێک کێشمەکێش ناکەم، گوێنادەمە ئەمجۆرە مەسەلانە، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم زۆر میهرەبانم ئەوانیش وادیارە دلّرەق نین، تەنها لەناو ترس و تۆقیندا پەلوپۆ دەکوتن... پارە لە گیرفانمدا نامێنێت، دەتوێتەوەو دەڕوات، پارە بەهەدەرنادەم و هەمیشە هەوڵ دەدەم کەسانی دیکەش سوود لە پارەکانم وەربگرن.

* زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆشت دەویستن، بەم دواییە دنیایان جێهێشت، وا دێتە بەرچاو کە ئێوە بە داوێکی باریکەوە بە ژیانەوە بەسترابنەوە.

_ لەڕاستیدا زۆربەیانم بۆ ئەو دنیا بەڕێکردوون...تەنهایی، نامترسێنێت، بە پێچەوانەوە هەوڵدەدەم تەنهابم، تەنها لە تەنهاییدا دەتوانرێ دەستاوێژەکانی عەشق و موحیبەتی رەها دەستەبەر بکرێت.

* ئایا دەزانیت وەرزی داهاتووی ژیانتان چۆن دەگوزەرێ؟

_ هەندێ جار بە گەشبینییەوە تەماشای هەموو شتێک دەکەم، هەندێکجاریش رەشبینی هەموو شتێک دادەپۆشێت.

* ئایا ئەو دەنگۆیانەی دەربارەی ئێوە دەگوترێن راستن؟

_ هەرگیز، هەندێک دەڵێن پیر بوویمە... من حەزم لە روون و ئاشکراییە، خزمایەتیی نێوان مرۆڤەکانم پێ جوانە کە بە شێوەیەکی سادە شێوە دەگرێت، هەندێ بەسەرهاتی عاشقانەیان بەناوی منەوە دروستکردووە کە هەرگیز روویان نەداوە، چێژ لە گوێلێگرتنیان وەردەگرم، بەلاّم ژیانی من خالّییە لەو ئەفسانانەی کە

دەربارەی من دروستیانکردووە، ژیانی من زۆر سادەیەو تەنها شتێکم خۆشدەوێ، ئەویش ئەدەبیاتەو هیچیتر.

* خۆتان بە نووسەرێکی گەورە دەژمێرن؟

_ نەخێر، بێگومان نووسەرێکی بچووکیش نیم، ئەگەرچی هەندێ کەس سورن لەسەر ئەمە، ماوەیەک خۆیشم لەبیری ئەمەدابووم، بەڵام توانای من زۆر لە سەرووی ئەو شتەیە کە زۆر کەس بۆی دەچن.

* ئێوە لە شوێنێکدا نووسیوتانە (ساڵانێکی دورو درێژ تێپەڕی تا رەخنەگران دان بەوەدا بنێن کە من بەرهەمی رێکلامە رۆژنامەنووسییەکان نیم) ئایا ئەمە هیوابڕاوتان دەکات؟

_ جاران بەڵێ، بەڵام ئێستا نا، پرۆست و داستایۆڤسکی نووسەری گەورە بوون، توانای مەزنی ئەوان لەمندا نییە، من پازدە ساڵ خۆم بە نووسەرێکی مامناوەندی دادەنا، ئەگەرچی سەیر دێتە بەرچاوان، بەڵام دوای لەدایکبوونی کوڕەکەم، خۆم بە شێوەیەکی دیکە هەڵسەنگاند، لەم رووەوە زیاتر بیرم کردەوەو بەو دەرەنجامە گەیشتم کە نووسەرێکی بێ توانا نیم.

* ئایا ناترسیت لەوەی کە چیتر نەتوانیت بنووسیت؟

_ دەترسم چونکە زۆر تەمبەڵم، حەزیش دەکەم دەست بۆ هیچ کارێک نەبەم، بەڵام رۆژگارو ئارەزووەکان کتێبی نوێ دەخوڵقێنن و کاتێ دەست بۆ قەڵەم دەبەم ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێت بمگەڕێنێتەوە.

* ئایا لە دەزگا ئەدەبی _ رۆشنبیرییەکان هاوڕێ و ئاشنات هەیە؟

_ نا، تازەکارەکان وەک ئەو هونەرمەندانەی کە تازە دەستبەکار بووینە، هەموویان رووم لێ وەردەگێڕن و من ناچار دەبم پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە بکەم، ئێستا جگە لە بێرنارد فرانک کە زۆرم خۆشدەوێ، بەدەگمەن گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرانی دیکە دەکە م.

_ ئایا درۆ دەکەیت؟



* زوو_ زوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە من حەزم لە درۆیە، من لە پێناوی رێگرتن لە کارەساتێکی نەخوازراو، یا نەوەکا دڵی کەسێک بشکێنم، ناچارم درۆ بکەم، بێگومان خێرخوازییەکی گەورەش لەنێو ئەم کارەدا شاردراوەتەوە، گەروانەبوایە نە ژیانی خێزانی دەیتوانی بەردەوام بێت، نە کۆمەڵگا.

* وای بۆ دەچیت کە کارەکانی (ساگان) دوای سەد ساڵی دیکەش بخوێنرێتەوە؟

_ ئەگەر لەماوەی رۆژێکدا شتێک نەخوێنمەوە هەست بە شتێکی خراپ دەکەم . ئایا دوای سەد ساڵی دیکە لەڕاستیدا کتێب دەخوێننەوە یان نا؟ مەسەلەکە ئەمەیە!.. بەڵام ئەگەر راستیت دەوێ بەلای منەوە هیچ فەرقی نییە دوای سەد ساڵی دیکە کارەکانی من بخوێننەوە یان نا، ئەدەبیات و نەمری زۆر کەم سەرنجی من رادەکێشن.


* دەتانەوێ چ شتێک وەک میراتی خۆتان بۆ مرۆڤەکان جێبهێڵن؟

* یادەوەریی جوان، کاتێ بیر لە رابردووم دەکەمەوە، سەرم گێژ دەبێت، ژیانی من رێک وەک ژیانی دەربازبووی نقوومبووەکان وایە، دەشێ بڵێم بەخت هەمیشە یاریدەی داوم، بێگومان ئەگەر چەند رووداوێکی لێخوڕینی ئۆتومبێل و یەک دوو رووداوی عاشقانە لەبەرچاو نەگرم، دەبێ دان بەوەدا بنێم بێ ئەوانەش دەشیا بژیم.

**سەرچاوە:**

**ادبیات داستانی،ژمارە٣٧، لاپەرە٣٨،**

**ساڵی ١٣٧٣، وەرگێڕانی رفیع غفارزادگان**



# کارلۆس فۆینتس

## ئاشەکانی با بەهێزن

* ئێستا کە سەدەی بیستەم کۆتایی هاتووە، ئایا دەکرێ بڵێین کە بنچینەی پێشکەوتنە هونەری و ئەدەبییەکانی مەکسیک چییە؟

* هەڵبەت ئێمە ناسنامەیەکی سەربەخۆمان دەستکەوتووە، ئێستا ناسنامەی بەهێزی مەکسیکی هەیە، من هەرگیز وەک ئەو مرۆڤانە نیم کە باس لەکاریگەرییەکانی ئەمریکا بەسەر کەلتووری مەکسیکییەوە دەکەن، دەکەونە شیوەن و وەک گورگێک باس لە ئەمریکا دەکەن، من نیگەرانی ئەم کاریگەرییانە نیم، چونکە ئەم کاریگەرییانە زۆر رووکەشن، من هەمیشە پرسیومە کە چ کەسێک لە میکی ماوس دەترسێت؟ کەلتووری مەکسیک مێژوویەکی پڕ بەرهەمی هەیە، پێموایە کە بوونی کەلتووری مەکسیکی لە وولاتە یەکگرتووەکان بایەخدار بێت و بەقەد ئەو کاریگەرییە بێ کە کەلتووری ئەمریکی لە مەکسیک هەیەتی، (رەنگە لەو کاریگەرییەش زیاتر بێت) بەو پێیەی کە بوونی کەلتووری ئەمریکی زۆر رووکەشە، بەڵام کێشەیەک لە مەکسیک وبەرازیل و ئەرژەنتین وشیللی هەیە، ئێمە دوای تێپەڕینی ٢٠٠ ساڵ بەسەر وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بە ناسنامەی خۆمان گەیشتووین، ئێستا پێویستە بیر لە پەرەپێدان بکەینەوە، ناسنامە لە پلەی یەکەمی گرنگی دایە، بەڵام ئێستا نۆرەی پەرەپێدانە، رێزگرتنی ئاینەکان، رەگەزەکان و پەرەپێدانی سیاسی، ئەم مەسەلەیە کێشەی ئەمڕۆمانە.



* زۆرچاکە، ئێستا کە باس لە ئەمریکاییەکان دەکەین، دەمەوێ بپرسم: بەبۆچوونی ئێوە تێڕوانینی ئەمریکا بۆ مەکسیکییەکان چۆنە؟ بەتایبەتی ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی مەکسیک دەچنە ناوچەیەکەوە کە سەردەمێک لە رووی جوگرافییەوە پەیوەست بوو بە قەڵەمڕەوی مەکسیکەوە؟

* هەستی دژەئەمریکایی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین کزبووە، هۆیەکەشی ئەو راستییەیە کە لەکاتێکی دیاریکراودا، زۆربەی ئێمەو بە پلەی یەکەمیش نووسەران بەو ئەنجامە گەیشتین کە بڵێین: وەرن واز لە کەموکوڕی رابردوو بێنین، وەرن واز لە تاوانبارکردنی سەرکەوتنی ئیسپانییەکان یان کاریگەرییەکانی بێگانە بێنین، وەرن هەوڵدەین بۆئەوەی کێشەکەمان هەر لێرەدا چارەسەر بکەین و بزانین کە ناسنامەیەکی زۆر باوەڕپێکراومان هەیە، رەنگە پاڵەپەستۆی دەرەکی هەبێت، بەڵام ئێمە دەبێ کێشەکانمان هەر لێرەداو لە دێهات و شوێنەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، وەک چۆن کەلتووری خەڵکی ئیسپانیا کاریگەریی خۆی دەخاتە سەر کەلتووری ئەمریکایی، ئێمەش دەمانەوێ لەسەدەی داهاتوودا لە کۆمەڵگایەکدا بژین کە کەلتوورێکی پەرەسەندووی هەبێت، وڵاتە یەکگرتووەکان تەنها وڵاتی ئەنگلۆساکسۆنەکان نییە، ئەمریکا وڵاتی ئیسپانی زمان و ئاسیایی و هیندییەکانە، ئەمریکا وڵاتی رەشپێستەکانیشە، ئەمریکا وڵاتێکە بۆ رەنگە جۆراوجۆرەکان بە فەرهەنگێکی پەرەسەندووەوە.

* ئایا پێت وایە پەیوەندیی نێوان مەکسیکییەکان و مەکسیکی_ئەمریکییەکان لەئەنجامی لەیەکتر نزیکبوونەوەو یەکترناسین بگۆڕێت؟

* بەڵێ هەروای بۆدەچم، هێشتا قسە لە جیاوازییەکان دەکرێت، هەمیشە کێشە هەیە لەنێوان نەوەی نوێی کۆچبەرەکان و شەپۆلی رابردوو کە دەکەونە بەر ئازارو ناڕەحەتییەوە، بەڵام هاوکات ئەم شەپۆلی رابردووە پێگەو ناسنامەیەک وەدەست دەهێنێ کە جیانییە لە رەگوڕیشەکانی ئەمریکای لاتین، کاتێ کە یاریدەدەری فەرمانداری ویلایەتی کالیفۆرنیا (کرۆز باستامانتێ) یەکەمین سیاسەتمەداری مەکسیکی _ ئەمریکاییە کە دەگاتە ئەم پلەو پایەیە،

سەرۆک کۆماری مەکسیک دەچێتە (ساکرامانتۆ)ی ناوەندی ویلایەتی کالیفۆرنیاو بە زمانی ئیسپانی دەدوێت، (گری دیڤیس) بە ئیسپانی دەدوێت، (کرۆز باستامانتێ) بەئیسپانی دەدوێت، بۆیە کەلتووری مەکسیک ئامادەیەو شایانی قەبوولکردنە، تەنانەت جۆرج بۆش و ئالگۆڕیش بە ئیسپانی دەدوێن، من خۆم کاتێ کە منداڵ بووم بەرەوڕووی نەفرەتلێکردنی ئەمریکاییەکان لەلایەن خەڵکی ئەمریکای لاتین و ئیسپانی زمان بوومەوە، کە چوومە تەکساز لەسەر دەرگای رێستورانتەکان نووسرابوو (چوونە ژوورەوەی سەگ و مەکسیکییەکان قەدەغەیە) بەڵام ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە.

* وادێتە بەرچاو کە بە درێژایی مێژوو، هەمیشە هونەرمەندانی مەکسیک و ئیسپانی زمان بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکان، باشتر توانیویانە رۆڵی سیاسی لە ئەستۆ بگرن و پەیامە سیاسییەکان بگەیەنن، ئێستا ئەم هونەرمەندە دەتوانێ ببێتە بۆیەچیی دیوار؛ کە پێشتر دەربارەی ئەو دواین، یان شاعیرێک کە هەوڵ دەدات ببێتە سەرۆک کۆمار، رۆڵی هونەرمەندان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەمریکای لاتین چ جیاوازییەکی هەیە؟

* ئەمریکاییەکان لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا، تارادەیەک کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بە توانایان هەبوو، لە هەمان کاتدا گیروگرفتی زۆریشیان هەبووە، چونکە ئەوان کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بە ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانی ئاسوودە گەیشتن بەڵام بەرامبەر بە رەشپێستەکان و ژنان کەمتەرخەم بوون، کەچی ئێمە لە ئەمریکای لاتیندا دوای ساڵانێک ئەو شتانەمان وەدەست هێناوە کە بەدوایانەوە بووین، نووسەران لە بری ئەوانەی کە بێدەنگبوون، بێباکانەو بەراشکاوییەوە قسەیانکرد، لە سی ساڵی رابردوودا کە کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەمریکای لاتین گەشەی سەندووە؛ زۆرکەم پێویست بەوە دەکات کە نووسەران ببن بەگوتاربێژی کۆمەڵگا، خەڵک خۆیان رێکخستووە، چەندین رێکخراوی



ناحکوومی و لیژنەی ناوخۆیی و یەکێتی و هەرەوەزییەکانی جوتیاران هاتوونەتە ئاراوە، جولانەوە فێمێنیستی و هاوڕەگەزبازییەکان چالاکن و ملیۆنەها مەسەلەی جۆراوجۆر هەمەڕەنگییان بە کۆمەڵگا بەخشیوەو رۆڵی هونەرمەندیان کەمبایەختر کردووە، ئێستا گەیشتووینەتە خانەی یەکەم: (ئەرکی نووسەر چییە؟) بە شێوەی گشتی ئەرکی نووسەر نووسینە. پاراستنی زمان و بیرکردنەوە لە سەلامەتیی کۆمەڵگا پێویستە بەڵام ئێمە هاووڵاتین و وەک هاووڵاتی ئازادین لەوەی کە رای خۆمان بدەین و بیروبۆچوونمان ئاشکرا بکەین، یا ئەگەر بمانەوێ دەتوانین بێدەنگیش بین، ئەم بارودۆخە زۆر مۆدێرنترە لەو کاتەی کە هاونەوەکانی ئێمە زۆر بە جددی پێیانوابوو کە نووسەران دەبێ هەڵوێستیان بەرامبەر بەو کەسانە هەبێ کە ناتوانن بدوێن.

* دواجار ئامانجی نووسەر لە ئەمریکای لاتین یا لە هەرجێگایەکی دیکە چییە؟

* نووسەر پێمان دەڵێ کە مێژوو دوایی نەهاتووە، لە بەرامبەر ئەو بانگەشانەی کە جەخت لە کۆتایی مێژوو دەکەنەوە؛ نووسەر دەڵێ: (نا، مێژوو کۆتایی نەهاتووە) ئێمە دەبێ ئەمە بپارێزین و هەلومەرجی دیالۆگ ئامادە بکەین، ئێمە ناتوانین مێژوو بوەستێنین، چونکە ئەگەر کاری وابکەین دەبینە قوربانیی چەند دەسەڵاتێک کە بێ ئەوەی مێژوو پرسمان پێ بکات دەیانهێنێتەدی، نووسەر دەڵێ: دەبێ ئێمە وێنەی رابردوو بگرین، نووسەر دەڵێ : دەبێ لە کۆمەڵگایەکدا بە کەلتوورێکی هەمە چەشنەوە بژین، ئەوە نووسەرە کە دەڵێت: ئاشەکانی با بەهێزن، باوەڕ بکەن یا نەکەن!

**سەرچاوە:**

**شرق، ژمارە ٢٣٠/ ٣/ جولای ٢٠٠٤**

# شینگ ژیان



## نووسەر کەسێکی ئاساییە نەک گوتاربێژ

لە١٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤ (گابۆ شینگ ژیان) بوو بە یەکەمین نووسەری چینی کە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، وەک قوربانییەکیشۆڕشی فەرهەنگیی  چین و بەرهەڵستکارانی وەچەی (تیان ئان من) لە ساڵی ١٩٩٨بۆ فەرەنسا کۆچی کردو لەوێدا نیشتەجێ بوو.

– ئێوە چۆن خۆتان پێناسە دەکەن؟ دوورخراوەیەک یان نووسەرێکی داهێنەر؟

* من خۆم بە هاووڵاتییەکی جیهان دەزانم، مرۆڤێکی بێ دەسەڵات و ئازارچەشتوو، کە توانی لەدەست گێچەڵ و سووکایەتییەکانی دەوڵەت دەرباز بێت، کەسێک کە بەزمانی خۆی لەگەڵ جیهان دەدوێت.

– چۆن بوو کە رووت کردە نووسین و لەپاریس نیشتەجێ بوویت؟

* لە قۆناغی ئامادەیی خوێندندا، بەقەد ئەوەی کە لە بیرکاریدا باش بووم، لە هونەر یان دارشتنیش باش بووم، دایکم نەیدەویست هونەرە جوانەکان بخوێنم، لەو سەردەمەدا هونەرمەندان ژیانیان بە هەژاری بەسەردەبرد، رۆژێکیان زۆر بە رێکەوت پوختەیەک لە بیرەوەرییەکانی (ئیلیا ئەهرەنبورگ)م دەستکەوت، ئەهرەنبورگ باسی لە ژیانی خۆی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم لە پاریس کردبوو، دەیگوت رۆژێکیان ژنێک چووە ناو کافتیریایەکی پاریس و جگەرگۆشەکەی لەسەر مێزێک داناو رۆیشت، خاوەنی کافتیریاکە داوای لەهەموو



کڕیارەکانی خۆی کرد کە پارەی زیاد بۆ خزمەتکردنی منداڵەکە تەرخان بکەن ئەم چیرۆکە زۆر کاری تێکردم وئەو خولیایەی لا دروستکردم کە بچمە پاریس، هەر بۆیە بڕیارمدا کە فێری زمانی فەرەنسی ببم، دێتەوە یادم کە مامۆستا فەرەنسییەکەی منیش دەربارەی کافتیریاکانی پاریس هەستێکی نوستالژیانەی هەبوو، ئەو بەردەوام لەپۆلدا باسی ئەوەی دەکرد کە کافتیریاکانی پاریس چۆنن و وردەکارییەکانی بە تەباشیر لەسەر تەختە رەشەکەدا وێنە دەکێشا، من لە پازدە ساڵیدا کارەکانی (پرۆسپەر مریمێ)م خوێندبووەوەو لەکاتی خوێندنەوەیدا خۆم لە قوڵایی جۆش و خرۆشەکانی ئازادیدا دەبینی، ئەمە هەمان ئەو ئازادییە بوو کە لە وڵاتەکەی مندا بە پووچ و نزم دادەنرا، ئەم ئازادییە منی هێنایە فەرەنسا.

– بێگومان تا گەیشتن بە فەرەنسا بەرەورووی چەندین کارەساتی جەرگبڕ بوویتەوە؟

* لە سەرەتادا من وەرگێڕی نووسەرە کلاسیکییەکانی فەرەنسایی بووم، لە سەردەمی شۆڕشی فەرهەنگی لە ریزی سوپای سوور دابووم، دواتر داواکرام بۆ فێرکردنی ئایدیۆلۆژیا، لەوێدابوو کە تێگەیشتم من نووسەرم، ئەدەبیات توانا بە مرۆڤ دەبەخشێ تا ویژدانی مرۆڤایەتیی خۆی بپارێزێ، لە سەرەتای لاوێتیمدا دەمنووسی، سەرەتا شیعرم دەنووسی، دواتر ناچار بووم لە ناویان بەرم، بەردەوام لە ژێر چاوەدێری و گیرۆدەی ترسی تێکەوتن بووم، دواجار دیسان دەستم بە نووسین کردەوەو لەژێر ئەو لیفەیەی کە وەک دۆشەک بەکارم دەهێنا؛ دەمشاردنەوە، لە کۆتایی شۆڕشی فەرهەنگیدا توانیم دەست بە چالاکیەکانی خۆم بکەمەوەو کەوتمە وەرگێڕانی کاری نووسەرانی فەرەنسایی وەک یونسکۆ، یەکەمین کتێبی من کە بڵاو بۆوە دەربارەی هونەری چیرۆک نووسینی مۆدێرن بوو، بەم کتێبە بوومە ئامانجێک بۆ حکوومەت. وەک نوێگەرو گۆڕانخوازێک بۆ هێنانە ئاراو هاوکاری کردن لەگەڵ رۆژئاواییەکان پەراوێز خرام، بە ئالوودەبوونی

ڕۆحـی و دەروونـی تاوانبـارکرام، مـن کۆڵەگەکـانی ریـالیزمی شۆڕشـگێڕم ڕالەقانـدبوو، داوایـان لێکـردم کە لە چاپەمەنییەکانـدا ڕەخـنە لەخـۆم بگـرم، بەڵام مـن ڕەتـم کـردەوەو بە خـۆمم گـوت دەبـێ بەرگـری بـکەم، بڕیارمـدا بۆخـۆم بنووسـم، تەنـانەت ئەگەر چـاپیش نەکرێـت، بەمجۆرەبـوو کە مـن (کۆسارەکانی گیـان)م نووسـی، کە شـتێک دەخـاتەڕوو مـن بـاوەڕم پێیەتـی و چەنـد سـاڵێکم بـۆ نووسـینی تەرخـان کـرد، کتێبەکەم لە فەرەنسا تەواوکـرد، لێرە بـۆ سـیمینارێک بانگهێشت کرابـووم، بەڵام دواجـار لێرەدا مـامەوەو تـا ئەوکاتەی کتێبەکانم چاپکران لەڕێگای وێنە کێشانەوە ژیانم بەسـەر دەبرد.

– ئێوە شێوەکاریشن، چ جیاوازییەک لە نێوان خولیای ئەدەبی و شێوەکاریی خۆتدا دەبینی؟

* جیاوازی لە دەنگ دایە، مـن گـوێ دەگـرم، لەئەدەبدا وشـەو زاراوەکـان وەک دەنگ ڕاودەکەم، لە شێوەکاریدا هەموو شتێک لە جەسـتەدا سـەرچاوە دەگرێـت، مـن لەکاتی گوێگرتن لە مۆسـیقادا نیگـار دەکێشم، مـن عاشـقی مۆسـیقام، لەوکـاتەی کە منداڵبووم ڤیۆلۆن و فلووتم دەژەنی.

– لەکـاتی گوتـاربێژی لە سـویدا ئێـوە جەختتـان لەسـەر (نووسـین وەک بەربەستێک بۆ دۆزینەوەی مرۆڤ) کردەوە؟

* مـن دەمویـست ئەوە بەبیـر بهێنمەوە کە هەر نووسـەرێک تەنهـا کەسـێکی ئاسـاییە، نەک گوتاربێژێـک بـۆ مرۆڤەکـان، ئەدەب تەنهـا دەتـوانێ دەنگـی تـاکە کەسـێک بێـت، ئەو نووسـینەی کە بەسـترابێتەوە بە میللەت، یـان وڵات، یـان کەسـێکەوە، سروشـتی خـۆی لەدەسـت دەدات، ئیتـر ئەمە ئەدەب نییە، من خۆم باوەڕم بە ئەدەبی سارد هەیە، ئەو ئەدەبەی کە بەدوای قازانجەوە نییە، ئەدەبی تایبەت، من باوەڕم بە ئەدەبی ساتەوەخت هەیە، ئەدەبێک بۆ ژیان، ئێوە دەبێ بزانن کە چۆن سـوود لە ئازادی وەربگرین، ئەگەر ئەمەتان بۆ قەرەبووکردنەوە یان شتێکی دیکە بوێت، لەنێو دەچێت.

**سەرچاوە:**

**روزنامه شرق، شماره ۱۲۹، ۳۱ ژانویه ۲۰۰٤، وەرگێڕانی بۆ فارسی: ارمن نرسسیان**